# بیرەوەری

بەشێک لە شێعرەکانی

**سەید محممەد ئەمینی بەرزەنجی**

**( خاڵەمین )**

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emîn Şabazî

بسم الله الرحمن الرحیم

# بیرەوەری

بەشێک لە شێعرەکانی

## سەید محەممەدئەمینی بەرزنجی
(خاڵەمین)

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

سرشناسه : برزنجی، سیدمحمدامین، ۱۲۸۹ - ۱۳۷۱ .
عنوان و نام پدیدآور : بیره‌وه‌ری به شیک له شیعره‌کانی / سه‌یدمحه‌مه‌دئه‌مینی به‌رزنجی (خاله‌مین).
مشخصات نشر : ارومیه : حسینی اصل، ۱۳۹۶.
مشخصات ظاهری : ۱۴۵ ص.
شابک : 978-600-249-094--0
وضعیت فهرست نویسی : فیپا
یادداشت : کردی
موضوع : شعر کردی -- قرن ۱۴
موضوع : Kurdish poetry -- 20th century
رده بندی کنگره : PIR۳۲۵۶/س۴۳‌۱۳۹۶۷ ۴ب
رده بندی دیویی : ۸فا۹/۲۱ شماره کتابشناسی ملی : ۴۶۶۹۳۳۳

ارومیه : خیابان طالقانی تلفن ۳۲۳۵۲۴۰۳
entesharathoseini@yahoo.com

ناوی کتێب : **بیره‌وه‌ری**
نووسه‌ر : سه‌ید موحه‌ممه‌د ئه‌مینی به‌رزنجی (خاڵه‌مین)
پێداچوونه‌وه : دکتور سه‌ید عه‌زیز به‌رزنجی
سالی چاپ : ١٣٩٦ هه‌تاوی
ژماره‌ی به‌رگ : ٥٠٠ به‌رگ
ناشر : مؤسسه انتشاراتی حسینی اصل
شابک : ٠- ٠٩٤-٢٤٩-٦٠٠-٩٧٨

تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

**ئەو کتێبەم لە سەر ئەرکی خۆم چاپ کردۆوە، هەدیە دەکەم بە هاووڵاتیانم (بێ پارە).**

دوکتور سەید عەزیز بەرزنجی

# پێرست


١- پێشەکی ١ .......... ٨
٢- پێشەکی ٢ .......... ١٥
٣- حاجی شێخ مستەفا .......... ٢١
٤- قسەیەک لەگەڵ خوێنەر .......... ٢٤
٥- لە بارەی خاڵەمین .......... ٢٥
٦- سکاڵا و پاڕانەوە لە خودا .......... ٣٧
٧- خوداناسی .......... ٣٩
٨- بە یادی خوالێخۆشبوو «هێمن» .......... ٤١
٩- بە بۆنەی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو «هەژار» .......... ٤٢
١٠- چەند شێعرێک بۆ مامۆستا «هێمن» .......... ٤٤
١١- پرسیاری «مەسعوود حەسەنپوور» و وەڵامی خاڵەمین .......... ٤٥



تایبەترین پێگەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi


١٢- بەرەو پیری شێعرێکی مامۆستا «هێمن» .............................. ٤٦
١٣- بۆ گۆڤاری «سروە» .............................................. ٤٧
١٤- کۆکە ........................................................ ٤٨
١٥- لە وەڵامی «سەید کامیل زەنبیلی» ................................ ٤٩
١٦- بۆ پێشەوای مەزن «قازی محەممەد» ............................... ٥٠
١٧- جێژنی مەولوود و ئازادیی کورد .................................. ٥٢
١٨- بۆ حیزبی نوێ ................................................. ٥٣
١٩- بە بۆنەی ڕۆژنامەی کوردستان .................................... ٥٤
٢٠- خاکی وەتەن .................................................. ٥٥
٢١- بانەمەڕ ..................................................... ٥٦
٢٢- دیسان بۆ گۆڤاری «سروە» ...................................... ٥٨
٢٣- چواربەند ..................................................... ٥٩
٢٤- بۆ براکانی ئەرزەڕۆم ............................................ ٦٢
٢٥- بۆ مامۆستا «محەممەدی ماملی» ................................. ٦٣
٢٦- ڕاوی شاخی ................................................... ٦٤
٢٧- نان و هەڵوا .................................................. ٦٧
٢٨- بە بەرهەلستەکان دەڵێم ......................................... ٦٩
٢٩- مامە کوردە ................................................... ٧١
٣٠- ڕمی تیژی کوردەکان ............................................ ٧٣
٣١- خاکی کوردەواری ............................................... ٧٤
٣٢- شۆخی لەگەڵ کاک ڕەحمانی کوری کاک بابەکر ..................... ٧٦
٣٣- پیرۆزبایی جێژن لە «حاجی باباغای وەزنی» ...................... ٧٧
٣٤- زیزبوونی خێزانی «خاڵەمین» و شێعری «حاجی باباغا» .............. ٨٠
٣٥- زیزبوونی خێزانی «حاجی باباغا» و وەڵامی «خاڵەمین» .............. ٨١
٣٦- دیسان شێعری «حاجی باباغا» و وەڵامی «خاڵەمین» ................. ٨٢
٣٧- پیرەوەرییەکی «حاجی قادر قادری» .............................. ٨٣
٣٨- دیسان شێعری «حاجی باباغا» و وەڵامی «خاڵەمین» ................. ٨٤


Designed by: Emin Şabazi

٣٩- دووباره گەنم ........................................ ٨٦
٤٠- داوەت ........................................ ٨٧
٤١- شینگێڕی «خالەمین» بۆ «مریەم»ی کچی ........................................ ٨٨
٤٢- دیسان بۆ «مریەم»ی کچی ........................................ ٨٩
٤٣- بۆ ئاغای «سیگاری» ........................................ ٩٠
٤٤- بەبۆنەی گۆڤاری کرمانجی ........................................ ٩١
٤٥- چەند کورتە شێعر بۆ ئوستاد «موهتەدی» ........................................ ٩٢
٤٦- بۆ کاک «حەسەنی باباتاهیری» ........................................ ٩٣
٤٧- بۆ کاک «قادری فەتاح قازی» ........................................ ٩٤
٤٨- بۆ کاک «حەمەدەمینی حەیدەری» ........................................ ٩٥
٤٩- بۆ کاک «ڕەحمانی دێبوکری» ........................................ ٩٦
٥٠- بۆ مارەکردنی کچێک ........................................ ٩٧
٥١- گاڵتەیەک لەگەل خەلکی «گەزگەسک» ........................................ ٩٨
٥٢- شێعر بۆ دۆستێکی بێبەلێن ........................................ ٩٩
٥٣- تاقولۆقەکان ........................................ ١٠١
٥٤- بۆ کێلی گۆڕەکەم ........................................ ١٠٦
٥٥- تەخمیسی «مامۆستا حەقیقی» لە سەر شێعری «کۆکە» ........................................ ١٠٧
٥٦- شینگێڕی مامۆستا «حەقیقی» بۆ «خاڵەمین» ........................................ ١٠٩
٥٧- دیسان شینگێڕی بۆ «خاڵەمین» ........................................ ١١١
٥٨- شینگێڕی «مامۆستا سووتاو» بۆ «خاڵەمین» ........................................ ١١٢
٥٩- لە وەڵامی داخوازی سروە ........................................ ١١٣
٦٠- بەرنامەی ڕادیۆیی شاری مەهاباد ........................................ ١٢٥
٦١- شەجەرەنامە ........................................ ١٣٥
٦٢- نامەی کاک «مەسعوود بارزانی» بۆ «خاڵەمین» ........................................ ١٣٦
٦٣- وێنەکان ........................................ ١٣٨



تایبەت ترین تۆڕی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi



## بۆ بیرەوەی و نووسینی لە داوێنی وێنەی خۆمدا

ئەی وێنەی ڕەنگ لە ڕوو پەڕیوم
گوڵ بووم لە پەڕی گوڵم دەدا خۆ
ڕەنگزەردی لەبەر گەل و بەبیری
تا هەم بە هومێدی ڕوونی چاوم
هیوام دووە، یەک بەزەی خودایە
ئازاد و کوڕانە بچنە شاران
خۆشبەختی ڕەبی بنیشێ بۆیان

وەی چەپکەگوڵی خەزەڵوەریوم
سیسی منە ئێستە یانە هی تۆ؟
یاخۆ بە تەمەن لەمێژ و پیری؟
پسپس لە ملم بێ بەند و داوم
دووهەم کوڕ و کیژی هەڵوەدایە
بیرێکی بکەن لە دیلی جاران
یادێکی بکەن لە «خاڵ»ی خۆیان

تایبەت ترین تۆڕی کتێبی کوردی
Designed by: Emin Şabazi

## پێشەکی ١

نووسەری ناوداری و بلیمەت، ئوستاد «عەلی دەشتی» کە وا بزانم زۆربەی خوێنەرا لەگەڵ نووسراوەکانی ناسیاوییان هەیە، لێکۆڵینەوەیەکی لە سەر «خەییام» هەیە کە دیارە نە مەبەستی پێشەکی نووسین بووە و نە کەسیش ڕووی لێناوە و تەنیا کارێکی ئەدەبیی زێدە جوان و پشکنینێکی هەمەلایەنەی کەسایەتیی «خەییام»ـە کە هەر لە ئەدیبێکی لێهاتووی وەک خۆی دەوەشێتەوە. ڕەنگە پێتان سەیر بێ ئەگەر بڵێم «خەییام» بەو هەموو ناو و ناوبانگەوە کە ئەمڕۆ لە دنیادا هەیەتی، هەتا خۆی هەبوو ناوی لە ئەستێرەناسی و فەلسەفە و زانستی تردا دەنگی دابۆوە، بەڵام کەس بە شاعیری نەدەزانی و لانیکەم پەنجا ساڵ و بەوتەی هێندێکی تر سەد ساڵ دوای خۆی هەڵبەستەکانی تاقوواز لە نێو کتێب و دەفتەری زاناکانی هاوچەرخی خۆیدا دەدۆزرانەوە ئەویش زۆر بێسەروبەر و نارێک و بێ بەڵگەی باوەڕپێکراو؛ ئەوەش هیچ کە سەردەمەکانی دوایی چوارخشتەکی تر بە ناوی «خەییام» و بۆ «خەییام» هەڵبەستراون و جا لەبەر هەر هۆیەک بووبێ ڕەگەڵ شێعرەکانی کەوتوون.

ئەو نووسەرە زانا و گەورە، لەگەڵ هەڵسەنگاندنی باری ئەدەبی و ناوەرۆکی شێعرەکان لە لانی فەلسەفی و عیرفانی و هەموو زانستێکی تریشەوە، «خەییام»ی خستووەتە ژێر لێکۆڵینەوەیەکی ورد، بۆ هەڵاواردنی ئەو شێعرانەی ئاوەکی بوون و کەوتووونە نێو شێعرەکانی «خەییام»ەوە، لە زۆر کتێب و سەرچاوەی گرینگ کەلکی وەرگرتووە کە ئەو مەسەلە ب ڕواڵەت هەتا پەنجا ساڵێک لەوە پێش، کەس خۆی پێوە ماندوو نەکردبوو، یان باشتر بڵێم کەس لە ڕەسەنبوونی بەشێک لەو هەڵبەستانەدا هەر دوودڵ نەبوو.

لەو وردبوونەوە و لێکدانەوانەدا، وتەی ئوستاد «دەشتی» لەو جێیە دەگاتە ئەوپەڕی بەرزی و شیرینی کە دەڵێ:



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

«سەرەڕای ئەو هەموو سەرچاوە و پەڕتووکە چاپی و دەستنووسە کۆن و نوێیانەی کە بۆ ئەم کارە وەدەستم کەوتوون و بۆ بەڵگە دەبن، بەڵگەی لە هەمووان باوەڕپێکراوترم، بۆچوون و تام و چێژی سروشتیی خۆمە کە بەو ناسیاوییەی لەگەڵ ڕاوێژی «خەییام»م هەیە، دەزانم بە هەڵە ناچێ».

ئەوە سەیرە دوای ڕەشکردنەوەی سێسەد و حەفتا و نۆ لاپەڕە بۆ جیاکردنەوەی حەفتا و پێنج، چوارخشتەکی «خەییام» لە چوارسەد چوارخشتەکیی تر کە وەپاڵ «خەییام» دراون، پێ وایە لەوانەشدا سی و شەش ڕوباعی گومانی ڕەسەنبوونیان بەهێزترە؛ هەروەها سەرەڕای ئەو هەموو کێشە و پیلەی هەتا ئەمڕۆ لە دەیان کتێبدا نووسەرانی تری لێهاتووی هاوتای خۆی لە سەر پلە و پایەی «خەییام» کردوویانە، لە ئاخریدا دەڵێ:

«ئەگەر ڕاستت دەوێ ئەو شتانەی هەتا ئەمڕۆ لێرەولەوێ بۆ ناسین و دەرکەوتنی کەسایەتیی «خەییام» نووسراون، هێند کەمە کە هەر بەوەندووکە لێدوانە ناگەینە نەتیجەی دڵخواز، ئەو باسە دەبێ ئەوەندەی درێژە پێ بدرێ و بەربڵاو بکرێتەوە کە قورساغی ڕاستەقینەی «خەییام»ی شاعیری لێدەرکەوێ».

بە دوای ئەو شیکردنەوە وردەدا کە وێنەی تریشی هەیە و شانبەشانی نواندنی لایەنەکانی شێعر، نوێنەری پلەی زانستیی نووسەرەکەشە، کاتێک بۆ ناساندنی وێژەوانێکی کورد و هەڵسەنگاندنی شوێنەوارەکەی بە سەر ئەو جوملە ساردوسڕەدا دەکەوین کە «پیاو هەق بڵێ شێعری چاکن!؟»، مرۆڤ دەکەوێتە بیری ئەوە کە نەکا لەوەدا هەست و وتەی هەستیارێکی دڵگەرم کە نوێنەری فەرهەنگی نەتەوەیەکی شاییبەخۆیە بە کەم گیرابێ؟

بۆ هەموو شتێک، یانی بۆ بەڕە و لباد و گەڵ و گا مێشی چاک و...! هەروەها بۆ شێعر و هەڵبەستی بەرز!! بەڵگە و نیشانە هەیە کە ئەگەر کاکی پێشەکینووس خۆی لێ گێل نەکا و بازی بە سەردا نەهاوێ، دەتوانێ لە سەر بەرزی و نزمییەکەی بدوێ و بەو پێهەڵگوتنە نابەدڵە بەرەوپیری نەچێ کە بۆنی تەشەری زیاتر لێدێ نەک



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

باوەڕێکی بەڕاستی بە وتەکە و بێگومان دڵی هەستیار ناخۆش ناکا، جا نازانم پلەی نووسەریشی پێ هەڵدەکشێ یان نا؟

با لەوە گەڕێین، چما شاعیر خۆی ئەو چاوەڕوانییەی لە خوێنەر یان نووسەر هەیە کە چاوی بقووچێنێ و بێ سێودوو بۆی لە ئەستۆ دا؟ ئێمە کە بۆ لاساکردنەوە دەڵێی داتاشراوین، چۆنە لەوەدا هێندە دواکەوتووین و پەڕۆیەک لە خەڵکی دانادڕین؟

هەستیار بۆ کۆمەڵ شێعر دەڵێ، ئەویش کۆمەڵێکی بێ سنوور. دەیەوێ لە شێعرەکانی بگەن، تەتەڵەی کەن و ئەگەر بۆ وەرگرتن بێ پێشوازی لێ بکەن و ئەگەر هەڵە و چەوتی لێ ببینن، وریای کەنەوە. شاعیر ئەگەر بزانێ هەرچی دەیڵێ هەر بە کاری خۆی دێ، ڕەنگە هەر شێعر نەڵێ و لە خێروبێری بچێتە دەر، چونکە تەختەدامە لەو دەفتەرە شێعرە باشترە کە کۆمەڵ وەرینەگرێ.

من خۆم حازر نەکردووە بە «خاڵەمین» هەڵبڵێم و خۆیشی چاوی لەوە نییە و لەو ڕێپاککردنەوە و ڕیس‌وگوریس تێکخستنەوەش مەبەستم ئەوە نەبوو کە «خاڵەمین» و «خەییام» پێکەوە ڕاگرم، هەرچەند ئەگەر مەبەستم ئەوەش بووبێ تاوان نییە، چونکە هەر شاعیرێک لێی بوەشێتەوە ناوی بنێی شاعیر، شک لەوەدا نییە کە هەست و هەڵچوون و بیر و هاندانێک پاڵی پێوەناوە، جا کەوتووەتە ئەو ڕێبازەوە، هەر یەکە بە شێوە و ڕەوەندێکی تایبەت.

ئەگەر لە شێعری «خەییام»دا فەلسەفەی بوون و نەبوون و مەرگ و ژیان و ئەو هاتن و چوونەی مرۆڤ هەموو بیر و هۆشی داگرتووە، ئەوین، سپاردەی نەتەوایەتی، دڵسۆزی بۆ گەل و ڕێنوێنیی خەبات لە هەڵبەستی «خاڵەمین»دا هەر یەکەی جێگەیەکی تایبەتیان هەیە، بێ ئەوە کە باری عیرفانی و خواناسیشی بکەوێتە بەر پرسیار کە هەموو دێڕێکی تیشکێکی بەهێزی خواناسی بە سەرەوە دیارە.

«خاڵ» نە وەک «ئەنوەری» و «مەنووچێهری» قەسیدەی پەسن و پێهەڵگوتنی بۆ کەس ڕازاندووەتەوە و نە وەک «فیردەوسی» مێژووی کردووەتە شێعر، نە وەک «نیزامی گەنجەیی» کارەساتی سروشتی و بەسەرهاتی شیرنی ئەوینی



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

کردووەتە کاکڵی هۆنراوەکان، بەڵام دەتوانم بڵێم وتەی «خاڵ» لە وشەی تەڕ و پاراودا بۆنی وتاری «نالی»ی کوردی لێدێ، لە هەستی نەتەوایەتی و کوردانەدا ڕچەی «حاجی قادر»ی ناودار و «هێمن»ی گەورەی گرتووە، لەوانیش زیاتر خۆی داوەتە سەر نوکتە و تەوس و وردەکاری و گۆڕینەوەی هەڵبەست لەگەڵ ئەدیبانی هاوچەرخ، یەک لەوان «هێمن»ی نەمر کە ئەمڕۆ بەینێکی تەواومان لەگەڵ ئەو زەمان هەیە کە «خاڵەمین» هاوکارە خۆشەویستەکەی خۆی بۆ شێعرگوتن هان دەدا و دەیگوت:

«لێک دوور و وێک نەکەوتووە ئەشعار و مەتڵەبم

وەک تووکی چڵچڵ و سەروکاکۆڵی "هێمنی"»

ڕەنگە وشە ڕیزکردن بە ناوی شێعر زۆر گران نەبێ، بەڵام شاردنەوە و پێچانەوەی مەبەست لە وشەی ڕازاوەدا، تێکبەزاندنی وتە و واتە و گرێدانەوەی ئەو دوو لایەنە ناسکە بە وەستایی لە جێی خۆیدا و بە کوردی کری شێعر و بە زمانی ئەدەب شێعر گوتن وەک «خاڵەمین» ڕەنگە زۆر هاسان نەبێ.

ئەگەر زاڵبوون بە سەر زماندا مەرجێکی بنەڕەتی بێ بۆ باش هۆندنەوەی شێعر و هەڵبەست، دەبێ بڵێین بەڕاستی «خاڵەمین» لە زمانەکەی خۆیدا مامۆستایە و ئەزموونێکی باشێش بۆ ئەوە هەڵبژاردنی سەربەندی هەرە گرانی وشە ڕەسەنەکانی کوردین وەک:

«پسنچک، پنجک، شیرین‌چک،قونچک، پەنچک»

کە «خاڵ» خۆی بەو کارە کەس‌نەکردووە تاقی کردووەتەوە. لەو تاقی‌کردنەوەشدا باش دەرچووە و لەگەڵ وشەی پەتی و ڕەسەنی کوردی فێڵ و فەننی شێعریشی قەت لە بیر نەچووە کە لە تایبەتییەکانی شێعری بەرز و لێهاتوویی بۆێژن.

لە نووسینەوەی ئەو دێڕانەدا بەداخەوە دەستم نەگەیشتە کۆمەڵە هەڵبەستەکەی «خاڵ» کە هەرچی بۆ ئێرە پێویست بێ گوڵبژێری کەم، لەبەر ئەوە



تایبەت‌ترین تۆڕی کتێبی کوردی
Designed by: Emin Şabazi

ناچارم هەر لەو شتانەی لە کۆنەوە نیوە و نیوەچڵ لە شێعری «خاڵ» لە بیرم ماون، بە وێنە بیانهێنم کە ئەویش دیارە نە من ڕازی دەکا و نە خوێنەر.

ڕەنگە من یەکەم کەس نەبم کە لە خۆم دەپرسم، «خاڵ» دەبێ کاتی هۆنینەوەی ئەو شێعرە لە چ پلەیەک لە هەڵچوونی هەستی نەتەوایەتیدا بووبێ کە بەکۆمەڵ مرۆڤی سیاسی‌زان فیدای بۆرەپیاوێکی نەخوێندەواری هاووڵاتی خۆی دەکا و دەڵێ:

«هەزار ئاغای فکۆلی و پیاوی دیپلۆم و سیاسی‌زان
بە قوربانی سمێڵی خدرەگڕوێی پیاوی عێلاتی»

کێش و ئاهەنگ لە شێعری «خاڵ»دا – بەتایبەتی کە خۆی بیانخوێنێتەوە نەک کەسێک کە زانستی شێعر خوێندنەوەی نەبێ – و هەروەها ڕەوانی و ساکاری لە هەڵبەستەکانیدا سەرنجڕاکێش و لەگەڵ سادەیی و ڕەوانیشینا، شیرن و دڵگرن. «خاڵ» بەتەواوی هەستی بەو ڕاستییە کردووە کە ئەگەر لەوە پێش وشەی بێگانە و ڕەقوزەق و وپشکوبرینگ، دیاردەی زانستی زۆر و فەرهەنگی بەرز بوون، ئەمڕۆ بەپێچەوانەی ئەودەم، کوردیی پەتی و سادە و تەڕ و لەبار بڕەوی هەیە و هەر ئەو هەستەش لە نێو کۆمەڵدا بووەتە هۆی ئاڵوگۆڕێکی بەجێ بەرەو پێشکەوتن و بژارێکی بەرچاو لە نێو زمانەکەماندا و وشەی ڕەسەن و پەتیی کوردی جێیان بە وشەی لاوەیی و غەریبە لەق کردووە و پاڵیان پێوە ناوە.

وەڵامی «خاڵ» لە جوابی دوو شێعری «حاجی باباغای وەزنی»دا، بەڵگەیە بۆ ڕاستی ئەو وتەیەی سەرەوە کە بۆ «خاڵ»ی نووسیوە:

جێژنــت پیــرۆز بــێ خاڵەکــەی دڵســۆز
بــژی بــۆ عــەزیز بیکــەی بــە ســەرهۆز
نۆشــێ گیانــت بــێ ڕۆنــی پــوور حوســنێ
ماســتی دادئەســتێ خامــەی خــات پیــرۆز

بەڵام «خاڵ» لە وەڵامیدا چ پلارێک داوی؟

براگیــان چێژنــی خۆشــت پــاک و پیــرۆز          لــە نــوێژ و ڕۆژووەکانــت یــەک نــەخیچێ



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

بەڵام شێعرت وەکوو هی پیاوی پیرە ‌‌‌ لە لایەک هەڵدەسێ و لا دی دەفیچێ
دەنا وەک چاوی پیاوی خێس و خوارە ‌‌‌ یەکی هەڵدێ و ئەوی دیکەی دەقیچێ
ئەتۆ لە منت وەچاوە ماستی ئەستی ‌‌‌ ئەمیش ئی تۆ دەزانم تا بنی چێ
لە ئانیشکێتە ترشیجاتی دۆڵێ ‌‌‌ گەز و دۆشاوی ورمێشت لە لیچێ
دەڵێن هەڵتاوەسیوە شۆڕە مێلاق ‌‌‌ لە عەرزیڕایە هێشووی تاکوو میچێ
لەگەڵ من پێکوەرە پێکوەر نەبین با ‌‌‌ دەنا ئابروون دەچێ هەردووک بە هیچێ
ببوورە شێعری تۆ فێنکایی دڵمە ‌‌‌ بخیچێ، یان بقیچێ یان بفیچێ

هەروەک دەبینین وشەی «پێکوەرە» لە شێعری حەوتەمدا جیناسێکی زۆر شیرن و سادەی لێ دروست بووە وەک وشەی «ڕێک‌کەون» لەو شێعرەی خوارەوە کە دەڵێ:

«ڕێککەون بۆ خۆ چیدی ڕێک مەکەون
چۆکی زل کۆڵەوارە بێ گوێزینگ»

هەر ئەو کرەی لە وشەی «تاژان»یش پێک هێناوە کە «تاژان» ناوی گوندێکە:

«دڵم لە دووری تۆ ئێشی هەر ئێشە تاژانی
دە ئێستێ واوەرە لە کنی‌بە بشکێ تا ژانی»

هەروەک خوێنەر خۆی تووشیان دێ بە ڕادەیەکی زۆر هونەری ئیستیعارە و جیناس و کری تری شێعر لە هۆنراوەکانی «خاڵ»دا جێیان کردووەتەوە کە بەداخەوە ئەمڕۆ دەستم نایانگاتێ بۆ دەستنیشان کردنێک و لەبەر ئەوە هەست بە کەم و کووڕی دەکەم کە لەو چەند دێڕەدا جێی وان بەتاڵە.

پێوە بووم پێش هەموو شتێک بچمە سەر ئەو گلەییانە کە منیش وێڕای هاووڵاتییانی تر لە «خاڵ» هەمە و درێژدادڕی نەیهێشت کە ئەویش بەشێکی زۆری هەر پەیوەندیشی بە مەبەستەوە نەبوو، بەڵام ڕخنەیەکی پێویست بوو.



کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

لەمێژە ئەو پرسیارە لە گۆڕێدایە کە چلۆنە وا «خاڵ» ئەو کەمتەرخەمییە گەورەی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی هەڵبەستەکانی کردووە و زەمانێکی دوورودرێژ لە بیری بردوونەوە بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو سپاردە گرینگە کە لەوانەیە زۆر کەس تامەزرۆی دیتن و خوێندنەوەیان بن؛ داخوا «خاڵ» وا بووە شتی ئاسایی تر وا باوێتە پشت گوی کە لە پلە و گرینگی و نرخیشدا بەو ڕادە نەبوون؟ پێم وا نییە وەڵامێکی وای هەبێ بیپەڕێنێتەوە، بەتایبەت کە ئەو کەمتەرخەمییە لە کۆکردنەوەی شێعرەکاندا زیانی گەورەتریشی داوە، من بەش بە حاڵی خۆم بۆ ئەوە بەداخم کە هەروەک لە لاپەڕەکانی دیوان بۆمن دەردەکەوێ، سەرەڕای ئەوە کە زۆربەی هەڵبەستەکان هەر سەریان تێدا چووە، ئەوی ماویشن زۆریان نیوەچڵ و ناتەواون و لە زۆر جێ لە گەیاندنی مەبەست کەم‌وکووڕی وەدی دێنن و ئەوە بە هیچ جۆر شتێکی دڵخواز نییە بۆ کەس، بەتایبەت بۆ هۆگرانی هونەر و ئەدەب، بۆ وێنە لەو غورەدا کە سەردەمێک لەگەڵ هەستیاری مەزنی کورد کاک «هێمن» بوویانە و بەشێکی هەرە شیرین و بەرزی هەڵبەستەکانی «خاڵ»ن تەنیا دوو دێڕی دوایی نەبێ، ئەوانی تر نەماون، بەڵام بریا هەر بەوەندیش بڕاباوە و هێندە دووپاتە و چەندپاتە نەبووباوە.

ئەگەر خوا ئەوجاریش مامۆستا «قەرەداغی»یەکی تر بنێرێ و لەجیاتی «خاڵ» کە خۆی خەریکی عەدەد و ژمارە و ئاڵوویرە، قۆڵی لێ هەڵکا، ماڵ بە ماڵ، کەلێن و قوژبن، پەڕتووک و دەفتەرۆکان بگەڕێ و بەربینگی ئەم و ئەو بگرێ و شێعری «خاڵ»یش وەک «دیوانی وەفایی» کۆکاتەوە و وەک هێلکەی پاکراو لە بەر دەستمانی دانێ، هیچ شتێک بە دوور نییە، بەڵام زۆریش هاسان نییە، جا ئێوەش وەرن لەگەڵ من بپاڕێنەوە بەڵکوو دیسان ئەو موعجیزە ڕوو بداتەوە، هەرچەند دەبینم ئەو هەویرە ئاوێ زۆر دەبا، بەڵام پێم وایە ئەگەر زیاتری لە سەر برۆم لەوانەیە «خاڵ» بڵێ: ئەگەر پێشەکی نووسین ئەوە بێ، هەر لێیگەڕێ کاکە، گۆپاڵەکەت دانێ جارێکی وچانێکی بدە، نە من دەنگ و نە تو دەنگ.

کەرەج — هێدی

١٣٧٠/٠٢/١٢



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# پێشەکی ٢

به ناوی خودای له کەس نەخولقاو | خۆی خولقاندوونی خولقاوان تەواو
ئەو خودای گەورە بەرز و بێ هاوال | هەر ئەو نابینێ نابوودی و زەوال

ئەو خودایەی کە ئینسانی لە خاک و لە قەترە ئاوێکی خەلق فەرمووە و دە کاتی خۆیدا بۆ ڕێنوێنی و لێک‌کردنەوەی ڕێگای چاک و خراپ پێغەمبەرانی هەر یەک لە نەوعی خۆیان بۆ ناردوون کە ڕێنوێنییان دا زۆر تێکۆشاون و دەردی سەریشیان زۆر چێشتووە. لە نێو نەوعی بەشەریشدا زۆر ئینسانی تێگەیشتوو، هێژا، لێهاتوو و بە بیر و هەست هەڵکەوتوون کە هەر یەکەی لە ڕێیەکەوە خزمەتیان بە نەوعی بەشەر، کۆمەڵ و میللەتەکەی خۆیان کردووە و تێیدا سەرکەوتوو بوون.

سەید محەممەدئەمین واتە «خاڵەمین»یش یەکێک لەو کەسایەتییە بەنرخ و ئەدەب‌دۆست و نیشتمانپەروەرانەیە هەڵکەوتوو لە بنەماڵەیەکی ئایینی شێخانی «بەرزنجی» کە لە وڵاتی گەرمێنێ‌را پەڕیوەی وڵاتی کوردستانی ئێران بوون. لە دێی «کۆکە»ی سەر بە بۆکان بەوەلەد بووە و تا شەش ساڵ لەوێ ژیانی منداڵی تێپەڕ کردووە و هەتا مردن دەبیری ئەو دێیەیدا بووە. لە دێی «بۆزە» دەست بە خوێندن دەکا و لای «مەلا کەریم»ی نەوەی «خەلیفەی گراوێ» درێژە بە خوێندنی عەرەبی و فارسی دەدا و زۆر زوو وەسەر دەکەوێ و هەروەها لە «سابڵاغ»یش لای مامۆستای گەورەی کوردەواری «ئەحمەدی تورجانی‌زادە» و «مەلا محەممەدی تورجانی‌زادە» لە مزگەوتی «حاجی سەید بابیز»یش خوێندوویەتی «خاڵە» خۆی فەرموویەتی هەرچەند لە باری عیلمییەوە بە گوێرەی نەبوونی مەودا زۆر لە کن ئەوان سەرکەوتوو نەبووم بەڵام لە دوو لاوە، یەکەم لە باری دینداری و دووهەم لە باری نیشتمانپەروەری زۆر بەرمنەتیانم. «خاڵە»ش وەک زۆر کەسایەتی دیکە و

شاعیرانی میللی کورد، پاش تێڕامانێکی زۆر، هەست بە خزمەت بە گەل و نەتەوەکەی دەکا و بە لەخۆبردووییەکی تەواو قۆڵی هیممەت هەڵدەماڵێ و شێعری بە تام و چێژ و بەهەست بە کوردی دەڵێ بە هەڵکەوت لە «میاندواو»ێ دەگەڵ مامۆستا «حەقیقی» کە دە خزمەتیاندا بووم بە بۆچوونی خۆی دەیفەرموو: «هەرچەند شێعری فارسی و ئیدیش ڕێز و ئیحترامێکی تایبەتیان هەیە، بەڵام ئێمەی چەوساوە وەدواکەوتوو لە سەرمان پێویستە هەر بە کوردی شێعر بڵێین و ئەرکی نیشتمانپەروەری خۆمان بەجێ بێنین».

«خاڵەمین» پاش چوونی کوێستان و هەڵمژینی ئاو و هەوا و دیمەنی چیا و ڕەوەزەکان، هەستی شێعرگوتنی زیاتر بزووتووە، شێعری ناسک و پڕ مانای کوتووە و دەبارەی خوداناسیدا قەسیدەیەکی پڕ ناوەرۆکی هۆنیوەتەوە و لە کەمترخەمی و خۆبەزلزانینی خودانەناساندا دەدوێ و دەڵێ:

شتێکەو گیانلەبەریە و خوانەویستوو کەروکوێر و لەڕێ دەرچوو نەبیستوو
دەبینێ ئەو هەموو دەزگای گەڕندە زەوی و عاسمان و ڕۆیندە و پەڕندە
هەزاران کاری سەرسووڕێنەری دی نەدی و ئەو کاروبارەی سەرسەری‌دی

لەبارەی نیشتمانپەروەریشدا زۆر بە ڕوونی و ئاشکرا دەڵێ:

نانی خۆم نادەم بە بێگانەی درۆزن پنچکێ
بواری خاکی نادەمێ بستێ، پەسیوێ، پەنچکێ
گیان لە سەر دەست و سەرم گویە لە ڕێت ئەی نیشتمان
چۆرەچۆڕ خوێنم دەرێژم تکتکەی زلفنچکێ
خاکی کوردستانی خۆم نادەم بە سەد «ئوسوێ چەرەت»
یا بە ئاسمانی قلێشی ئەمریکایە قولینچکێ
«خاڵە» خاکی کوردەواری لێ کلی چاوی دڵە
نارِوا لێی لەتلەتی کەن نەشبێ نانی پنچکێ



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

شێعری مامۆستا «خاڵەمین» تام و چێژێکی تایبەت بە خۆی هەیە دەتوانم بڵێم هەر بە شێعری «خاڵەمین» و «حقیقی» و هەستان و ڕۆنیشتن دەگەڵ وان فرچکم بە شێعر گوتنی گرت. «خاڵە» دەگەڵ هاوالانی هاوچەرخ وەک مامۆستایان «هێمن»، «هەژار»، «ئاوات» و بەتایبەت «حەقیقی»، جەفەنگ و قسەی خۆشیان بووە و بە شێعر یەکتریان دواندووە و ئاواتی وەش دەخوازێ کە لە «ئیسکی بەغدا»یە دەگەڵ «حەقیقی» خوێندوویانە و زۆرتر هەر خەریکی شێعر گوتن بوون. «خاڵە» کاتێکی ماڵی چووە «مياندوا»ێ بە هۆی لێهاتوویی خۆی و بڕوادارییەکی کە تورک و کورد پێیان بووە و دە خۆشی و ناخۆشیدا دەگەڵیان بووە و بۆ گیر و گرفتەکانیشیان هاوبیرییان دەگەڵ کردووە، بەڵام پاش ئاڵوگۆڕییەکی سیاسی یانی تێکچوونی «موسەددیق» و گەڕانەوەی شا لە بەغدایەڕا بۆ تاران، بە هۆی شەوقی دیداری دۆستان و هەستان و دانیشتن دەگەڵ نووسەران و شاعیرانی هاوچەرخ و مامۆستایانی ئایینی هاتە «سابڵاغ» و پاشان چون دەزگای دەوڵەتی نیزامی شاهەنشاهی تێیهەڵدەکێڵێ و داوای هاوکاری دەگەڵ خۆیان لێدەکا و ئەوەش کە دەگەڵ بیر و بڕوای وی یەکتر ناگرنەوە، ناعیلاج پەریوەی هەندەران دەبێ و ڕوو دە دێی «جەڵدیان» دەکا و خەریکی فەلەخۆیی دەبێ. ساڵێکیان چووم سەرم دا لە «جەڵدیان» و بۆ ماوەیەک ڕایگرتم و باسێکی زۆری لە کوێرەوەی و بەسەرهات و مەرارەتی خۆی بۆ دەکردم... .

دەگەڵ «حاجی باباغای وەزنی»ش کە شاعیرێکی کورد بووە نێوانی خۆش بوو. بە مەتەڵۆکە و شێعر یەکتریان دەدواند و شێعرێکی خۆی و «حاجی باباغا»ی بۆ خوێندمەوەوە و فەرموویان: «حاجی باباغا قەولی پێدابووم کۆمباینم بۆ بنێرێ و گەنمەکەم بۆ لە کۆمباین بدا و بۆم دەعەمەل بێنێ، وەخت درەنگ بوو و کۆمباین نەهات و ئەو شێعرەم بۆ نووسی»:

حاجی گیان کەی دەنێری تۆ کۆمبا — خۆزگە کۆمبایەکەت تەگەرکون با
تۆرمزیشی لە لێژی پسپس بێ — لێخوڕ و پێخوڕی سەرەوبن با



تایبەت‌ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

«حاجی باباغا»:

جوابی بریا خۆزگەیە لێم تووڕەبێ یا بمکوژێ
خاڵە جۆی خۆت ئاوەشی بێ گەنمەکەت سن بیمژێ

قایش و گاسنت کوڵ و پسپس نیر و ئاموورت شکێ
تێری تۆوت بدڕێ تۆربەت کونکون و تۆوت ڕژێ

گایەکەت بمرێ بە دەردی لاڕەشە، کەڵ خشخشە
مامی جووتێرت چڵم هەڵلووشێ لێکی هەڵمژێ

چێڵەکەت گۆڵەی گری گامێشەکەت بێچووی مری
مەشکەکەت قەت تەڕ نەبێ ماستت لە شووشەیدا بژێ

دەدوایەشدا بۆی ناردبوو و بۆی دەعەمەل هێنابوو.

پاش سێ ساڵ تێپەڕبوون لە ژیانی ئاسایی، لە «جەڵدیان» کۆچی کرد بۆ «نەغەدە» و لەوێش دەگەڵ هاوالآن و ئەدیبان نووسراوەی هەیە و وتوویژی شێعری بووە. زۆرتری کاتی خۆی دە نوێژ و تاعەت و لە مزگەوتێ تێپەڕاندووە. لە سەر داواکردنی کاک «ئەحمەدی قازی» لە گۆواری سەلاحەدینیشدا شێعری بڵاو بووەتەوە. کاک «عەزیز»ی کوڕێشیان پزشکی بە تێکڕایی تەواو کرد و بە چوار ساڵیش تایبەتییەکەی تێپەڕاند و لە «ورمێ» مەتەبی کردەوە. «خاڵەمین» لە شێعرێکیدا بۆ کاک «عەزیز» کە لە دانیشگایە دەیخوێند پاش ڕێنوێنی... ئاوای بۆ دەنووسێ:

ئەمن پێم خۆشي دوکتور بۆ هەژاران     وەلا نێی مەیلی خاوەن پووڵ و پاران
ئەگەر دەخوێنی بۆ زایمان و مامان     فڕێدە پووشی مامان و نەمامان
لە دانیشگا مەچۆ نێو دەستەبەندی     لە نێو کوردان پەسەندە قووڵوەمەندی

دە ئاخردا کە تەمەنی لە هەشتا و سێ ساڵ تێدەپەڕێ بێتاقەت دەبێ و نیازی بە چاوەڕوانی زۆرتر دەبێ. لە سەر داوا کردنی دوکتور ماڵەکەی لە «نەغەدە»



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

خڕ دەکاتەوە و دیتە لای دوکتور و دەحەسێتەوە. ئەلحەق دوکتور بۆخۆشی دەگەڵ خێزانی بە جوانی پێی ڕادەگەن.

کاتێکی مامۆستا «هەژار» لە تارانێ فەوتی کرد و لە سەر ویستی خۆی هێنایانەوە «مەهاباد»ێ کە لە مەقبەرەی «بداغ سوڵتان» لە کن «هێمن»ی بینێژن، خەڵکی مەڵبەند و هەروەها شاعیران و نووسەران بەشداری بەربڵاویان هەبوو. «خاڵەمین»یش دەگەڵ مامۆستا «حەقیقی» و زۆربەی نووسەران و ئەمەگناسان لەوێ بوون. کاک «مەسعوود»یش دەگەڵ بەشێک لە هاوڕێکانی خۆیان گەیاندبووە وێ.

شێعرێک بە نێوی «بیرەوەری» کە ئەوکات کوتبووم خوێندمەوە:

مەرگی هێمنت وەپێش کەوت — ئەو ڕۆیی زووتر لێی خەوت
ئاواتیش هەر وا کز و مات — ئاواتی قەت بەجێ نەهات
ئەو خاڵەمینی شۆڕەسوار — ئەو شاعیری بەرزی هەوار
ئەو جوانچاکی تەرزی لەبار — ئەو قەدبڵیندی زیپکدار
لە تاوت وا کۆم بۆتەوە — خۆشی خۆی ناناسێتەوە
حەقیقیش بارستای تۆ بوو — میعمار و مامۆستای تۆ بوو
گوتی تو لە وێنەی کەس نی — بەو تەبعی تەرازووی وەزنی
دەڵێ پارسەنگی هێناوە — بە مەرگی ئەو مەزنە پیاوە
هەرکیان هاتوونە سەر گڵکۆت — بە سۆز شێعریان داناوە بۆت
ئاور دە خەڵکی بەردەدەن — بۆ شادی ڕووحت سەر دەدەن
فرمێسکی یەک دەسڕنەوە — قوڕی گڵکۆت دەگرنەوە
هیواش لە تاسە و لە تاوان — خوێن دەبارێنێ لە چاوان
مەلا مستەفای بارزانی — قەدری تۆی زۆر چاک دەزانی
سەد ڕەحمەت بێ لە گۆڕەکەی — لە خۆی و دوو کوڕ و کوڕەکەی
ئەوێستاش لە سەر گڵکۆتن — بە یادی تۆ بە کوڵ و کۆتن
ئێوە بۆ یەکتر بەبەقان — وەفا لە تۆ جوانە و لە وان



تایبەت ترین تۆڕی کتێبی کوردی
Designed by: Emin Şabazi

درێژدادرپیم کرد. وەختێکی کتێبی «هەژارنامە»م ئامادە بوو لە سەر ویستی دۆستان داوایان لێ کردم کە چاپی کەم. لە «ورمێ» بردمە خزمەت «خاڵە»، هەموو بەشەکانی پێ خوێندمەوە زۆری لە لای پەسەند بوو. شێعرێکی خۆشی کە دە مەرگی «هەژار»یدا کوتبووی بۆی خوێندمەوە و داوای لێ کردم کە دە «هەژارنامە»شدا بیهێنم وەک شێعری چەند کەسی دیکە لە مامۆستایان ئەمنیش قبووڵم کرن و قەولم پێدا کە لە هەوڵی «هەژارنامە»کەدا بە ناوی «دەستەچیلەی خاڵەمین» بیهێنم و کتێبەکەی پێ برازێنمەوە. ئەو کتێبەش تا ئێستا چوار جار دە تیراژێکی زۆردا چاپ بووە. خودا لە هەموویان و لە ئێمەی بچووکیش خۆش بێ و بە ئارەزووی خۆشمان بگەین. خودا جەزای دوکتور «عەزیز»یش بداتەوە کە لە سەر ئەرکی خۆیان چاپی ئەو کتێبەی بە ڕایگان دە ئەستۆی خۆی گرتووە.

مەهاباد- عەبدولقادر قادری «هیوا»



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
Designed by: Emin Şabazi

## «حاجی شێخ مستەفا بەرزنجی»، بابی «خاڵەمین»

عابید و زاهیدی بەناوبانگی کورد «حاجی شێخ مستەفا بەرزنجی»، کوڕی «شێخ غەنی»، لە ساداتی بەرزنجی بووە و باب و باپیرانی لە مەڵبەندی موکریاندا ژیاون و ئیرشادیان کردووە و خاوەن تەکیە و خانەقا و تابیعی تەریقەتی «قادری» بوون. لەگەڵ ئەوە کە خۆیان لە ساداتی بەرزنجی بوون، بەڵام هاتوچۆی «تاڵەبان»یان کردووە. «حاجی شێخ مستەفا» ئاشقی «شێخ عەلی کەرکووک» لە شێخانی تاڵەبان بووە. چەند گوندی لە نێو گەورکان کڕیوە و فرۆشتوویەتی، پاشان گوندی «کۆکە»ی لە نیزیک بۆکان کڕیوە و لەوێش لەگەڵ عەشیرەتی جیرانی خۆی تووشی کێشە بووە و لەو شەڕەدا کوڕە گەورەکەی بە ناوی «کاکە حەمە» شەهید بووە و ئێستاش مەرقەدی مەبارەکی لەوێیە کە «خاڵەمین» لە شێعری «کۆکە»یدا ئاماژەی پێکردووە. وا باس دەکەن «کاکە حەمە» پیاوێکی زۆر لێهاتوو بووە ناکۆکی لەگەڵ مەنگوڕان و شەهید بوونی «کاکە حەمە»، ئەو گوندە لە بەر چاوی «شێخ مستەفا» دەخا و روو دەکاتە دەوروبەری «سابڵاغ» و لەوێ گوندێکی دیکە بە ناوی «قزقەڵا» دەکڕێ و جێگیر و دامەزراو دەبێ. دەڵێن «حاجی شێخ مستەفا» لە ئیمان و سەخاوەت و پیاوەتی و دڵئاواڵەییدا بێ وێنە بووە و لە ساڵی گرانی کە بە هۆی هێرشی دڕندانەی ڕووسەکان بۆ ئیران قەوماوە و گرانی ڕووی لە کوردستان کردووە و بە هۆی قاتوقڕی لە هەموو ڕێگاوبانان تەرمی لەبرسان مردووان وەبەر چاو هاتووە و لە زۆر شوێنان دیتراوە خەڵک لە برسان بەزەییان بە منداڵی خۆشیاندا نەهاتووە و خواردوویانە، «حاجی شێخ مستەفا»گەنمێکی زۆری لەو ئاواییەدا هەبووە و گوندەکەی خۆی پێ بەخێو کردووە و هەموو ڕۆژێ نانێکی زۆریشی کردووە و هەر فەقیرەی کە هاتووە نانی دراوەتێ. بە کورتی لە تەواوی ئەو ڕۆژە ڕەشانەدا دەنکێکی گەنم نەفرۆشتووە و هەمووی لە فەقیر و هەژار و داماواندا دابەش کردووە. ئەو گەورەپیاوە جگە لەوەی کە مرید و مەنسووبێکی زۆری بووە، لەبەر ئەو کارە مرۆڤ دۆستانەی،



تایبەت ترین تۆڕی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

لە نێو ئەو کەسانەی کە مریدیشی نەبوون جێگای ڕێز و ئیحترام بووە و خەڵک خۆشیان ویستووە.

«حاجی شێخ مستەفا» جگە لە «کاکە حەمە» شەش کوڕی دیکەشی هەبووە بە ناوەکانی «شێخ ئەحمەد»، «شێخ مەحموود»، «شێخ حوسێن»، «شێخ حەسەن»، «خاڵەمین»ی شاعیری بەناوبانگی کورد و «شێخ کەریم». لە نێو ئەو کوڕانەدا «شێخ ئەحمەد» هەر لە زەمانی ژیانی خۆیدا لە باوکی جیا بووەتەوە و لە گوندی «قەڵاجووغە» نیشتەجێ بووە و ئیرشادی کردووە.

مامۆستا «مەلا مارفی کۆکەیی» شاعیری ناوداری کورد، مەلای وی لە «کۆکە» بووە و خوێندنی منداڵەکانی بەو ئەسپاردووە و پاشان لە «قزقەڵا» نیشتەجێ بووە و ئەو کارەی بە مامۆستا «مەلا کەریم» کە زۆر مامۆستایەکی زانا بووە، سپاردووە.

«حاجی شێخ مستەفا» زۆر منداڵ بووە کە بابی (شێخ غەنی) وەفات دەکا و لە خزمەت «شێخ قادر»ی مامی گەورە دەبێ. بەڵام مێرمنداڵ دەبێ کە مامیشی وەفات دەکا و لە جێی وی دەست بە ئیرشادی تەریقەی «قادری» دەکا کە خاوەنی مرید و مەنسووبێکی زۆر لە «محاڵ» و «شامات» و «شاروێران» و بەتایبەت لە «سابڵاغ» دەبێ. بۆ بەجێهێنانی ڕێورەسمی ئایینی، دوو تەکیە لە «سابڵاغ» بووە کە یەکیان لە مزگەوتی «قوبڵە» بۆ پیاوان کە سەرپەرەستی ئەو شوێنە بە «حاجی عەوڵای تۆکمەچی» دەسپێرێ (حاجی عەوڵا پیاوێک بووە لە بنەماڵەی سابڵاغی و سنعەتکارێکی زۆر لێهاتوو و پیاوێکی یەکجار بەدین و دروستکار و دڵئاوا و موخلیسی شێخ و خەڵک بووە).

تەکیەکەی تری بۆ ژنان بووە کە سەرپەرەستی ئەوێ بە «خەڵیفە ئامینی قەمتەرەیی» سپاردووە کە ئەو ژنە جگە لە زوهد و تاعەت و عیبادەت، ئاشقی وڵاتی کوردەواری و دەخزمەت خەڵکدا بووە.



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

زۆرێک لە بنەماڵەکانی سابڵاغی مریدی «حاجی شێخ مستەفا» بوون و ئەوانەی کە مریدیش نەبوون، بە هۆی ڕوحی کوردخوازی و نیشتمانپەروەری، ڕێز و حورمەتیان لێ گرتووە.

«شێخ» تەکیەیەکی تری لە گوندی خۆی (قزقەڵا) بووە کە شوێنی کۆبوونەوەی دەروێشان و ئاشقانی «تەریقەتی قادری» بووە. لە هەرسێک تەکیە، هەموو سێشەممە و جومعانە، مریدان کۆ بوونەوە و ڕێوڕەسمی ئایینییان بەجێ هێناوە. «حاجی شێخ مستەفا» خوازەڵۆک و چاولەدەستی خەڵک نەبووە و بۆ خۆی زۆر بەکار و خەریکی کاسپی بووە و ئەوەی هەیبووە لە ڕەنجی شان و پیلی خۆی پەیدای کردووە و ئەگەر کەسێکیش شتێکی هێنابێ وەرینەگرتووە و وەقفی تەکیەی کردووە و بە سەر خەڵکدا دابەش کراوە، بۆ وێنە زەوییەکی دەهەزار میتری لە سابڵاغ کە ئێستا ئۆردوی کاری لێ ساز کراوە، لە لایەن مریدێکی خۆی پێی دراوە کە ئەویش وەقفی تەکیەی «قزقەڵا»ی کردووە و ئێستاش بەرهەمەکەی هەر بەوێ دەگا. جا با لە خودای مەزن داوا بکەین بەرهەمی بداتە کەسێکی کە دڵی بەخشین و دابەش کردنی دە بەینی گەل و یارمەتی خەڵکی هەبێ.

«شێخ» لە پاش وەفات هەر لە گوندی «قزقەڵا» بە خاک سپێردراوە و مەرقەدی مەبارەکی لەو گوندەیە کە زۆربەی خەڵکی ئەو مەڵبەندە بۆ یاد و بیرەوەری وی دەچنە سەر مەرقەدی و بە دوعا و فاتیحا یادی دەکەن.



کوردیکا

# قسەیەک لەگەڵ خوێنەران

پاش سڵاوێکی گەرموگوڕ لە ئێوەی بەڕێز و هیوای سەرکەوتن و کامەرانی بۆ هەمووتان، ئەوە بەشێک لە بەرهەمەکانی «خاڵەمین»تان پێشکەش دەکەم. دیارە نە لە زەمانی ڕەزاشا و نە لە زەمانی حەمەڕەزای کوڕیدا، هیچ دەرفەتێک بۆ نووسین و بڵاوکردنەوەی شێعر و ئەدەبی کوردی نەبوو. لەبەر ئەوە زۆربەی شێعرەکانی «خاڵەمین» نەنووسراونەتەوە و تێدا چوون. ویستم بەشێک لەو بەرهەمانە کە بە کوێرەوەری و مەرارەتێکی زۆر بۆم کۆ کراونەتەوە، بۆ ئێوەی خۆشەویستی چاپ کەم. دیارە تا ئەو جێیەی بۆم کرا، چەند جاران پێیاندا چوومەوە، بەو هیوایە کە شێعرەکان دوور لە هەڵە بن و «خاڵەمین» چی گوتووە، بە بێ دەست تێوەردان بنووسرێنەوە و بە دەست ئێوەی بەڕێز بگا. جا دەگەڵ ئەو هەموو و لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە، ئەگەر هەڵەی تێدا مابێ، ڕجام وایە بە گەورەیی خۆتان چاوپۆشی لێ بکەن کە هەر ئەوەندەم لە دەست هاتووە و ئەگەر ڕخنەیەکتان هەبوو و هەڵەتان وەبەر چاو هات، تکام وایە پێم ڕابگەینن هەتا لە چاپی داهاتوودا بەئێرووی کەم. هەروەها پاش حەول و دەول و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر،شێعری چەند لەو شاعیرانەی کە لە ماتەمینەی «خاڵەمین»دا گوتوویانە وەدەستم هێناوە، ئەوانیشم پێشکەشتان کردووە. بەڵام لەو شاعیر و هونەرمەندانەی کە لەو ماتەمینەدا شێعریان گوتووە و بۆم پەیدا نەبوون، داوای لێبووردن دەکەم و ئەگەر پاش چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە بە دەستم بگەیەنن دیارە بە خۆشحاڵییەوە لە چاپی داهاتوودا دەیانگونجێنم.

بۆ هەموو شاعیران و ئەدەب دۆستان و هونەرمەندان و نووسەرانی کورد کە بە زەوقی زەنوێر و زانایی خۆیان هۆی گەشەپێدانی هونەر و ئەدەبی کوردین، بۆ بەجێ هێنانی ئەو ئەرکە گرانەیان، لە خودای مەزن داوای سەربەرزی و سەرکەوتنیان بۆ دەکەم. بەپێویست دەزانم ڕێز و سپاسی لە ڕادەبەدەری خۆم بە سەید جەلالی نیزامی شاعری زانا و بەدەستهەلاتی کورد، شارەزا لە سەر زاراوەی سورانی و بادینی، لە بنەماڵەی بەرز و بەڕێز و کوردخوازی نەهری بۆ یارمەتی دان لە پێکهێنان و بە ئەنجام گەیاندنی ئەو کتێبە ڕابەگینم.

براتان دوکتور سەید عەزیز بەرزنجی



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# لە بارەی «خاڵەمین»

زۆر جار، زۆر کەسان سەریان لە من هەڵێناوە و داوایان لێ کردووم کە لە بارەی شاعیری گەورەی کورد «خاڵەمین» باسیان بۆ بکەم. ئەو داخوازییەی لایەنگرانی «خاڵەمین» لەبەر هێندێک کەند و کۆسپ کەمتر بە جێ هاتووە، یەکیان ئەمن خۆم لەو ڕادەیەدا نەدیوە کە لە بارەی گەورەپیاوانی ئەدەبیی کورد وەکوو «خانی»، «کۆیی»، «گۆران»، «هەژار»، «هێمن»، «هێدی»، و «خاڵەمین»دا بدوێم. دووهەم نە لە پێش مندا و نە دە زەمانی مندا ئەو ڕێباز و دەرفەتە نەبووە، پیاو ئەوەی هەیە لە سەر شتەکە ئاوا بڕوا، بەڵام ئەمڕۆ دە چوارچێوەی ئێراندا کە مەودایەک بۆ بڵاو کردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کراوەتەوە، بە بۆنەی نیزیکی من بە «خاڵەمین» لەسەر ئەو هەموو داخوازییە، هەتا ئەو جێیەی ئاگاداریی من ئیزن بدا، کورتەیەک لە ژیانی پڕ لە بڵیند و نەوی و بیر و باوەڕی وی کە وێنەیەک لە ژیانی هەر کوردێکی خۆ نەدۆڕێنە بۆو باس بکەم.

«سەید محەممەدئەمینی بەرزنجی» مەشهوور بە «خاڵەمین»، کوڕی «حاجی شێخ مستەفا»، کوڕی «شێخ غەنی»، کوڕی «شێخ محەممەدئەمین»، کوڕی «شێخ حەسەن»، کوڕی «شێخ سمایل» و ئەویش کوڕی «شێخ مارفی نۆدهی» بووە. دایکی «فاتمە» خانم لە تیرەی بەگزادەی بورهان و وەک باسی بۆ کردووم لە گەورەژنانی پارێزگاری کورد بووە.

لەساڵی ۱۳۲۸ی کۆچی لە گوندی «کۆکە» لە دایک بووە. شەش ساڵە بووە کە بەپێی شەڕی عەشیرەتی، برای گەورەی «کاکە حەمە» شەهید بووە. بابی ئەو گوندەی لە بەر چاو کەوتووە و فرۆشتوویەتی. پاش چەند ساڵێک لە ساڵی ۳۸ی کۆچی، باوکی «خاڵەمین» یانی «حاجی شێخ مستەفا»، گوندی «قزقەڵا»ی لە مەڵبەندی مەهاباد کڕیوە و «خاڵەمین» لەوێ گەورە بووە. بابی لە خزمەت مەلای گوندەکەی خۆی مامۆستا «مەلا کەریم» نەوەی خەلیفەی گراوی، دەبەر خوێندنی دەنێ.



نایابترین نەکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

«تەسریفی زەنجانی» و «عوامیل» و بڕێک لە «نمووزەج» لە لای وی دەخوێنێ و لە پاشان لەگەڵ برایەکی لە خۆی گەورەتر واتا «مەلا شێخ حەسەن» دەنێردرێتە «سابڵاغ» و لە مزگەوتی «بازاڕ» لە خزمەت مامۆستایان «مەلا حوسێنی مەجدی»، «مەلا محەممەدی لاجانی»، «مەلا محەممەدی ریشی بۆکانی» و «مەلا یەحیای بانەیی» دەخوێنێ. پاش دوو ساڵ هەر لە «سابڵاغ» دەچێتە مزگەوتی «حاجی سەید باییز» و لای ئوستاد و فەیلەسووفی گەورەی کورد «ئەحمەدی تورجانیجادە» درێژە بە خوێندن دەدا بەڵام لە لای وان خوێندنی بۆ تەواو نابێ، چونکە تووشی نەخۆشییەکی دێ و دوکتور پێی دەڵێ دەبێ دەست لە خوێندن هەڵگری و بچییە کوێستانێکی زەنوێر و خۆش ئاو و هەوا. خۆی دەیفەرموو لە لای وی خوێندنم تەواو نەکرد، بەڵام بە دوو گەوهەری بێ وێنە گەیشتم، یەکیان خوا بە تەنیا ناسینی و دووهەم هەستی نیشتمانپەروەری. ئەویش ئەو گەوهەرانەی لە مامۆستای زانا و ڕووناکبیری کورد «مەلا ئەحمەدی فەوزی» کە لە «سولەیمانییە»ڕا پەریوەی ئێران ببوو وەرگرتبوو کە لە دواییدا ئەو ڕۆشنبیرییە، بەشێکی زۆری لە کوردستانی ئێران داگرت.

گوتمان باب و باپیرانی وی لە «بەرزنجە»ی «عێراق»ەوە پەریوەی «ئێران» و وڵاتی «موکریان» ببوون. بنەماڵەی «خاڵەمین» ڕابەری ئایینی بوون و ئیرشادی تەریقەتی «قادری»یان کردووە. باوە کە خۆیان لە عەشیرەتی «بەرزنجی» بوون و لە باری ئایینی و ئیرشادەوە هاتوچۆی «تاڵەبان»یان کردووە و دەگەڵ ئەوەی ڕووحی ئایینی و عیرفانی زۆر تێدا بەهێز بووە، درێژەی بە شوێنی ئیرشاد و تەریقەت نەداوە و سەرەڕای ئەو هەموو زوهد و تاعەت و عیبادەتەی کە بوویەتی، پێی وا بووە بە ئەندازەی پێویست ڕێبەرانی دڵسۆزی ئایینی لە وڵاتدا هەن کە خەڵک لە باری ئایینی ڕێنوێنی کەن، لەبەر ئەوە چووەتە نێو ناخی خەڵکەوە و بایخی زۆری بە هەستی نیشتمانپەروەری داوە و بەرپرسیی چۆنییەتی ژیانی کوردەواری و ڕێ و شوێن و داب و دەستوور و هەستان و دانشتنیانی کردووە. بۆ هەناسەساردی و کەمایەسییان دڵی سووتاوە و دنەی داون هەتا لە خەو هەستن و دەست بە چاوی خەواڵوودا بێنن و



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

مافی خۆ بناسن و لە سەر داوا کردنی سوور بن، وەک لە ژێرەوە سەیری کوێستان دەکا و دەفەرمێ:

سەیری کوێستانێ خۆشە قاسپەی کەو — بۆ دڵێکی بەخەم دوو چاوی بەخەو
ئێستێ کەی وەختی باسی چا وخەون — سەر هەڵێنە ببینە هات و هەو
هەستە ئەی کوردە ڕاکە «ژینۆ»یە — دەستکە بەقسەی زەلام و توندو پتەو
«خاڵە»گیان شێعرت ئاو دەپڕژێنێ — لە گەلی چاوی نوستووی خەوخەو

دیسان کە دەبینێ بە گوێرەی زەمان داپەلوسانی گەل بە دەستی زۆرداران و خاوەندەسەڵاتی خەوەکە زۆر گرانە و کەمتر دەبیسن، درێژەی پێدەدا و دەیاندوێنێ و جارێکی دیش سکاڵا لە چاوی بە خەو و گوێی گران دەکا و دەفەرمێ:

زۆر لەمێژە ئەمن کە هەم چاونۆڕ — بۆ گەلی کوردەکانی بێکەس و زۆر
کەی بە دڵخوازی خۆ دەگەن داخۆ — خۆ ڕەهاکەن لە گورگ و بەستن کۆڕ
هێندە دەخوا خەمی ئەوان دڵەکەم — دەڕژێ فرمێسکی چاوەکەم چۆرچۆر
دەست بە چاوی خەواڵوودا بێنن — لۆکە لە گوێ، بڵیندبکەن ملی شۆڕ
«خاڵەمین» لێکدەکاتەوە بۆتان — دۆست و دوژمن چ زیرەک و پسپۆڕ

هەر لەو خۆیدا کە دەبینێ هێندێک لە ڕابەرانی ئایین لە ڕێوشوێنی خۆیان لایان داوە، دەرفەت دێنن کە لەو بێخەبەرییەی خەڵک بەهرە وەرگرن و بیانبرنەوە، «خاڵەمین» لە بەرامبەریاندا ڕادەوەستێ و دەفەرمێ:

گەلی شێخ و مەلایەکان تاکەی — بۆ عەوام جوان دەپێچنەوە سەروپۆڕ
ئێستێ ماڵیان دەخۆن بە مفت و خەزا — کاتی دیکەش لێیان دەکەن جلوو جۆر
دەستوو لەو خەڵکە هەڵنەگرت تا بوو — دین و دنیای ئەوا نەخۆش و کلۆر
نابینێ چۆن زەلیل و ژێرکەوتوون — فێر دەبن وا لەوان دەکەن هەی گۆڕ

بەڵام «خاڵەمین» زۆر بەباشی شیدەکاتەوە کە مەبەستی وی ڕێبەرانی ئایینی دڵسۆز و ئاشقی گەل نییە. بەڵکوو ئەو کەسانەیە کە بە خۆ ڕازاندنەوە و فێڵ و تەڵەکە بە ناوی دین و ئایین دژی گەل ڕادەوەستن و دیانچەوسێننەوە و بە هیچ

شێوەیەک لە بڕینەوەیان دریغی ناکەن، دەو شیعرانەدا هەردووک چینی ڕاستەقینە و نالەبار و ناڕاست لێک جیا دەکاتەوە:

ملکی کوردی هەژاری پڕ کوڕوکاڵ — بە قوڕپی گرتووە عەمامە و شاڵ
کام عەمامە عەمامەی بەدرۆ — کێهە شاڵ شاڵی گۆنگەڵ و تیتاڵ
جێی هومێد نین ئەوانە بۆ هیچ کەس — مەگەر ئەو گێژگەڵ و کوڕ و منداڵ

جا هەر ئەو کچانەی کە زۆر بە سەر و چاو و لێهاتووییان هەڵدەڵێ بە جێی هومێدیان دەزانی و دەفەرمێ ئەو کچانە:

بێجگە لە کوڕانی کوردەکانی خۆ — بە هەموو کەس دەڵێن سڕوسیپاڵ

ئەوانەش هەموو کوڕە کوردێک ناخوازن بەڵکوو:

ئەو کوڕانەی کە ڕوو بە مەیدان دێن — دووردەکەن تۆپی زل بەدەست و زۆخاڵ

هەر لەو ڕێبازەدا کە ئاڵۆزی و دەربەدەری و شپرێوی و ناکۆکی خەڵکەکەی دەبینێ، دەست هەڵدێنێ و لە خودای مەزن و ڕاسپاردەکەی داوا دەکا گەلەکەی بۆ نەجات دا و بە ئاواتیان بگەیەنێ، لە چوارینە مەشهوورەکەی هەموو جارێ دەیڵێ و دەیڵێتەوە:

بە هومێدی خودا و پێغەمبەر — بە دڵی گەرم و چاوی سوور و تەڕ
کوردەکان چیدی سەرنەوی نابن — هەر ئەوەندە نەختێ بۆ خۆ ئازا بن

«خاڵەمین» پێی وا نەبوو هەر تەنیا فرمێسک؛ هەڵوەراندن و پاڕانەوە و لالانەوە دەرمانی دەردە، پێی وا بووە دەبێ دەگەڵ ئەو شێنگێڕی و داخوازییانە لە هەر دەرفەتێک بۆ ڕاپەڕین و نەجات بەهرە وەرگرێ ئەوەیە لە پاش ڕووخانی حکوومەتی پەهلەوی و دامەزرانی «کۆماری کوردستان» لە مەهاباد، جگە لە وەی شێعر بۆخەڵک و وڵات دەڵێ، لەو پێکهاتە بەشداری دەکا و دەبێ بە ئەندامی «کۆمەڵەی ژ.ک» و سەدارەتی کومیتەی شارویران لە «لەج»ێ وەئەستۆ دەگرێ کە بۆ ڕێک خستنی کاروباری عەشایر پێک دێ و لە هیچ تێکۆشانێک بۆ پەرەگرتنی ئەو پێکهاتە دریغی ناکا. ڕۆژنامەیەکی کوردی کە لەو سەردەمەدا بڵاو دەکرێتەوە، ژمارەیەکی بە



تایبەترین تۆڕی کتێبی کوردی
Designed by: Emin Şabazi

دیاری بۆ «خاڵەمین» دەنێردرێ کە لە شاییانی خەنی دەبێ و لە وەڵامیاندا دەنووسێ:

رۆژنامەیەکی کوردی کە ناردت، بە دیتنی
ڕوون بوو تروسکەکانم و لە شاییانی بووم خەنی
بیکرە بە زێڕ و گەوهەر و بیخوێنەوە بە گیان
تا تێبگەی لە باس و دەمی ترش و شیرنی
گەر نەیکری بە ڕژدی دەڵێ نیشتمان: کورم
رۆڵێکی هیچ و تەمبەڵ و بێکار و ورگنی

هەر لە درێژەی ئەو هۆنراوەدا پێی وایە هەرچەند بە دەستەڵات و سەرکەوتوو بی، کە ئازاد نەبی بایخی نییە، بۆیە دەفەرمێ:

**گەر ئیختیار ماڵ و قسەی خۆت بەخۆت نەبێ**
**شیرت لە عاسمانێ بدەی هێشتە پێم چ نی**

لەو دەورە بە شاعیری گەورەی گەل و کۆمەڵ دەناسری و زۆربەی شێعرەکانی لە ڕۆژنامەی کوردستان بە چاپ دەگەن.

لە پاش تێکچوونی جمهووریی کوردستان لە مەهاباد بە سەرکردایەتیی خوداڵێخۆشبوو «قازی محەممەد» و ڕۆیشتنی بارزانییەکان، بە ڕابەری شێری بارزان «مەلا مستەفا»ی نەمر لە مەهاباد، هاوڵانی نیزیکی نەمر «پێشەوا»، هەریەک ئاوارەی وڵاتێکی بوون و «خاڵەمین»یش یەکێک لەوانە بوو کە ڕووی کردە سنووری ئێران و ئێراق و ماوەیەکی زۆر بە ئاوارەیی و ڕەنج و زەحمەت ڕایبوارد. لە پاش دامرکانی هێرشی دڕندانەی ڕژیم و پەیدابوونەوەی هێمنایەتی لە وڵات، دەگەڕێتەوە گوندی خۆی «قزقەڵا»، بەڵام بە مەسەلی کوردی دەڵێن «کەس هاواڵی تێشکاو نییە»، ئەو گەڕانەوەیە بەنیو خۆش بووە، هەڵدەستێت و دادەنیشێ هەڕەشەی بە ڕاپۆڕت و گوزاریشی لێدەکرێ، بۆیە بەشە ملکی خۆی لەو گوندە دەفرۆشێ و ڕوو لە شاری «میاندواو» دەکا کە بە گوێرەی زەمان ئەو شارە هێندێک دوور لە ئاژاوەی سیاسی و ڕووداوەکانی وڵات بووە و ماوەی شەش ساڵ دانیشتووی وێ دەبێ. لەو

شەش ساڵەدا بڵیند و نەوی لە ژیانیدا زۆر دێتە پێش بەڵام بۆوەی باسەکە کورت بکەمەوە تەنیا بەوە قەناعەت دەکەم ڕوحی ئاشتیخوازی و هێمنایەتی «خاڵەمین» بەیان بکەم.

ڕووداوی گەورەی ئەو زەمانە، بە دەسەڵات گەیشتنی «موسەددیق» و هەستانی چینی وەرزێر و کرێکار بوو کە ژینی ئاغاکانی خستە مەترسی و بە بەریوانی «خاڵەمین» زۆر لەو بنەماڵانە لە باری گیان و ماڵ و نامووسەوە نەجاتیان هات. پاش ڕووخانی «موسەددیق» و خۆ چەقاندنەوەی «پەهلەوەی»، چینێکی زۆری وەرزێر و کرێکار بەو بەریوانییە لە پەلامار و تۆڵەی ئاغاکان ڕزگایان هات و پاش شەش ساڵ مانەوە لە «میاندواو»، هەرچەند لە باری ماڵییەوە زۆر سەردەکەوێ، بەڵام ئیشقی «سابڵاغ» و هاودەمیی هاواڵان و هاوفکرانی پێشووی، بەتایبەت دۆستی نیزیکی وی مام «هێمن» دەیکێشێتەوە «سابڵاغ»، پێی وا بوو هیچ بەسەرهاتێک نابێ بۆ هەمیشە لە خاکی کوردەواری و وڵات بە تایبەت سابڵاغ بیپچڕێتەوە، ئەوەیە کە دەفەرمێ:

**«خاڵە» خاکی کوردەواری لێ کلی چاوی دڵە**
**ناڕوا لێی لەتلەتی کەن نەشبێ نانی پەنچکێ**

هەروەک ئاماژەم پێکرد، هەر لە سەرەتایی منداڵی و لاوی، ڕووحی ئایینی و عیرفانی تێدا بووە. هەرچەند تەمەنی دەچێتە سەر لێی زیاد و زیاتر دەبێ و لەو ڕێبازەدا دەتوانین ئاماژە بە شێعری «سکاڵا و پاڕانەوە لە خودای مەزن» بکەین کە هەموو پێکهاتێک و بوون و نەبوون و بیر و ڕا و توانایی و ژیان خۆی لە زاتی کیبریایی دەزانێ. شێعرەکان لەو بابەتەوە زۆرن، بەڵام هەر بەو چەند نموونە قەناعەت دەکەم:



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

گوورانم منداڵیم لاویم    پیاویم پیریم داکۆماویم
زانستم بیرم ڕامانم    دەر و ژوور ناحەزم جوانم
کچم کوڕم زۆر و کەمم    شادیم خۆشیم خەم و تەمم
دەردم ساغیم ژینم مەرگم    نانم ئاوم خانووم بەرگم
مردنم زیندووبوونەوەم    لێخۆشبوونم سەرسوونەوەم
خودایە هەر لە تۆڕایە    وەدوا کەوتنی دی خۆڕایە

هەروەها لەو شێعرانەی هەر بە ناوی خواناسی گوتوویە پەنا بۆ زاتی کیبریایی دەبا و داوای چارەسازی بۆ گەل و نیشتمانی لێ دەکا:

ئەوێستاش هەر بەخۆتە چارەسازی    لە گش بوون و نەبوونێ بێنیازی
ئەوی ئیسلامە یاخوا سەر وەتۆ بی    پەنا و پشتی گەلی کورد هەر ئەتۆ بی
ئەتۆمان ئافەرینی ئافەریدەی    دەڕێی پێغەمبەرا مافێکە بیدەی
دەزانی ئێمە کورد و بەشبڕاوین    لە چوار پێنج قۆڵەوە دابەش کراوین
دەهانام بێی خودای گەورەوگرانم    هەتا کەنگێ لە ڕێزەی نۆکەرانم
ئەمەش وەک خەڵکی دی با سەربەخۆبین    هەموو ئەستۆکەچی فەرمانی تۆ بین

یان دە جیناسێکی زۆر جوان و ڕێکوپێکدا خەڵک دەنگ دەدا بۆوەی دەس بدەنە دەستی یەک و لە تەفرقە و بڵاوی پارێز بکەن، چونکێ پێی وا بووە گەلی قۆڵقۆڵ و لێک دوور و لێک ڕەویوەلەش‌بەبارە و چی بۆ بە چ ناکرێ. لە لایەکی دیکەوە پێی وایە دەسەڵاتدارانی وڵات نابێ چینی هەژار وەلا نێن، چونکێ بۆ خۆشیان بە بێ ئەوان چیان بۆ ناکرێ. بۆیە دەفەرمێ:

ڕێکەکەون بۆ خۆ چیدی ڕێک مەکەون
چۆکی زل کۆڵەوارە بێ کوێزینگ

«خاڵەمین» لە شەڕی خۆبەخۆیی نێو کوردەکان زۆر پەشێوە و لەبەر ئەوە لە بەرامبەر ئەو ناکۆکی و ئاڵۆزی و دژایەتی و لێکدان و پێکدادانی هاوڕەگەزەکانیدا ڕادەوەستێ و هانیان دەدا ڕوویان لە قەڵەم کەن و بە هۆی بیر و زانستەوە ڕێوشوێنی نەتەوایەتی خۆ دامەزرێنن:



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
Designed by: Emin Şabazi

تۆ بڵێی بۆ مە پەیا بێ مەردێک
تۆ بڵێی هەستێ لە نێو کورد کوردێک

بڵێ من کوردم و هەر کوردم ئەوێ
جگە لەو مافە هەچی بێ نەیەوێ

تۆ بڵێی یەکتری کوشتن بەس کەن
تۆ بڵێی گوێ بە قسەی هیچکەس کەن

تۆ بڵێی تۆرەمە گیرخا قەڵەمێ
بەروبووی هی قەڵەمێ بکا هەڵەمێ

«خاڵەمین» پووڵوپەلە و زێڕ و زیوەری دونیایەی لە لا بێ بایخ بووە و شێعری بۆ زۆرداران و دەسەڵاتداران نەگوتووە، تەنیا لە کەسانێک دوواوە کە بڕوای بە بیر و باوەڕیان بووە. دەبینین کاتێک شێعر بۆ پێشەوا «قازی محەممەد» دەڵێ، پێی وا بووە ئاوات و ئامانجی وی پاراستنی گەلە و گەیاندنیان بە مافیانە واش نەبووە هەر پێی هەڵبڵێ و...بەڵکوو دنەی دەدا کە لەو پێکهاتە چینی کرێکار و لێقەوماو و داماوانی کوردی لە بیر نەباتەوە، چارەی دەردیان بۆ بکا و داماو و دەوڵەمەند بێنێتە ڕیزێک و کەس لە بیر نەکا، وەک لەو هۆنراوانە کە دەگەڵ پێشەوادا دەدوێ لێی دەوێ بابی فەقیر و بێکەس و بێدەسەڵاتان بێ و موساوات و بەرابەری لە بەینی خەڵک پێک بێنێ و بە تەرازوو، تۆن و پووت بێنێتە ڕێکی یەک و چاوی تەڕ و گلێنەی ئیشکی هەتیوی کورد لە بیر نەکا و لە وان جیا نەبێتەوە، جا بەو چەشنە لەگەڵی دەدوێ:

کاکی هەژار و هێدی و ئی هێمن و منی
بابی فەقیر و بێ دەستەڵات و ڕووت
پێی وەک یەکن براگەلی داماو و دەوڵەمەند
دەینێتە ڕێکی یەک بە تەرازووی، تۆن و پووت
چاوی تەڕ و گلێنەی ئیشکە هەتیوی کورد
وا چاکە تۆش پڵاوێ نەخۆی پڕپڕی بڵووت

«خاڵەمین» ئەوەندی دەبەرامبەر ئەو زۆرداران و دەسەڵاتدارانەی دەستدرێژی بۆ مافی مرۆڤ دەکەن توند و تیژ بووە، دەبەرانبەر هاوڕێیان و هاوفکراندا خۆی بە کەم گرتووە. وەک ئەو شێعرانە کە بۆ دۆست و هاوڕێی خۆی «سەید کامیلی زەنبیلی» دەنێرێ و ئەو بە کامیل و خۆی بە ناقیس ناو دەبا:



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

هەستە ناقیس بنووسە بۆ کامیل — شێعری تازە و تەڕ و بەتام‌وخوێ
«خاڵە» بۆ دۆستێت هەتا ماوە — وەکوو کێوە لە جێی خۆی نابزوێ

هەستێکی ناسک و دڵێکی ساغ و سەفا و وەفایەکی زۆری بۆ کۆنەدۆستانی هەیە. لە کاتێکدا لە ژێر زەبروزەنگ و توندوتیژیی ڕژیمی «پەهلەوی»، «خاڵەمین» و «هێمن» و «بڕەک»[1] لە وڵات خامۆشن، «هەژار» لە بەرەو موکریاندا هەڵمەتیان دەباتە سەر کە بۆ بێ‌دەنگن، یان ئەوەی دەبێ بیڵێن وای ناڵێن. «هێمن» و «بڕەک» زۆر تووڕە وەجواب دێن و بۆی دەنووسنەوە، بەڵام «خاڵەمین» هەر بە دڵخۆشی‌دانەوەی «بڕەک» قەناعەت دەکا و بۆی دەنووسێ:

بولبولی سەوزەگەشم بخوێنە — کە چریکەی تۆ «هەژار» بزوێنە
دابزانم چییە تووڕە و زیزە — بۆ چ بەهاری مە لە لای پاییزە

گوترا هەستی ئایینی و نیشتمان‌پەروەری و نەتەوایەتی بنچینەی بیروباوەڕی «خاڵەمین»ە. لە شینێکی کە بۆ «هەژار» و «هێمن» ب بۆنەی کۆچی دواییاندا دەیگێڕێ، ئەو دوو مەبەستانە دەردەکەوێ، بەڵام جگە لەو دوو شتە زۆر ڕێز لە هونەرمەندانی کوردی دەگرێ و هانیان دەدا کە گەلەکەیان سەرزیندوو ڕاگرن بۆ وێنە کاتێک «محەممەدی ماملێ» ئەو هونەرمەندە گەورەی کورد لە زیندانی ساواک دەردەچێ و دێتەو، «خاڵەمین» شێعری بۆ دەڵێ و زۆربەی گۆرانییەکانی «مامڵێ» دەو شێعرانەدا دێنێ و بۆخۆشی بە نیشتمانەکەیدا هەڵدەڵێ و سەرنجی «مامڵێ»ش بۆ لای نیشتمان و نیشتمان‌پەروەری و سەرزیندوویی گەل ڕادەکێشێ.

هەروەها «خاڵەمین» کوردی‌زانە و کەمتر وشەی جیا لە کوردی بەکار دەبا و بە زمانی خەڵکی دەدوێ، بۆیە شێعرەکانی زیاتر لە نێو وڵات جێیان کردووەتەوە و لە قەسیدەی «بانەمەڕ» - کە دوایە بەیانی دەکەین — و لە دەورەی سەربازیدا گوتوویە و ئاماژەی زۆری بە داب و داهات و ڕێ و شوێنی فۆلکلۆری کوردی کردووە، ئەوە

[1] کاک عوبەیدی ئەییووبیان نازناوی شێعری دەو دواییەدا «بڕەک» بووە.



تایبەت‌ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi


بە باشی دەبینین. هەروەها لە قەسیدەی «خاکی کوردەواری» شاکاری ئەدەبی کوردی بەکار دەبا هەم لە باری وەزن و هەم لە بارەی قافییە و وشەدا.

گوتمان کە دانیشتوویی «میاندواو» هەستی ناسکی وی پاراو ناکا و دەگەڕێتەوە «سابڵاغ» بۆ لای ڕەفیقان و هاوڕێیانی پێشووی خۆی، بەڵام جارێکی دی چەرخی سەرسووڕێنەری زەمان دژی ژیانی وی دەسووڕێ و ڕادیۆ مەهاباد دادەمەزرێ و داوای لێدەکرێ بە حکوومەتی پەهلەوی هەڵبڵێ و پەشیمانی لە ڕێبازی پێشووی خۆی دەرببڕێ. ئەوە گرانایەکی زۆری لە سەر شانی دەکا و بۆی قووت نادرێ، ناعیلاج ڕوو دەکاتە دۆستێکی خۆی، سەرۆکی عەشیرەتی «مامەش» لە بەرەی قادری و پاش سێ ساڵ مانەوە لەو گوندە لە سنووری «ئێراق»، کە دەبینێ بڕێک لە باری سیاسییەوە لە بیر چووەتەوە، دەگەڕێتەوە شاری «نەغەدە» و ماوەی تەمەنی لەو شارە دەگوزەرێنێ، بەڵام دوو ساڵی ئاخری عومری کە بە پێی تەمەن لە توانا کەوتبوو، تەشریفی هاتە ورمێ و ئەمن دەخزمەتیدا بووم. دەو ماوەیەدا چەند جار بە سەرکەوتوویی نەشتەرگەری کرا و لە باری سڵامەتییەوە لە ژێر چاوەدێری خۆم و هاوکارانمدا بوو و هەرچەند ڕۆژ بە ڕۆژ بەپێی تەمەن هێز و توانای خۆی لە دەست دەدا بەڵام هەتا ڕۆژی ئاخری ژیانی بیر و بڕوا و هۆشی بەتەواوی لە سەر جێی خۆی بوو و بە شێعر و مەتەڵۆکە و قسەی خۆش پەزیرایی لە میوانان و بەڕێزانێکی کە سەریان دەدا دەکرد. خێزانم کە لە بەرەی بەگزادەی «فەیزوڵڵابەگی» بوو چاکی خزمەت کرد و نەیهێشت لە ڕۆژانی ئاخری تەمەنیدا قەت کەمایەسییەکی هەبێ و لەو بابەتەوە لێی بەرمنەتم و هیوادارم ئەو ئاکارە جوانەی کە لە باب و باپیرانەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە، لاوان و کیژانی کوردەواری لە بیری نەبەنەوە و لە خزمەت گەورەی ماڵیاندا بن و بە «شوێنی ڕاگرتنی پیران»یان نەسپێرن.



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

هەرچەند ویستم ئەوەندەی بۆم دەکرێ و لە توانامدایە بە کورتی باسی ئەو شاعیر و عارف و زانایەی کورد بکەم، بەڵام هەشتا و شەش ساڵ گوزەرانی پڕ لە بڵیند و نەوی ئەو گەورەپیاوەی



کوردیم لەوە زیاتر بۆ کورت نەکراوە. دە ئاخریدا جگە لە نزیکی باب و فرزەندی شتێکی کە لە ڕادە بەدەر هەمیشە منی دە خزمەت ویدا ڕاگرت و ئەوەندەی دەتوانامدا بوو دە خزمەت خۆی و دەوروبەریدا بووم، ئەوە بوو ئەو پیاوە قەت نە دە سەرکەوتنی زۆردا خۆی لێ دەگۆڕا و نە دە شکستی گەورەدا خۆی دەشکاند.

هیوادارم خوای مەزن ئەمنیش و هاووڵاتیانم لەو مەبەستە گرینگە کە دە شانی گەورەپیاواندایە بێبەش نەکا.

دوکتور سەید عەزیز بەرزنجی



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# هەڵبەست و بیرەوەری



تایبەت ترین تۆڕی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# سکاڵا و پاڕانەوە لە خودا

زۆری جوانی بە زۆرەملی    لە دەستم دا بە چڵ و فلی
چ ما نەیکەم لە سووچی زل    درۆنی پەیمانی شل
ڕەوەڕ فێنی چاوبڕکێنە    شوورەیی بکە و مەیدرکێنە
بە شەو نوستن هەتا کو ڕۆژ    بە ڕۆژ خافڵان و گێژ و لۆژ

ئەی خودای خۆم خوای هەمووانی
سەد جار تۆبە و پەژیوانی

گوورانم، منداڵیم، لاویم    پیاویم، پیریم، داکۆماویم
زانستم، بیرم ڕامانم    دەرۆژوور، ناحەز جوانم
کچم، کوڕم زۆر و کەمم    شادیم، خۆشیم، خەم و تەمم
دەردم، ساغیم، ژین و مەرگم    نانم، ئاوم، خانوو، بەرگم
مردنم زیندوو بوونەوەم    لێخۆشبوونم سەرسوونەوەم

خودایە هەر لە تۆڕایە
وەداوکەوتنی دی خۆڕایە

هەرکەس وەک خەڵکی نەوسن بێ    بە خواردن و خەو وەک من بێ
ئاکارشی با زۆر چا بێ    بەڕاستی پیاوی خودا بێ
هەر مامۆستایە و پیاو چاکا    لەوە پتر هیچ بۆ کەس ناکا
ئەی خوا تۆ بی و هەر چاردەکەت    بمخەیە شوێن ڕاسپاردەکەت

ئەی خودای خۆم خوای هەمووانی
چاکی، پاکی، نووری، جوانی



Designed by: Emin Şabazi

دیلم بە بەندی تاوانم — سووک و سەرکۆنەی هەمووانم
ڕێوی بازی و سووڕاندنم — دین بە دونیا دۆڕاندنم
چەوت و هەڵەی زار و زمان — پێغەمبەری ئاخری زەمان
فرمێسکی ڕووزەردیم تکا — بە ئیزنی ویم بۆ بکەی تکا
پاداشی تۆش بدا خودا — بە خۆت و گەل دەستەی کە وا

ئەی خودای خۆم خوای هەمووانی
لێخۆشبووی سووچ و تاوانی

ملکەچ لە دەر ڕاوەستاوم — بێکەس بێ تێشوو داماوم
هۆی کردەی خۆمە شپرێوم — بە چاوی تەڕ، زەردەی لێوم
خودایە لێت خەجاڵەتم — بەزەییت بێ بە حاڵەتم
«خاڵم» سەری لێ سووڕماوە — چۆن سەر دەرکا لەو گێژاوە

چارەم هەر تۆی مەولای قەدیم
استغفرالله العظیم



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# خودا ناسی

شتێکە و گیان لەبەریە، خوانەویستوو
کەڕ وکوێر و لە ڕێدەرچوو، نەبیستوو

دەبینێ ئەو هەموو دەزگای گەڕندە
زەوی و عاسمان و ڕۆیندە و پەڕندە

دەبینی ڕۆژ بە تاشا سواری شەو بوو
شەو ئاوس بوو، سبەینێ کاتی زەوبوو

لە ساڵا دوازدە جاران مردنی مانگ
وەگیان هێنانەوە و لاوچاکی شەشدانگ

گوڵ و بولبول پەپوولە و شەم شەوانە
لە عاسمان دیتی سووڕی حەوتەوانە

هەزاران کاری سەرسووڕێنەری دی
نەدی و، ئەو کاروبارەی سەرسەری دی

دەڵێ گشتی لە خۆوە هەڵقوڵیوە
پلاو و گۆشتی من بۆ خۆی کوڵیوە

برا پێویستە زانا و هەڵقوڵێنێ
یەکێک ئاوری وەبەرکا و بیکوڵێنێ|

ئەمن بۆ تۆمە تۆ بۆ کێتە کاکە
بەخوا بەقسەم بکەی ئەوڕۆکە چاکە

سبەی بۆت نادری بڕیاری «وێتوو»
لە حاندی ئایەتی «لمایحیطو»

ئەتۆ پێت وایە سەرداری جیهانی
لە عەرز و عاسمان تەرخان و خانی

دەبێ خوا بێتە لات و بتدوێنێ
بڕێک میوەی بەهەشتت بۆ بهێنێ

تکات لێ بکا کە بڕوای پێ بهێنی
بە خێرا خۆت ئەتۆش جا بیدوێنی

ئەتۆ چ پیسی بێ هێزی نەخۆشی
بە دوو قوم ئاو و نانێک خۆفرۆشی

لە ژێر فەرمانی تۆی نێ کاروباری
دڵی تۆش چی نەویست بڕواتە کاری

ئەتۆ ئاوێکی شلوێ و بۆگەنیو بووی
لە دایکیشت کە بووی نادیوبدی بووی

دڵ و گوێ و چاو و بیر و هۆشی پێدای
لە نێو گش خەڵکی خۆیدا ڕێزی لێنای

ئەوێستاکەش لە جیاتی بەرمنەت بی
دەبێ بوا خۆنەناس و چەت وچەت بی؟

دەزانی چی؟ بە مێشێکی نەوەستای؟
کە وەستای تێگەیشتی کێی، نەوەستای

پەنام هێنا لە ترسی تۆ خودایە
لە ئەو بێباوەڕەی لاسار و لایە

لەبەر تاوانی زۆرم مات و سەرشۆڕ
وەخۆمان ناگرێ گۆڕیچە گا گۆڕ

لە زۆری کاری بەد ئاکاری بەدفەڕ
سەری مووانم هەموو لێ بوونە نەشتەر

دەپارێزین بە تۆ خۆمان خودایە
کە ڕەدمم ناکەوێ ئەو بیر و ڕایە

ئەوێستاش هەر بە خۆتە چارەسازی
لە گش بوون و نەبوونێ بێنیازی



Designed by: Emin Şabazi

دڵم بۆ بەقسەکردنی خۆتی هان دەی
هەزارجار بووردی، ئەو جاریشی قان دەی

ئەوی ئیسلامە یاخوا سەر وەتۆ بی
پەنا و پشتی گەلی کورد هەر تەتۆ بی

ئەتۆمان ئافەرینی ئافەریدەی
لە ڕێی پێغەمبەرا مافێکە بیدەی

دەزانی ئێمە کورد و بەش بڕاوین
لە چوار پێنج قۆڵەوە دابەش کراوین

یەکێ کەڵدەم ئەوانی دیکە بۆم دێن
بە تەنیام و ئەوانی دیکە لە کوێن؟

ئەگەر دەس دەینە دەستی یەک بە جارێ
بەزەی خواشن بە سەردا دادەبارێ

دەهانام بێی خودای گەورە و گرانم
هەتا کەنگێ لە ڕێزەی نۆکەرانم

نەمەش وەک خەڵکی دی با سەربەخۆیین
هەموو ئەستۆکەچی فەرمانی تۆ بین



تایبەت ترین تۆڕی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# به یادی خوالێخۆشبوو کاک«هێمن»

شاعیری میللی هێمنی کاکی  لاڵ بم ئەورۆکە دیلی ژێر خاکی
تۆ لەشت مردووە گیانت هەر بەرزە  رێز لە تۆ نان لە سەر هەمان فەرزە
تۆ چرایەکی پڕ لە پڕشەنگی  دایکی نیشتمانە بۆت دەکوتێ سینگی
شێرەڕۆڵێکی کورد و کوردستان  ئاخ کە مەرگت بەهاری کرد زستان
حاجی و پیرەمێرد و هەرچی نەمان  ڕاستی تۆ هەبووی لەجێگەی هەموان
ئەدەبی کوردی هەر لە تۆ جوان بوو  شێعری تۆ ڕابەری هەموومان بوو
خزمەتی تۆ بە گەل گەلێ زۆرە  نەتەویستت ئەوێستی سەرشۆڕە
گەنجەکانت گەلێ گەیاندوونێ  لە پلەی پێشێ تا تەواوبوونێ
ئەو جحێڵانە گەرچی زۆر گەنجن  خۆ سپاس بۆ خوا هەموو گەنجن
سروەکەت چەشنی سۆزی کوێستانە  نێوی پڕ میوە باغ و بێستانە
داخە سروە هەتیو بێ دوای هێمن  ئێمە شەرمەندە بین لە لای هێمن
ئینتیشاراتی هی سەلاحەددین  سروە مروە دەربخەن چین‌چین
«خاڵ» و خەڵکێکی زۆری کرد ڕەشپۆش  خۆی کە ڕۆیی وتاری جوانی خۆش
لە وتووویژەکانی با یاد کەین  گیانی مام هێمنیشی پێ شاد کەین
جا ئەوێستاکە کاتە دەست بە دۆعا  بۆی بپاڕێنەوە هەموو لە خودا[
ئەی خودای عاسمان و هی هەردی  ئەی پەنا و پشتی میللەتی کوردی
هێمنە و هێمنیش بووە بیبەخشە  ئەوی بیبەخشێ خۆش و خۆشنەخشە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
Designed by: Emin Şabazi

# به بۆنەی کۆچی دوایی
# خوالێخۆشبوو کاک «هەژار»

هەوا تاریک و تووش و تاڵ و سەرماوسۆڵ و زستانە
تەم و مژی داگری مەڵبەندی گش ئاران و کوێستانە

دەبینم گەل خڕی داماو سەرشۆڕ و بەگریانن
بە ئاخ و داخ و ناڵین و جەرگ سووتاو و بریانن

نەبولبول ئارەزووی خوێندن نە گوڵ مەیلی بە پشکووتن
نە خەندەی گوڵ بە دەم دیارە دەگەڵ داخ و خەفەت جووتن

دوڕ و یاقووتی فرمێسکانە دادەڕژێتە نێو کۆشان
دەبینی دادڕاوی یێخە داپرژانی سەر کۆشان

بەڵێ شینی هەژارە وا لە هەر لایێکی ڕۆڕۆیە
بەڵێ هەر چاوە شەتڵی خوێنی گەش هەر جەرگە بۆسۆیە

ئەتۆ نێوت هەژارە خۆ دەنا هەر دەوڵەمەند تۆ هەی
هەچێکی نووسەری کوردە بە پیاڵەی تۆیە مەستی مەی

لە دەریایی زەماندا گەمیەوانی هەر بەشی تۆیە
لە لای زانستی دەریایی تۆ یەکن بێگانە یا خۆیە

بە قانوون بووعەلی بەردی بناغەی زانستی دانا
بە وەرگێڕانی تۆ هاسان کرا بۆ بەرهەمی دانا

هەزار ساڵ تێپەڕی کەس نەیدەوێرا بێت و خۆی لێدا
فیدای مێشکی کوڕی کوردم هەزار کاناڵی وای تێدا

برا بووی بۆ گەلی کورد و چرا بووی بۆ هەموو دنیا
ژیابای بۆ ئەوانەی نیوەچڵ هێشتووتە سەد بریا



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

دەبا لێت بەرمنەت بن ئیبنوسینا و ئەحمەدی خانی
شەڕەف ئەو کاکی بتلیسی عومەر خەییام و دیوانی

بە وەرگێڕانەکەت ڕوونە ئەتۆش یەکێکی وەک وانی
لەگەڵ وان نۆش بکە لەولا شەڕابی ژین و هەرمانی

نەڵێن خۆ هەر هەژارێک هات و ڕۆیی کەس نەیبیدوێنی
هومێدم زۆرە بەو گەنجانە داپڕژێنە سەر شوێنی

وەرە سەیری دڵی «خاڵ»ت کە چەندە بۆت بە کوڵاوە
ئەمیش ئەوڕۆ و سبەی جا دێم بە دووتدا جارێ ماڵاوا

# ئەو چەند شێعرەش بۆ مامۆستا «هێمن» کوتراوە
# کە نیوەشی لە بیر چوونەوە و نەنووسراونەوە

تەوهینێ چۆن بە تووکی سەری تۆ دەکەم برا
حاشا کە بۆنی خۆشی سەرت عەتری سوێسنە

حافز بە خاڵی هیندووی بەخشی دوو شاری زل
ئەمنیش بە خاڵی سووری سەرت سەقز و سنە

هاواری ماڵ و باسی سەرم بوو زەمانی زوو
هەڵبەستی خۆشی من لە کن ئەو مشکە کلکنە

چەند ساڵە من دەهۆنمەوە شێعر و دەسکە گوڵ
تا بولبول تەبیعەتی تۆم خستە سەر قنە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

## پرسیاری «مەسعوود حەسەنپوور»

«مەسعوود حەسەنپوور» لە «عەزیز»ی کوڕمی پرسیبوو «بابت چۆنە زیندوو بووەتەوە؟»، جا مەبەستی لە چابوونەوەی نەخۆشی بووە یان دەوڵەمەندی؟ نازانم منیش ئەوانەم بۆ نووسی:

ویستبووت ژینم بزانی چۆنە زیندوو بوومەوە؟
وا لە سایەی لوتفی تۆ بۆ گەنجی تێهەڵچوومەوە

کۆنەدۆستانیش لەبەر ماقووڵی و رگیان بپچڕێ
گشتەکم سازە و دەموجێ دێم و بۆو دەدرووم‌ەوە

جاری جاران «خاڵ»ی خۆت بووم و لەبەر چی ئێستەکە
وا ملت بردۆتە قاپیلک و لە بیرت چوومەوە؟

لەو جەفەنگی جوان و خۆشم چۆنی «مەسعوود»ی عەزیز
زیز نەبی، بەخودا دەنا دێم وەک لمەد دەتسوومەوە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

ئەو چەند شیعرانەی «هێمن»یان بۆ خوێندمەوە، خۆشیم لێهات و منیش پێم خۆش بوو ئەو چەند شێعرانەی ڕەگەڵ خەم:

«بەهار بوو فەسڵی زستانم ئەگەر یارم لەگەڵ بایە
درۆیە گەر گوتوویانە بە خونچێکی بەهار نایە»
«هێمن»

کە دەبیینم بە دوولا دەبمەوە بۆی بەو سەری پیری
ئەگەر وەک هەم ئەمن بۆ وی، ئەویش بۆ ئێمە وا بایە

بنی مووانم خڕی دەتگوت درووی تێرادەچێ ئەوشۆ
کە بیستم شۆخ و شەنگم زیزە لە ژوانی شەوێم نایە

هەموو گیانم فتیلکەی دێ بە خرمەی خشڵ و خڕخاڵت
لەشم سەرپاکی وەخوروو دی لەشی تۆی ڕێخشابایە

مچوڕکێکم بە لەشدا دێت و چاوم پێدەقووچێنێ
ئەگەر ئەو شۆخە ڕەعنایەم شەوێ جارێکی لا بایە

هەناسەبڕکەمە سەرمامە گەرمامە و دڵەکوتکە
کە دیتم باب و کاکی دێن و تێڵایان لە دەسدایە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# بۆ سروە

ســروەکەی ناردووتــە حــەفتا لاپــەڕە
غــەیری ســروە چــی گــۆوارە، لاپــەڕە

هــەرچی دەیخوێنێتــەوە سەرمەســت دەبــێ
بێجگە لەوهــەی بێدڵــە و کــوێرە و کــەرە

نێــــوەرۆکی ســــروە ئاشــــتیخوازییە
دوژمنــی بــەدکار و بــەدخوو بەدفــەرە

گــەرچی ڕێکوپێک و کــەم نەخســە بــەڵام
وردەوردە بــــۆ ســــەرووتر تیپــــەڕە

تــا دەگاتــە ئــەو پــەڕی زانســتی ڕۆژ
دابــزانن ســروە تێــراو و تــەڕە

تــرش و شیرن تــام و خــوێی تێروتەسەل
وا نــەزانن ســروە لاواز و لــەڕە

«خاڵــە» لایــەنگیری ئاشــتیخوازییە
خەڵکــە بــۆ ئــەو خــوازە بوونــە فڕفــڕە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# «کۆکە»

«کۆکە»، ئەی «کۆکە» و ئەی نیشتمانم
خۆشەویستتر لە هەناو گیانم

«کۆکە» ئەی جێگە لە دایک بوونم
«کۆکە» ئەی مایەیی بیری روونم

«کۆکە» هەر تۆی بەتەنێ بەرکۆژە
خاکی کوردانە هەمووی بێ بۆژە

نیشتمان هێزی هەناو و دڵمە
کێو و دەشت و دەری ئاو و گڵمە

«کۆکە» جێت لێ نەبێ وەک بەهەشتی
لە حەوت دەرکە بە دوور و هەشتی

«چواردیوار» و «قەرەڵی»ت جیرانە
هەم «قزڵگومبەت» و «دەروێشانە»

«کانیەسەردار»ی تۆ ئاوی جوانە
ئاوی سەرداری هەموو کانیانە

«کانیەزێڕینە»تە ئاوی ژینە
«گردەبۆر» و «تەپیبووزان» شینە

«کۆلکەرەش» «مووچە درۆزنە» ماوە؟
وەکوو جاران «قوڵە بۆز» پڕ ئاوە؟

من وەبیرم دێ کرا جەنگەڵ و باغ
چڕ و هەڵدێری زەوی پێش «بارماغ»

«حاجی دەروێش بەگ»ە چاکی بە شەمە
گۆڕی هەر لاتە برام «کاکە حەمە»؟

تۆ ببووری لە هەموان ئەی خوایە
هەرچی گۆڕسانی لە «کۆکە»یدایە

«کۆکە» پێپان ئەوتی «شیراز»ی
بۆ مە مانانی جێگەی شانازی

«حاجی باپیر» و «حەقیقی» و «کۆکی»
«خاڵەمین»یش بڵێ ییخ دا کۆکی

ئێستێ جێی وانە بوێژت کێنە؟
چ لە گۆڕایە بفەرموو بێنە؟

داخەکەم ئێستێ ئەوانە دەگەنێ
بە دوو پۆند خۆ دەفرۆشن و دەگەنێ

چ سیاسی چ بەرەی عیرفانە
خڕی بۆ پارەیە بۆ گیرفانە

تۆ بڵێی بۆ مە پەیا بێ مەردێک؟
تۆ بڵێی هەستێ لە نێو کورد، کوردێک؟

بڵێ من کوردم و هەر کوردم ئەوێ
جگە لەو مافە هەچی بێ نەیەوێ؟

تۆ بڵێی یەکدری کوشتن بەسیکەن
تۆ بڵێی گوێ بە قەسەی هیچ کەسکەن

تۆ بڵێی تۆرەمە گیرخا قەڵەمی؟
بەروبووی هی قەڵەمێ بکا هەڵەمێ؟

خاڵی خۆم هەرچی لە پێش نووسرابێ
دەبێ هەرچۆنی قەڵەم لێیدابێ

ناهۆمێد نین لە بەزەت ئەی خوایە
هەمی لەو شوێنە هەمی لە دوایە

«کۆکە»گیان ڕۆیم و جا ماڵئاوا
ڕەبی تا هەمی لە جیهان بێ ئاوا



تایبەت‌ترین تۆڕی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

له وەڵامی «سەید کامیگ زەنبیلی» (ئاوات)دا نووسیویەتی. «خاڵە» لەبەر خۆ بە کەم گرتن، خۆی بە ناقیس ناو دەبا و ئەویش بە کامیل:

هەستە ناقیس بنووسە بۆ کامیل
شێعری تازە و تەڕ و بەتام‌وخۆی

دوای سڵاو دەس لە سەر سینگت
بڵێ بۆ زیارەتێکی بێمە کوێ

دڵی من ڕۆژ و شەو لە بیری ئەوا
دڵ و گیانم بە یادی ئەو دەدوێ

هەر منم دڵ دەداوی تۆ کەوتوو
هەر ئەتۆی ڕاگری منی بە مووێ

کێ بەڵام لەو جیهانی یان ئەوڕۆ
دڵی ئالۆز نییە و نیە شلوێ

کێ دەبیسێ لە کێ قسێکی خۆش
کێ دەڵێ هۆوە جوانە یا گروێ

چاوی هەچێکی دەبینێ نابێ ڕوون
دڵ هەچێکی دەبیسێ ناپشکوێ

کاری کورد گشتی حوللەمەرەسییە
هەموو ساڵ ماڵێ دانێ سەرلەنوێ

لە سەفی خواروباری ڕاوەستێ
شەو دەبێ هەستی ڕاگرێ و نەنوێ

هەر هەتیوە بە چاوی فرمێسکی
دایک و بابی نەماوە ناسرەوێ

دایکە میوەی دڵی لە دەس داوە
بابە پشتی شکاوە هەڵدەنگوێ

تانکە بۆ گیانی کورد دەناڵێنێ
شێرە بۆ سەربڕینی کورد دەسوێ

شەوێ هەرکەس لە ماڵێ سەر دەرخا
بچێ بۆ نوێژی جێ‌بەجێ دەنگوێ

کەی بزە دێتە لێوی گوڵ‌بەدەمان
گوڵی «هیوا»ی کوردی کەی دەڕوێ

بەرگی سەربەستی بەو دەزوو دەرزییە
خاو و باریکە بۆمە نادروێ

دڵی وێران و شێعرەکانی تۆش
هەر وەکوو جەرگی خۆمە توێ‌بەتۆێ

خۆ بەڵام ڕێی هومێد نەبەستراوە
دەس هەڵێنە و لەگەڵ خوا بدوێ

بە دڵی پڕ لە سۆز و جەرگی کەباب
بۆ سریوەی فریشتە هەڵخە گوێ

بەڵکە مزگێنی لای خوا بێنێ
بڵێ هەستە دەبەرکە بەرگی نوێ

لێک نزیک بوونەوە گەلی لێک دوور
نایەوێ هیچی مافی جوێ بە جوێ

قارەمانن هەموو نەترس و نەبەز
شەو و ڕۆژ وان لە شاخ و سوێگە و سوێ

هەربینا دیت لە نیشتمانی پاک
ڕایشەکێنێ سریوە ئاڵای نوێ؟

باشە چیدی سەرت نەئێشێنم
هەر بژی بەو زووە لەشت نەپوێ

«خاڵە» بۆ دۆستیت هەتا ماوە
وەکوو کێوە لە جێی خۆی نابزوێ



تایبەت‌ترین تۆڕی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

## بۆ پێشەوای مەزن «قازی محەممەد»

یارا قەسەم بە زولفی پەرێشان و خاڵی ڕووت
جەرگم لە سوێی تۆ کونکون و ناڵانە وەک فلووت

موتریب وە زمزمەی بخە تارت بە ناڵەناڵ
ساقی وە هەمهەمەی خە کەنارم بە ڕەنگ و بووت

تا ڕۆژی ئاخری ئەوەیە ئارەزووی من
دانیشتن و گوتن لە کەنارێکی ڕوویەڕووت

باسێکی خۆش دەزانم و وا پێت دەڵێم گوڵم
تا تێکەڵی بکەی شەبەقی ڕووت و ڕەنگی مووت

بیستووتە پێشەوای مە «قازی محەممەد»ـە
وەهـ وەهـ دە تێیکە پیاڵەیێ نیشەی سەرم بزووت

ڕێوشوێنی دینی، شەرعی و زانینێ دادەنێ
ڕێ شارەزایە بۆ مە لە دنیا و دین بە جووت

کاکی «هەژار» و «هێدی» و ئی «هێمن» و منی
بابی فەقیر و بێکەس و بێ دەستەڵات و ڕووت

پێی وەک یەکن براگەلی داماو و دەوڵەمەند
دەینێتە ڕێگێ یەک بە تەرازوێ تۆن و پووت

دوژمن بە دەست و پێی سپی و لاوی ترسەنۆک
ئاشق بە پیاوی کاسب و ئازا و ئاو و جووت

هەڵناوێ ئێستێ جەردە و ڕێگر سەری دڵی
کاغەزپەڕێنی خوێڕییە دەستی لە گیانی شووت

شوکری خودا کە کۆمەڵی خوێنخۆری کوردەکان
ئەوڕۆ لە تاوی گیانی دەخوێنێ دوعای قونووت



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

پێی خۆش بوو پێکەنینی کوڕی خۆی بە فیز و پۆز
منداڵی مەش بگری لە برسان و ڕووتوقووت

چاوی تەڕ و گلێنەی ئیشکە هەتیوی کورد
وا چاکە تۆش پلاوێ نەخۆی پڕپڕی بڵووت

بەس بی قسە و دوعا بکە بۆ «پێشەوا»یی کورد
یاخوا بژی بە شادی حیساب نەکەی عومری چووت

زیندوو بی ڕۆژ و شەو دڵی پاکت بە بیری خوا
دوژمن بدروێ شینێ لە شانی و ببێتە جووت

پێت چۆن حیکایەتێک بوو نیگاری لەبەردڵان
گوێ بگرە ئەو دوو شێعرە گلەییانە دووبەدووت

هاتوونە پێش ئەوانە لەبەر کێهە خزمەتی؟
کەوتوونە دوا لەبەر چی بچووکانی دەوری زووت

هەر «خاڵەمین»ـە یاری وەفادار و دڵڕفاو
شەرتە هەتاکوو مردنێ حەولێ بدا لە دووت



Designed by: Emin Şabazi

# جێژنی مەولوود و ئازادیی کورد

مژدەبێ ئەورۆ کە جێژنە کوڕی کورد
ڕەبی پیرۆز بێ لە نزیک و لە دوور
چ ڕەئیسێکە وەکوو بابی مەیە
پێیەکی لێرە یەکی «باکۆ»یە
جا دەبێ بۆچی لە دڵڕا نەنەوێ
تایبەتی میللەتی «شاروێرانی»
«شاروێران» مژدە بێ ئەورۆت باوە
«شاروێران» ڕیشەی جەرگ و دڵی مەی
مەرکەزی حیزب و کومیتەی لێیە
جێبەجێ بشتە سەری تەشکیلات
ڕۆدەنێ فێرگەیی هی کوردی لەبۆن
قەڵەم و دەفتەر و خانووی لە نوێ
شین دەبێ زۆر زوو برا ئەو تۆوە
تێدەگەی ئەو دەمە دونیا کە چییە
«شاروێران»یش کە دەپرسی کوێیە
هەر لە «ئازادە»وە تا «کۆسەکەریز»
یانی تا سەر «جەغەتوو» بڕوانە
لە سەرێڕا هەیەتی تا سەر چۆک
یانی نەیدایینی «محاڵ»ی شازدە
گەرچی لەو کارە ئەمیش هەر زیزم
«پێشەوا»ی کوردی چلۆن پێی چا بێ

جێژنی مەولوودی و ئازادیی کورد
بە سڵامەتیە ڕەئیسی جمهوور
چ کەسێکە ئولولئەلبابی مەیە
ئەو هەموو زەحمەتە هەر بۆنگۆیە
هەر کەسێکی نەیەوێ کۆستی کەوێ
کە دەبەر وی دەمرێنێ گیانی
شار وێران نابی و هەر شار ئاوە
مەسەلی کوردییە ئاو و گڵی مەی
پێن بڵێ دا بەرەڵستت کێیە
بێتە جێ بۆت هەموو ئاخ و ئاوات
وەرە جا بمرە لە خۆشیان و بڕۆن
ساز بکە گورج و شتی دیشی دەوێ
هەر ئەوەند نەختی سیوادت بۆوە
هەر خوداییکە کەسی دیکە نییە
هێندە ئەو خاکە کە شاییت پێیە
هەر لە سابڵاغەوە تا چۆمی بەهێز
بەشی بێ کێشەیی «شاروێران»ە
لاقەکانی دەپەڕێنن وەک لۆک
«خاڵ»ی خۆم لەو قسە کۆنەی بازدە
دیوتە نەمماوە چ پۆز و فیزم
ئەتۆ نازانی دەبێ هەر وا بێ



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# بۆ حیزبی نوێ

ڕەبی پیرۆز بێ لێتان حیزبی لەنوێ
چنا تۆوی یەکی و بەو زووانە دەڕوێ

هەناری شینی ساوای باغی ساواو
بگا سوورسوور و شیرن بێت و بگوێ

بە گوێیدا وا سریواندم فریشتە
گوڵی هیوایی کوردستان دەپشکوێ

بە من پێویستە گەنجی یا نە پیرێ
لە چارەی دەردی کوردستانێ بدوێ

نەوەک ماڵ خۆشەویستی خینگەئەستوور
وەکوو مالاتی هەر بخوات و بنوێ

پتەو بێ با قسەو وەک تۆپی «کەللە»
نەوەک تۆپی «ڕەزین» بقوپێت و بپوێ

ئەو پارچەیەی خوارەوە چەند بەیتێکی ونە
کە لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا چاپ کراوە.

شوکور ئاساری شێعری من بڵاوە  لە تۆکمەی «قزقەڵا» تا «گردەگڕوێ»
تکای «خاڵم» لە «هێمن» هەر/ئەوەندە  نەپێوی نیوە شێعرانم بە دەزوێ



Designed by: Emin Şabazi

ئەم پارچە هەڵبەستە بە بۆنەی ڕۆژنامەی «کوردستان» هۆنراوەتەوە کە هەر لەو، ڕۆژنامەیەشدا بە چاپ گەیشتووە:

ڕۆژنامەیەکی کوردی کە ناردت، بە دیتنی
ڕوون بوو تروسکەکانم و لە شاییانی بووم خەنی

ڕۆژنامەیەکی چۆنە ئەگەر باوەڕێ دەکەی
هەر دێڕی لاپەڕێکە کە چاکی پێشکنی

ڕاستەی ستوونی عەینی شەقامی «وەفایی»یە
بۆنی گوڵی گوڵاوە دەڵێی زولفی زێڕنی

بیکڕە بەزێڕ و بیخوێنەوە بەگیان
تا تێبگەی لە باس و دەمی ترش و شیرنی

گەر نەیکری بە ڕژدی دەڵێ نیشتمان: کوڕم
ڕۆڵێکی هیچ و تەمبەڵ و بێکار و ورگنی

ئەو خاریجەی کە کاسبی ساڵێتە یەک گەزی
خوریە و دەبەس بگێڕە بە قاپووت بەرگنی

گەر ئیختیاری ماڵ و قسەی خۆت بە خۆت نەبێ
شیرت لە عاسمانی بدەی هێشتە پێم چ نی

لێک دوور و وێک نەکەوتووە ئەشعار و مەتڵەبم
وەک تووکی چڵچڵ و سەرکاکۆڵی «هێمن»ی

«خاڵ»ت دەسەر بگەڕێ دژ مەبە لە گەپ
تۆ سەییدی و شاعیری میللی و برای منی

# خاکی وەتەن

دوێشەوێ زولفی وتی من وەکوو موشکی خوتەنم
خۆ لە لای من گەلێ بۆنخۆشترە خاکی وەتەنم

بۆ عەزیزانی لە دەس چووم و وڵاتی وێران
دەکوتم سینگ و دەڵێم کوانی «حوسێن» و «حەسەن»م

ئەوی بۆم ماوەتەوە گیانە لە ڕێی تۆی دانێم
هەر ئەتۆم خۆش بی بەسە جا چ بوو ڕووت و ڕەبەنم

چەندە چەوسامەوە بۆ ئەو گەلە سەرکەوتوو بن
لە سەر ئەو کارە بەخت بوو هەموو تین و تەمەنم

نیشتمان ئاشقی کێو و دەر و دەشتت تا هەم
بۆ گوڵ و کانی و کەویەت مەلە چووکەی چەمەنم

کەی وەدی دێ جمەوجۆڵی کوڕ و کیژی گەنجت
وا لە سوێی وانە دەسووتێم و دەڵێی دارەبەنم

بە فیدای دۆی مزری کوردە دووسەد پیپسی‌کۆلا
ڕانکوچۆ غەم مەرەزە چیمە لە پارچەی یەمەنم

زەردوماهم هەبێ خۆ نامەوێ عاسمانی قەڵێش
چی لە ویلایی ئورووپا کەمە دار و دەوەنم

قەت بە قالیچەیی کاشانی تۆ ناگۆڕمەوە من
بەڕە و جاجم و بەرماڵ و حەسیری جەگەنم

ئاوی ژینە هەموو کانیاو و شەت و ڕووبارت
خاکی پاکی تووە هەتوانی بڕین و کەوەنم

«خاڵ»ی تۆ ئێستە کە کۆم بۆتەوە خۆزگە دەبیات
کاتی گەنجی دەمی سواری لە سەر ئەسپی ڕەسەنم



تایبەت ترین تۆڕی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# بانەمەڕ

لە زستانێ ڕەها بوو دڵ بەجێ هات ئاخ و ئاواتی
بەهارە و خاکەلێوە ڕۆی بەخێرێی بانەمەڕ هاتی

زەمین[2] خەملێوە سەرپاکی هەوا وەک ڕووحە سەرتاپا
دەجا سۆفی هەتا کەی سەر لە نێو پێخەی خەیاڵاتی

ئەوانەی ئاشقی ڕوون باوەشی وان پڕ لە دڵدارە
ئەتۆش هەر وا خەریکی واهیمە و کەشفی سەماواتی

سەفی حۆریان تەماشاکە و بخوێنە زیکری لاحەولە
گەلی پێریان ببینە تا بناسی قودرەت و زاتی

بە چادر و چیغەوە کەوتوونە دەر ساحەب مەڕ و خێڵات
دەڵێی هوڕای نیزامە کاڕوکووڕی بەرخ و ماڵاتی

نەمێنم نابیەم سمکۆڵ و کۆڕەی ئەسپی سەرخێڵی
نەژیم نابینم ئێستی دیوەخان و داب و داهاتی

نە تاوڵی پڕ لە میوانی نە خزمەتکاری ساڵانی
غوڵامی دەست لە سەر گۆی خەنجەرێ بێ و چاوی لە وڵاتی

لە سەر جێخێڵی «خاڵ»م خێڵی کێ داخوا هەڵیداوە
لە جێی «تورجانی» داخوا کێ دەکا سەیر و مولاقاتی

لە جیاتی زەمزەمەی دەنگی گڕامافۆنی تاوڵی پار
ئەوێستێ قوولەقوولی «بایزی داود» و «حاجی» هاتهاتی

بەبێ وی تاڵە کوێستان و بەڕاستی چۆڵە «هەمزاوا»
براکەی خۆشەویستم «کاوسێن» تۆش بۆیە وا ماتی

بە باغی میللی و کافە و خەیابانی «ئورووممییە»
لە دڵ دەرناچێ مەیلی «شارویران» و دەشتی «شامات»ی

---

[2] زەوی



تایبەترین تۆڕی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

فیدای یەک کەویە بەفر و چیمەنی سەر «لەندی شێخان» بێ
گوڵ و گوڵزار و ڕستۆران، مغازە و شار و باغاتی

هەزار ئاغای فکۆلی و گەنج و دیپلۆمی سیاسی‌زان
بە قوربانی سمێڵی «خدرە گڕوێ» پیاوی عێلاتی

هەزاران فۆڕم و پۆزی خانمەکانی پاریس‌و ئەلمان
فیدای دەسرۆکەیی هەوریی کچی کرمانجی دێهاتی

دڵم وەک بەلبولی گۆیا دەخوێنێ ئاخ کە تێناگەم
هەوای «سابڵاغ»ـە کەوتۆتە سەری یا لەند و خێڵاتی

ئەوان مەشغووڵی عەیش و کاری ئێمەش لێرە دەرجایە
خودایی عالەم و ئادەم چ بێ باک و موبالاتی

دەزانی «خالەمین»لۆمەی نەکەن گەر یار و ئەحبابی
بەڕاستی دیتنی چادر و چیغی کوردستانە ئاواتی



تایبەت ترین تۆڕی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

بۆ گۆڤاری «سروە» کە ئەوەدەم لە «ورمێ» بڵاو دەبۆوە و سەرنووسەرەکەی «هێمن»ی هاوڕێ و هاواڵی «خاڵەمین» بوو:

بسک و خاڵی تۆ بە نێو بانگن و ڕەش
بەختی میش هەر ڕەشە بۆ من ڕەشە بەش

تۆ برا زەینێ وەنەوشەی ملکەچ
بۆ منی کورد سەری چۆن ناوەتە هەش

خوێنی ئەو لاوەیە لەوبەر پاڵە
پەڵە میسکەی کەوێ نەخشینە و گەش

ئەی گوڵم ئەی گوڵی سەرتۆپی جیهان
وەک لەوان یادێ دەکەی یادێ لەمەش

گوڵەمێلاقەیە کوڵمی گەشی تۆ
خاڵی سەر گۆنەتە تۆوی خەشخەش

کاری ئەمن و تۆ لە یەک نیزیکە
تۆ گیانی من و من بۆ تۆ لەش

«سروە»گیان بۆچی گەلت لێت بەگلەن
وەبکە خۆڕان بێ لە دوور وەک کەڵی بەش

وا هەلت هاتووە مەیدۆڕێنە
فەلە خۆی نایەڵێ دەرچێ دەمی کەش

مۆرەیی شانسە دەڵێم هەڵیاوێم
بەشکوو بۆم بێنێ چەلێکی دوو شەش

زوقی زەنوێرمە گوڵان دەڕوێنێ
وەک بەهار، سەوزە بە هۆی هەور و کەش

شێعری «خاڵ»ی تووە نێوبانگی هەیە
هەر لە «ئێران»ەوە تا «ڕۆم» و «حەبەش»



نایەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# چواربەند

سەیرێ کوێستانی خۆشە قاسپەی کەو
ئێستێ کەی وەختی باسی چا و خەوە
هەموو دنیا گەیی بە دڵخوازی
سەیری کە وەک گەنم چلۆن کەوتیە
وەختە گێژ بی لە نێوی ئەو گێژە
دێتە گوێم وا سەلاحی ئەییووبی
بۆچی ڕەنجی منوو بە فیڕۆ دا
هەستە ئەی کوردە ڕاکە «ژینۆ»یە
گەورەی ئەو کۆمەڵەش کە گوێی پێنەداوی
سواری ئەسپی تەبیعەتی سوارم
میللەتم دەردەکا لە دەس دوژمن
«خاڵە»گیان شێعرت ئاو دەپڕژێنێ
وا دەبینم دوو کورد دەست تێک دا

بۆ دڵێکی بەخەم دوو چاوی بەخەو
سەر هەڵێنە ببینە هاتوەوەو
ئێمە هەر باسی گیسک و بزن و زەو
گێژی بێژینگ و ڕاتڵەقانی کەو
وەختە پیسێی لە هاتوچۆی پڕ تەو
بانگی خەڵکی دەکا بە دەنگ و بەقەو
بۆچی داو ملکی خۆو بە گێت و بڕەو
دەستتکە بە قسەی زەلام و توندوپتەو
تفکە لەو مەجلیسە و هەڵێوە بەشەو
قەت نە لاواز دەبی نە پشتی جدەو
وەکوو ئەسپی بەکار و قۆز و قەڵەو
لە گەلێ چاوی نوستوویی خەوخەو
ئەو بە ئەمیان دەڵێ ئەویدی بەو

بە هومێدی خودا و پێغەمبەر
بە دڵی گەرم و چاوی سوور و تەڕ

کوردەکان چیدی سەرنەوی نابن
هەر ئەوەند نەختێ بۆ خۆ ئازابن

زۆر لەمێژە کە ئەمن هەم چاوەنۆڕ
کەی بە دڵخوازی خۆ دەگەن داخۆ
هێندە دەخوا خەمی ئەوان دڵەکەم
گوێو لە ئاواتی من بێ ئاغاوات
ئەو ڕەهامان بکا لە تۆڕی عەرەب
گەلی شێخ و مەلایەکان تاکەی
ئێستێ ماڵیان دەخۆن بە مفت و خەزا

بۆ گەلی کوردەکانی بێکەس و زۆر
خۆ ڕەهاکەن لە گورگ و بەستن کۆڕ
دەرژێ فرمێسکی چاوەکەم چۆڕچۆڕ
ئاخ بۆ چەند پیاوی ژیر و سواری شۆڕ
ئەم خلاسمان بکا لە ترکی تۆڕ
بۆ عەوام جوان دەپێچنەوە سەروپۆڕ
کاتی دیکەش لێیان دەکەن جلوو جۆر



Designed by: Emin Şabazi

دەستوو لەو خەڵکە هەڵنەگرت تا بوو
دین و دنیای ئەوان و خۆشوو کلۆر

نابینن چەن زەلیل و ژێرکەوتوون
فێر دەبن وا لەوان دەکەن هەیگۆڕ

ئێستەکەش پیاوی چابە نەچۆ بچێ
ڕاست و پاک بن درۆو نەمێنێ لە گۆڕ

دەست بە چاوی خەواڵوودا بێنن
لۆکە لە گوێ، بڵیند بکەن ملی شۆڕ

ئەوەیە ڕێی ڕاستی ڕزگاری
لە بوغز لە زگەکانی وا مچ و مۆڕ

«خاڵەمین» لێکدەکاتەوە بۆتان
دۆست و دوژمن چ زیرەکە و پسپۆڕ

پیاوەکانمان بە سەبر و بە دزی دەڵێن
ژن و منداڵیان بە زیڕ و هۆڕ

بە هومێدی خودا و پێغەمبەر
بە دڵی گەرم و چاوی سوور و تەڕ

کوردەکان چیدی سەرنەوی نابن
هەر ئەوەند نەختێ بۆ خۆ ئازابن

بچۆ لای کوردەکاکی ژێر و زرینگ
چونکە جێی کوردە دەس بنێ سەرسینگ

پێی بڵێ «خاڵەمین» دەڵێ تاکەی
گەنم و جۆ چان و پووڵ جرینگەجرینگ

عەرەب و تورک وا لە نێو کوردان
هەڵۆ کەوتۆتە نێوی قاز و قورینگ

هەرینا دیو بە تۆپ و بۆمباران
بووخەنە بەر هجووم و بەر شێلینگ

زۆر چەتوونە کە تێبگەن تاکوو
لە بناگوێو نەدەن بە پاچ و قولێنگ

پیاوی دنیایی یا خودایی بێ
سۆفی شەو یا هەواخۆرانی گزینگ

سەربەخۆیی وەگیر دەخا هەردووک
نەک بە حیزە بە خوێ و ڕینگەڕینگ

پیشەیی پێشینەو ڕەچاو کەن تا
کوڕی کەرویشکوو بۆ بێتە پڵینگ

شوێنی وان پیاوەتی بوو و ئازایی
بۆ عەرەب داندراوە گێز و گولێنگ

لە هەموو هەندەران بڵێن بە هەرا
نەک بە شەرمێونی و بە مینگەمینگ

ڕێککەون بۆ خۆ چیدی ڕێک مەکەون
چۆکی زل کۆڵەوارە بێ گوێزینگ

باوەڕم پێ بکەن کە بۆنگۆیە
هێندە دەگرم لە ئێوە من بەرینگ

دوێنێ بولبول لە نێو گوڵان دەیگوت
چەن بە سۆزێکی خۆش ورینگەورینگ

بە هومێدی خودا و پێغەمبەر
بە دڵی گەرم و چاوی سوور و تەڕ
کوردەکان چیدی سەرنەوی نابن
هەر ئەوەند نەختێ بۆ خۆ ئازابن



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

ملکی کوردی هەژاری پڕ کوڕ و کاڵ          بە قوڕێی گرتووە عەمامە و شاڵ
کام عەمامە عەمامەیی بەدرۆ          کێهە شاڵ، شاڵی گۆنگەڵ و تیتاڵ
جێی هومێد نین ئەوانە بۆ هیچ کەس          مەگەر ئەو کیژگەل و کوڕ و منداڵ
کە هەمووی تازە پێدەگەن تازە          وا خەریکن حەوا دەدەن بای باڵ
ئەو کچانەی کە دەستە دەستە دەڕۆن          دەڕفێنن دلان بە چاوی کاڵ
شووش و کێلگەردن و بەژن باریک          شۆخ و شەنگ و لەبەر دڵ و لێوئاڵ
داوای باریکی ناسکی بسکیان          دەگری سەد کەیقوباد و ڕۆستەمی زاڵ
بێجگە لە کوڕانی کوردەکانی خۆ          بە هومووکەس دەڵێن سڕوسیپاڵ
ئەو کوڕانەی کە ڕوو بە مەیدان دێن          دەردەکەن تۆپی زل بە دەست و زوخاڵ
وا بە سەر دوژمنا دەگوڕێنن          وەک لە کەروێشکی هەڵدەکشێ تەماڵ
ئەو قسانەی گوتم لە جووی پرسە          دەست لەستۆی دەدا و دەکێشێ وەباڵ

بە هومێدی خودا و پێغەمبەر
بە دڵی گەرم و چاوی سوور و تەڕ

کوردەکان چیدی سەرنەوی نابن
هەر ئەوەند نەختێ بۆ خۆ ئازابن



تایبەت‌ترین تۆڕی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# بۆ براکانی ئەرزەڕۆم

خزمەکان دێتە گوێم سەدای ڕۆڕۆ
دێ لە جەرگان هەناسە وەک بۆسۆ

بۆ براکانی «ئەرزەڕۆم» تێکڕا
چاو بە فرمێسک و لێکی دەست ئەژنۆ

بە هەناسێکی بۆچرووک پێوە
شوانەکان بۆ مەڕی دەکەن هۆهۆ

تا بەکەی چاو لە دەست و ملکەچ بین
بۆ هەموو شتێکوو خەڵکی لێی بۆژۆ

هەموو کەس خواردنی بۆتە شیر و شەکەر
هەر بەشی کوردەکانە نان و دۆ



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# «مامڵێ»م بولبولی کوردستانە[3]

بولبولم وا لە قەفەس هاتە دەرێ
«مامڵێ»م پێی بڵێ دا بێتە سەرێ

بورینگێنێ بە دەنگی نەرمی
دڵ ببرژێنێ هەناسەی گەرمی

بچریکێنێ بە دەنگی خۆشی
بڕفێنێ لە دڵی کوڵ هۆشی

ڕاڕفێنێ لە دڵان دەرد و پەرۆش
پێبکەنێ ڕۆڵە لە دەسچووی ڕەشپۆش

ڕاپەڕێنێ هەموو ئاخ و داخێک
ئاخ و داخێکی لە سەر دڵ شاخێک

دەنگی وا خۆش و چریکەی بازی
«ئەزغەر» و «باربود»ی پێنازی

لەنگەرێ دەگری بە باڵداری حەوا
«مریەمێ» کاتێ دەخوێنێ بە هەوا

«سوورەگوڵ»، «لالە بە دەست»ت چاکە
«جوانەمەرگت» ئەوە مینای خاکە

«یاریار»ت گوڵە فێنکایی دڵە
دەنگی تۆ دوژمنە بۆ مشک و مڵە

«خاڵی ڕێبوار» و «هەڵاڵە و زەمزەم»
بڵێ گۆرانی بە کوردی دەم دەم

خاڵە گیان دەمدەمە تۆش بۆی بوەنە
تاکوو سارێژ بێ لە دڵ ئەو کەوەنە

خاڵی خۆشت کە بە دەنگت مەستە
دڵی مەشکێنە لە دنیا بەستە

«مامڵێ» بولبولی کوردستانە
هەر بژی، نەمری ڕەبی بەو زووانە

دەیدەی ئەو دەنگی بریندارت بێ
دڵ برینداری مە هەر کارت بێ

تاکوو نیشتمان بێ بە بەزمت ئاوا
نیشتمان گیانی من ئەوڕۆت باوە

نیشتمان ڕیشەیی جەرگ و دڵی مەی
مەسەلی کوردییە ئاو و گڵی مەی

خاڵی من چونکێ گەلێ دەربەدەرە
شەو و ڕۆژ خواردنی خوێنی جگەرە

گەر دەڵێی چۆن دەخوری خوێنیجگەر
خوێن بەشی خواردنی کوردانە مەگەر

بەڵێ خوێن جەرگە بە فرمێسک ئەڕژێ
لە گلێنەم دە گلێنەم دەپژێ

ئەی خودای گەورە هەڵێنەگری لە وان
نۆرە گورزی مە بدەی ڕۆژ و شەوان

ئینچەلیش بێتەوە نۆرە و کەڕەتن
تاف و ماف و هەل و هات و هەڕەتن

---

[3] بە مناسبەی رهابوونی «مامڵێ» لە «ساواکی» جەهەنەمی «حەمە رزا شا»



کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# ڕاوی شاخی

ئەوی دەیبینی پیادە و تاجی پێیە
دەچی بۆ ڕاوی شاخی و ئەسپی پێیە
دریغ بۆ کاتی ئەسپ و ڕاوەتاجی
مخابن بۆ دەمانی هاروهاجی
بە خۆدا شکامەوە لەو بیر و ڕاوە
لە نێو کوردان نەبێ باوی نەماوە
نە ئاکارێکی چاکم لێ بەجێ ما
نە چم لەو کارە هیچ و پووچە پێ ما
نە زانستێکی باشم خستە سەر یەک
هەچی کردم دواکەی هەر پەک و پەک
بەجوانی ڕاوەتاجین پیشە بوو کار
بە پیری دیم هەموو کەوتووینە ژێر بار
بەلێ هەر کەس بە منداڵی نەبێ پیر
کە پیر بوو دەستوپێی دەخرێتە زنجیر
شەو و ڕۆژ ڕابوێرێ و دەسبەتاڵ بێ
دەبێ وەک ئێمە جێی زیندان و چاڵ بێ

لە مێروولە لە مێشهەنگوین و مێشێک
نەهەندراون دەبینن قەننەکێشێک
ئەگەر وەک مانگ و ڕۆژ و حەوتەوانە
بسووڕێی پێدەگەی هەر بەو زووانە
ئەگەر بەقسەم دەکەی تا پێت بڵێم ڕێی
کە ڕۆیی و پێگەیشتی تێدەگەی کێی
ئەتۆش بنیادەمی وەک خەڵکی دیکە
کە هەر بەندەی خودای و هیچی دیکە
بە ئازادی لە دایک هاتیە دنیا
ئەوێ ڕۆژێت نەبوو هیچ خۆزگە بریا
دڵت پڕ بوو لە هیوا و کامەرانی
دەمت پڕ پێکەنین و شادمانی
بەڵام ئێستێ لە تاوی نان و خانوو
لەگەڵ کوردایەتیشت ناکوڵێ دانوو
لە ئەستۆت بێتەوە زنجیری دیلی
سەرت دانەنوێ بۆ فەرمانی فیلی
لە پێشدا یەکدیگیر و یەکسەدا بن
لەگەڵ یەک بێ فڕوفێڵ بۆ خودا بن
لە پاشان سەربەخۆیی بێنە گیرت
بە نرخی خوێنی ئاڵ و بیری ژیرت
قوڕی کوێ کەم بە سەر خۆمدا لە داخوو
لە سوێی ئەو خاکی خاوێن شاخوداخوو
کە دەیکەن ئەو گەلی دڕەندە پێشێل
لە دەردومەرگی مەش خۆیان دەکەن گێل
ترک پێمان دەڵێن ئەی ترکی کێوی
ئەتۆ ترکی لە کێوی یا نە دێوی
دەڵێن فارس ئەمە و کورد ئاریایین
بە خاک و خوێن و ئاور و ئاو و ئایین
عەرەب دێت و دەڵێ ئێمە براینە
براینە وەک چراینە تێکخراینە
خەریکن یەکچەلی چارەڕەشم کەن
لە نێوخۆ تیکەتیکە و بەشبەشم کەن
دەنا بۆ دەمخەنە بەر تۆپ و تانگێ
چەلێک ڕێم نادەنی بۆ پووڵی بانگێ
بە قەمچی بۆ سەرم سەرپاک دەگروێ
هەچی پیتی زەویمە پاک دەدروێ



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

که‌له‌مچه‌ت دابڕێ ده‌ست و په‌لی من
جلی نه‌رم و وه‌تاغی گه‌رمی تۆ بێ

که نه‌مرم پێت به‌جێ دێڵم زه‌وی خۆم
ئه‌گه‌ر له‌و خاکی کوردستانی خۆم
له‌گه‌ڵ تۆش نابێ بڕوا بزگوڕێکم
ئه‌گه‌ر مردم ئه‌میش گه‌نجم له جێ هه‌ن
ئه‌رێ ئه‌ی گه‌نج و لاو و کیژی کوردی
ئه‌وانه کوردنوێن و زۆڵ و بیژوون
په‌ره‌ی نه‌گرێ هه‌تا ئه‌و تیره پیسه
ئه‌رێ ئه‌ی کیژ و لاوانی جوانم
ده‌زانن ده‌رد و ده‌رمانی مه چۆنه
له خۆن زیاتر که‌ست دیوه براکا
ئه‌من کردم ئه‌تۆ نه‌یکه‌ی ده‌غیل بێ
بخوێنن شوان و گاوان مه‌زن و میروو
ئه‌رگه‌ر نه‌خوێنن ئه‌نگۆ پێم بڵێن چن
به زانستێ شه‌قامه کوێره‌ڕێیه‌ک
هه‌موو فێر بن زمان و ده‌رسی کوردی
په‌ڕت وه‌رگێڕه با نۆره‌ی «عه‌زیز» بێ
عه‌زیزم پێت ده‌ڵێم دیسان عه‌زیزه
ئه‌تۆ پێم خۆشه خوناس و به‌دین بی
سه‌رت دانێ له‌گه‌ڵ جه‌رگی که‌بابت
نه‌حایشێنێ که بۆ ئامانجی خۆمه
گوڵت سووودانی و چاوت حه‌به‌ش بن
«ڕه‌زا»و «جه‌عفه‌ر» و «ئارام»و «ئه‌نوه‌ر»
ده‌زانی یادگاری خۆمه «مریه‌م»
ئه‌وانی دیکه‌ش هه‌ر سێ خوشکی خۆتن
ئه‌من پێم خۆشه دوکتور بۆ هه‌ژاران

له کوێنێ سازکرێ به‌رگ و جلی من
به‌شی مه‌ش نانی جۆ پێخۆری دۆ بێ

به رۆژی‌ڕوون ئه‌که‌م لێڵێ شه‌وی خۆم
ڕه‌پاڵمنای ده‌زانی جا چلۆنم
ده‌زانی ئه‌و ده‌مه‌ی جا چۆن کوڕێکم
سه‌گی زیانی‌خوڕو له‌و خاکه ده‌رکه‌ن
ده‌هه‌ستن ڕاویان نێن بیژی کوردی
له کوردستانێ بابیان توون‌به‌توون چوون
ده‌غیلتم خوێنی جه‌رگیان هه‌ڵمیسه
به چاکیو داوه‌تێ گوێ بۆ قسانم؟
برینی ئێمه چه‌ن ناسۆری کۆنه؟
به ده‌ستی خۆی له خۆی ماڵێ خراکا
ده‌به‌س بێ تابه‌که‌ی ته‌و تۆوه دیل بێ
ژن و پیاو و کوڕ و کچ جوان و پیروو
له هیچ بانکێک و بازاڕێکی ناچن
نه‌زانی شار ده‌کاته کوێره‌دێیه‌ک
دڵاوایی و سواری و ڕه‌ند و مه‌ندی
مه‌رگ بۆ جوانی نامۆخواز و حیز بێ
له‌چی‌ڕا پێتوویه بابی تۆ زیزه؟
له ژێر فه‌رمانی من ئه‌سپی به‌زین بی
له پێناوی دڵئێشی دایک و بابت
«عه‌زیز» باوه‌ڕکه بۆ قازانجی تۆمه
نه‌هێڵی که‌مسه‌واد و چاره‌ره‌ش بن
«سه‌لاح»و «زینه‌ت»ن شه‌ش‌دانه گه‌وهه‌ر
دڵی ڕابگره وه‌ک گوڵ بۆی به مه‌ڵحه‌م
له جێی جه‌رگ و هه‌ناو چاو وبرۆتن
وه‌لانێی مه‌یلی خاوه‌ن پووڵ و پاران



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

ئەوانە زگزل و بێ کاروبارن      لە سەر شانی گەلی خۆ قورسەبارن
پڕۆفسۆرن لە لای خۆیان سەرۆکن      کە وردیان تێوەڕامێنی بنۆکن
ئەمن پێم خۆشە یاری بێکەسان بی      دژی ناپیاوی و خۆهەڵمسان بی
ئەوانەی بێکەس و پشت و پەناهن      نەدارن خاوەنی سووچ و گوناهن
بە دڵ تێکۆشە بۆ ئەو دەستە دیلە      دڵت بۆیان ببێتە دەستە چیلە
خودایە وەک وتم تۆ پشتیوان بی      لە هەردوو لا بەزەت بۆ گشتی وان بی
«عەزیز»م بۆ بە دارێکی بەری کەی      لە شێتان و لە شەیتانی بەری کە
من و«عەیز»و «عوبەیدوڵڵا»و «عەوڵا»      بە ڕێی ڕاستا بەڕێمان کەیتە ئەولا
«عوبەیدوڵڵا» و «عەوڵا»م بۆ تەواو بن      بەدین و دەوڵەمەند و شەنگەلاو بن

## دیسان «عەزیز» دەدوێنم

ئەتۆ پێم‌خۆشە جوان و ڕێکوپێک بی      لەگەڵ هی ناحەز و نالێکی لێک بی
کوڕم ڕووخۆش‌بە نێوچاوان گوشا بە      لەسەرخۆ کەمدوێ بە و پیاوی چا بە
ئەگەر دەخوێنی بۆ زایمان و مامان      فڕێدە پووشی مامان و نەمامان
لە دانیشگا مەچۆ نێو دەستەبەندی      لە نێو کوردان پەسندە قووڵ و مەندی
نەچی وا بکەی کە هەس‌کەن بیروهەستت      «عەزیز» بەقسەمکە تۆئەو چاوی مەستت
لە دڵ مەڕوێنە بیری «داروین»ی      لەڕێی مەیموونی لادەو مەچوە شوێنی
دەزانی خواپەرەستی چەن گرینگە      کەسێ بەو ڕێیەدا بڕوا زرینگە
ئەمن نایدەم بە تەختی شای زەمینێ      گڵی جێ‌سوجدە هەتوانی برینێ
خودات ئەڵلا بێ پێغەمبەر محەممەد      ئەتۆ و قورئان بە تا ژێر بەردی ئەلحەد
بەزەی خوا داگرێ ئەمن و ئەتۆ و وان      لە میر و مەزنەوە تا شوان و گاوان



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# نان و هەڵوا[4]

برا بیستووتە دەنگوباسی خۆش و تازەی ئەو دوایە
لە هەر لایە هەرایە گوڕڕەیە هەڵپەڕکەیە کایە

لە پاش چەن چەرخێ چەرخی چەپ گەڕانی خوازی دوایی هات
ئەرێ خەونە، ئەرێ ڕاستە؟ نەخێر وا لوتفی مەولایە

دەزانم بۆچی تۆ دەگری، دەزانی بۆچی من دەگریم؟
هەموو فرمێسکی خۆشی و شادمانی و بەندەیی خوایە

بە تاقیم کردنەوە فرمێسکی شادی و شینی خەمباری
لەوێ جوان و جحێڵ، لەمیان قەدم گۆچان و دوولایە

چییە با تێبگەم ئەمنیش چ باسە وا کە سەرمەستی؟
لە خۆشیان باوەڕێ ناکەم دەڵێم بیڵێم و بۆم نایە

ڕەبی پیرۆز بێ نەورۆزوو، خوا لێو تێکنەدا پۆزوو
لە ئێمەش نەخشە بێ سەربەستی و ئەو شادی و شایە

ئەوا دوایی بە ڕۆژ و چارەیی ڕەش هات و دامەزرا
سنوور و ڕێوشوێن و داب و داهاتیش لە کارایە

بەڵام بیستووتە هۆ هۆ هیچ نییە گۆگۆیە پێویستە
لە داگرتن لە ڕاگرتن چەتوون لای ئێمە ئەو لایە

لە سەربازی گرووهبان بووم و ئەفسەر پێی گوتم: بەرخم
نیشانی شانی هاسانە، کەسێ ڕاییگرێ ئازایە!

---

[4] بە موناسەبەی ڕێککەوتنی «بارزانی» دەگەڵ «البزاز» گوتراوە.



تایبەت ترین ئەرشیڤی کتێبی کوردی
Designed by: Emin Şabazi

بڕۆ جا ڕامەوەستە لێخوڕە بۆ پێش بە ڕۆژ و شەو
دوعای «خاڵ» و سەر و ماڵیشی پشتیوانە لەو لایە

بە گژیاندا دەچین گەر لانەچن شڕیان دەکەین یەکسەر
شەڕی ئێمە لەگەڵ وان، لای مە جێژنی بووک و زاوایە

بە تۆپا بێتە پێشم من بە تێلا پێشی پێدەگرم
بە هۆزی بێتە سەر ڕێم، من بە کۆزی دەیبەمە دوایە

وەرە سەیری کە ڕۆژی خۆی و چاوی لێ کوڕی کوردی
هەڵۆبردێ هەڕوگیڤێ دەبا ڕۆڵە لە بەر دایە

دەبەر ئەو خەنجەرەی بە خوێن و سێرەی ڕاستی تۆ دەمرم
دەپێناو ناڵی ئەسپی تۆ بێ تا هەی چۆڵ و ئاوایە

فریوی ڕێویە تۆپیوەی نەخۆی جاری برینداره
دەنا چۆن بەو زووانە ئەو سەیە بۆت دێتە ڕادایە



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# به بەرهەڵەستەکان دەڵێم

دەزانی ماڵی بە جڕوجۆنگ و داپڕژاو چ ناخۆشە
هەڵیوێژێرە بیماڵە هەڵیدێرینە دەریایە

هەناوت لێ خرابێ و داوەشێی و داتوڵێی ڕۆڵە
ئەتۆ یەڵچی ئەتۆ تێلچی ئەتۆ و ئەو زار و زوڕنایە؟

دەر و ژوورت بە پیتۆڵان و بیری پیری بسپێرە
سنوورانت بە لاوی توندوتۆڵ و پیاوی وریایە

بە خاڵە و مامە و کاکە و براڵە یەکدی بدوێنن
خەیاڵی خاو و کەللەی کۆنە دەعیەت بەرز وبالایە

وەدوو خواناسی مەزنی خۆن کەوین و هەر برای یەک بین
جیاوازی لە بەینا با نەمێنێ شوانە یان شایە

گەلیش سەرپاکی کۆمەکتە و بۆ خاتری خوێنی لاوانت
هەتا دنیا هەیە لێت تێکنەچێ ئەو داب و دەزگایە

بە هێزێکی پتر تێکۆشە بۆ هۆزی دوواکەوتوو
بزانە چەن وەپاشکەوتووین و کۆزن چەندە ساوایە؟

دەزانی چاوەڕێم بۆ کار و پیشە و بۆ قوتابخانە
دەزانی دڵ بەجێم لەو خاکە جوانە ئاو و مەزرایە

بە بیری تیژ و لێوردبوونەوەی هی تۆ و سەرنجی من
دەژێر چۆکی دەنێین ئەو ئاو و خاک و ئاور و بایە

دەبن ئیستۆدیۆ، ئیستاسیۆن و سینەما و سەنعەت
ترێن و بێتەل و لابراتووار و ڕێ و کانگایە

بڕۆ پشت میز و جا دایکت دەبەر سیرەی قەڵەم بمرێ
بزانم ڕێکوپێکی چۆن دەکە ئەو داد و دنیایە

گوڵی گەنمم هەیە و نووکی بنووسم سازە پڕ جەوهەر
دەجا با کوێر بێ مشک و ڕایشەکێنێ با ئەو ئالایە



Designed by: Emin Şabazi

سپاسم بۆ خودا خاکم بەهەشتە و کەوسەرە کانیم
گەلم دڵخۆش و کێوم سەوز و ئاڵاڵ و واڵایە

لە ڕۆژ دەرهات و ڕۆژئاوا لە زریان و شەماڵی خۆت
پەلت ڕاکێشە هی خۆتە سەگێ مرڕەی لە بەر نایە

سنووری پووچ و داتاشاو و عەرزی کوتکوت و لەتلەت
لە بەینی بەین و هەڵگەین ئەو گلۆڵە و داو و هەودایە

«تەعال» و «گێت» و «جوونی مەن» بڵێ خۆڵ وە تڕوتیتۆڵوو
بەسەرچوو کاتی پیاوخۆری، بڕۆ ماڵ، ماڵی کابرایە

جیاوازی بە دارایی و ڕەگەز لە دڵان گرانبارە
دەنا دەستم لە سەر سینگ بۆ وە مامۆستا و زانایە

درێژەی با نەدەینێ کورت و کرمانجی دووایی بێ
هەموو کەس پێم بڵێن «ئەو کارە چۆنە دوایی» پێم وایە

ئەگەر پشتوو وەپشتی یەک بدەن وەک مست لە چاوانە
ئەگەر هەر پێنجوو یەکدیگیر ببن وەک نان و هەڵوایە



Designed by: Emin Şabazi

# مامە کوردە

دەزانی ئەو کەڕەتەش مامەکوردە خۆی خڕ کرد
لە ماڵی میللەتی بێچارە کیسەکەی پڕ کرد

هەووەڵ بە ناوی دێموکرات و کۆمەڵەی ژێکاف
ئەوەی بڕێکی دەفامی ئەوانی سەرهوڕ کرد

لەدوایەدا ئەوی وەک چنگ و باڵ و دندووک بوون
بە یێکی گرت و بە یەکی پچڕی تا هەمووی قڕ کرد

وەباڵی کوردی بە ئەستۆی و لێکی کوردستان
لە دایەپیرە کوڕ و کیژی بۆچی بڕبڕ کرد

بلێم چلۆنی فریو دام و چۆنی چاو بەستم
چلۆنی دێ بەقوڕێ گرت و شاری چۆن شڕ کرد

قەتاری کاری وە هەورازی نامرادی خست
هەتاکوو جۆگەیی فرمێسکی سووری مەی خوڕ کرد

لە خوێنی جەرگ و لە دەنگ و دڵۆپی فرمێسکان
چلۆن کۆشی هەموانی پڕ لە گەوهەر و دوڕ کرد

لەبەر چی حیز و دزی کۆنی خستە سەر مێزی
لەسەر چی دەفتەری کوردخوازەکانی دڕدڕ کرد

سەقەت پچڕپچڕێکی وەدایکی نیشتمانی خست
کراسی عیففەتی ونجڕ بڕا بە ونجڕ کرد

هەتاکوو مەنجەڵی هێرشی بە پووڵی جۆش بگرێ
بە بێبەزە وەبەری نیشت و ئاوری گڕ کرد

هەتاکوو دوێنێ برات بوون لە دایک و بابێکی
ئەوێستێ چ بووە چ قەوماوە براگەلت زڕ کرد



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

براله نانی بەشی من هەویر و سەنگەک بێ
لە کێهە ڕێوە بەشی خۆت برشتە و کڕ کرد

لەباتی ئەسپی نەجیب و حدوودە، هێستر و کەر
لەغاو و زینی هەمانی قەیاسە و لوڕ کرد

بەخت تەمای بوو وەدووی کاری کورد کەوێ ئەمما
بگورجی لەبنەوە گورگێ ددانی لێ گڕ کرد

قسێکی هەق دەڵێ «خاڵت» بە شەتێ تووڕە نەبی
بزانە هیممەتی تۆش هەر ئەوەندی تێبڕ کرد



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# ڕمی تیژی کوردەکان

وەختی نوێژە و بانگ دەکەن حەییە عەلەل فەلا دەکەن
بانگی ئیسلامی دەڵێن و مافی خۆ داوا دەکەن

بۆ لە ئەقڵ دوورە کورد داوای حەساری خۆی بکا
خەڵکی دیکەش لێرەڕا داوا هەتا جاوا دەکەن

ئەورۆ ڕۆژی پیاوەپیتۆڵان و تافی کوڕی ڕەشە
تا هەلوو هەڵکەوتووە بۆ کۆزی خۆ ساوا دەکەن؟

ڕمبی تیژی کوردەکان کەوتۆتە سەر چاوی عەدوو
هەر ببزوێ دیبزێون تا بنی ئاوا دەکەن

کورد و کوردستانی قۆڵ و لکلکی دوێنێکەمان
ئەورۆ هەر چۆنی بفەرمێ «پێشەوا» هەر وا دەکەن



Designed by: Emin Şabazi

# خاکی کوردەواری

نانی خۆم نادەم بە بێگانەی درۆزن پەنچکی
بواری خاکی نادەمێ بستێ پەسیوێ پنچکێ

چەپ بنۆڕێتە گەلم دوژمن، وەهای تێڕاخوڕم
لێو و لووتی دەر بکا تێمیسک و زەردە قنچکێ

گیان لە سەر دەست و سەرم گۆیە لە ڕێت ئەی نیشتمان
چۆڕەچۆڕ خوێنم دەڕێژم تکتکەی زلفنچکێ

کوا خودا بەو ڕۆژەکا کوردیش ببێتە سەربەخۆ
ڕایەڵ و پۆ و تێوەدانی نەیبێ قەت گرفنچکێ

هەر بەزەی تۆیە پەنامان خۆ دەنا هیچکەس نییە
دەستی تێبگرین تەنانەت کلکی شایە کلێنچکێ

هەر لە مادێڕا بە بەژنم هەڵدەلێی و پێت برام
بۆ لە ماڵبەشکردنێ، بۆ تۆ هەموو،بۆ من چکی؟

کۆشکی من خانووی بە قوڕم و جێ و ڕێی تۆ کاخ و باخ
سەندەڵی بۆ نگۆیە بۆ مەش فەندەڵی سەر چینچکێ

لەو هەموو کانگایە شەوکوێریمە بێ نەوتە چرام
لەو بەر و بێستانە زۆرەم نیمە قیسکێ قونچکێ

گەر ددانی بێ کەبابم جەرگە بۆ پیرۆکە کەم
لەو ڕەنەی خۆم نابێ بڕژێنم کەبابی چینچکێ

وەک مە بێکار بن ڕەبی هەر ئاخ و باوێشک لە دەم
مەرگوو پێوەر بێ بە هۆی دوو نزگەرە و بەرسنچکێ

ڕێزی سەربەندم بخیچێش زەینی ڕۆژئاوایەکان
خوێنی ڕۆژدەرهاتی چۆن دەمژن لە گوێنەی مێچکێ



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

خاکی کوردستانی خۆم نادەم بە سەد «ئوسوێ چەڕەت»
یـا بـە عاسـمانی قەڵێشـی ئەمریکایـە قـولینچکێ

بەنـد و بـاوم بێتـوو وازم لێبـێ گیـانی دێنمـە بـەر
دەیکەمـە ئەسـکەنجەبین بـۆت خـاوەمێ و شـیرینچکێ

کۆمـەڵانی کـورد درشـت و ورد دەسـەر خاکـت گـەڕێن
هـەر لـە دەشـت و کێـوی سـەوزتڕا هـەتاکوو پسـنچکێ

«خاڵـە» خـاکی کـوردەواری لـێ کلـی چـاوی دڵـە
نـاڕوا لێـی لەتلـەتی کـەن نەشـبێ نـانی پـەنچکێ



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# شۆخی لەگەڵ کاکە «ڕەحمان» کوڕی کاک «بابەکر»ی «قەرەداغ» هاوالّی دەوری جەوانیم لە «شارویّران»

لە قسان چاپەزەکەی «خاڵەمین» زۆر خێل و خێس و خوار بووە و کاک «ڕەحمان» هاوالّی «خاڵەمین» هەمیشە ڕەخنەی بووە لە سەر ڕاگرتنی ئەو چاپەزە و ئەویش ئەو وەڵامەی داوەتەوە.

چاپەزێکم هەیە دەڵێی تێلە — بەژنی شمشاڵ و گەردنی کێلە
چایەکەی ڕەنگی چەشنی یاقووتە — بۆنی وەک میسک و عەنبەر و هێلە
ئاشقی دەست و ئیستیکانی وین — لێرەڕا تا دەگاتە هەرمێلە
هەڵدەسووڕێ لەبار و چا دەڕوا — خۆش‌جڵەو وەک کەحێلی سەعێلە
هەر کەسێ ڕەخنەیێکی لێ دەگرێ — دژبەسندێکی خاوە یان گێلە
چاپەزم چا دەدا بە دڵخوای تۆ — چت بەوەی داوە ساغە یا خێلە
کاکە «ڕەحمان» بە مەرگی تۆ شێعرم — هەر جەفەنگە و برا مەمشێلە
یان تەماحت ڕەبەر نەنیشێ و بێی — بەو تەمایەی کە شێلە وا و بێلە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

«حاجی باباغا» خاوەنی گوندی «وەزنێ» بووە کە لە مەڵبەندی نێوان «شنۆ» و «نەغەدە» هەڵکەوتووە. کوڕی «عەلیبەگ»ی کوڕی «خەلیل خان»ی خاوەنی ئاوایی «سیچان بڵاغ» و تیرەیەکن لە «بابا میری»یان کە ئەوانیش تیرەیەک لە بەگزادان. زەوقی شێعری هەبووە و زۆر جار شتی بۆ «خاڵەمین» نووسیوە و ئەویش وەڵامی داوەتەوە.

## پیرۆزبایی جێژن لە «حاجی باباغا»ی «وەزنێ»

ئەشعاری خۆش و باش و لەبار و لە باوی تۆ
بوونە مەبەستی مانی هەتا چەرخە ناوی تۆ

پێچی منت نەبەستە سەر و قارە پێت برا
شەرتە منیش نەچێتە سەرم قەت کڵاوی تۆ

ناگری لە خۆت کە وەرگری شووشەی گوڵاوی مە
متفەڕکە بۆچی بۆ مە نەچیری گڵاوی تۆ

کەرۆیشکی تێنەبەر بوونە کوژراوی وەزنە بێ
بۆ سەنگەسیری «هاشم»ـەکەی نێوبڕاوی تۆ

کەرۆیشکی تۆ نەهات و ئەدی پوورەپیرە بۆ
نانێرێ کەشک و لە منی وەچاوە نراوی تۆ

خۆزگە ببینم ئینچەلەکەش یانێ دووهەمیت
تێکهەڵگلێ و بگەوزێ لە داوێن و داوی تۆ

هەرچەن دڵێش و تووڕەم و قەڵسی لە سەر هەقم
دیسانەکەش هەمیشە دەنێرم سڵاوی تۆ



تایبەت ترین تۆڕی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

لەو کۆبژیویانە کە بۆ مانگی ڕۆژوەکەت
ڕۆنرا زلوویا و کەباب و چلاوی تۆ

بەشداره ملکەچ و کز و ڕووتوڕەجالی دێ
تێریان دەکەن ئەوانە لە گۆشت و پلاوی تۆ

بەشیان دەدەن کچ و کوری داماوی دێ کە دێن
یا هەر چزەی دێ جەرگ و بزەی دێ دوو چاوی تۆ

بۆخۆتە «هەمزە»خانە تە «ڕەحمان»ە چووکەڵە
شیشی کەبابی کۆرپەڵە و تازەزاوی تۆ

هەر ئەمن و تۆ بخۆین و ئەوانیش بە چاوەبز
کوا خوا دەبووری لە من و دەبەخشێ کراوی تۆ

پوورم هەمیشە دەستی بە دەسنوێژ و ڕۆژووە
بۆیان دەنێرێ کەوچکێ شۆربەی تراوی تۆ

«خاڵ»ت مەبەستی چاکەیی تۆیە بە مەرگی تۆ
ئەینا بە من چی بەرگی دڕاو و دراوی تۆ

هەر دەوڵەمەند و شاد بی و ئیمان و دین دروست
......................................................

پیرۆز بێ چێژنی تۆوە بە «ڕەحمان» و «هەمزەخان»
یاخوا نەبینێ مەرگی تروسکە و هەناوا تۆ

شێعرم هەمووی جەفەنگە لەبەر خۆشەویستییە
گەر هەڵدەڵێم بە تۆ و سەروپێچی بلاوی تۆ

کاری من و تۆ هەرچی هەیە و چۆنە دەگوزەرێ
کاری ئەوان چەتوونە برا بۆ بەساوی تۆ

ئەی کوردی خاوەنی ڕەگەزی پاک و خوێنی گەش
تاکەی زەوی بنەخشێ بە خوێنی جماوی تۆ

هەستە مەوەستە کاتە هەراکە هەڕاکەیە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

ئەی گیانی من مرێ دەبەر ئەو بەژنی لاوی تۆ

دەسدە تفەنگ و خەنجەری خۆت و هەڵیکەیە
ئەی نا بەکاری چی دێ لەشی داتولاوی تۆ

بگرە بکووژە بنجە ڕاماڵی، وادەیە
تێکیشکێنی دوژمنی بێگانەگاوی تۆ

تالانی بینە ماڵی و خاکی بە توورەکە
تەختیکە تاکوو بستێنێ تەختی ڕفاوی تۆ

ئەی کردگاری بوون و نەبوونی هەموو شتێ
ئەی پادشاهی گەورە هومێدم بە ناوی تۆ

مەزاری کوردی دڵبەخەمی تازەداچناو
چاوەدێری چاوەدێرییە تینووی شەواوی تۆ

هاوارە لەو تەپومژی زستانی نەگبەتی
نۆرەی بەهارە خۆ هەڕەتی تاو و ساوی تۆ

ئەی پێشەوای کورد و ئەرێ تاج و سەروەرم
گیانی من و هەمانە لە پێناوی ناوی تۆ

بنوارە چۆن بە سۆزی دڵی دایکی نیشتمان
دەستەودوعایە بۆ تەمەن و خاک و ئاوی تۆ

یاخوا بژی بە شادی وەبەربێ بپشکوێ
ئەو باغی تازە ڕیشەچەقاوی ڕوواوی تۆ

# زیزبوونی خێزانی «خاڵەمین»

«خاڵەمین» خێزانی
زیز دەبێ و «حاجی»ش
ئاوای بۆ دەنووسێ:

دێنمە بەر چاو وتار و ئاکارت     خۆزگە بەو ساڵ و پار و پێرارت
دەگەڵم بێمەیل بی سەد ئەوەنەش     ڕەخنە ناگرم لە کار و گوفتارت
پێم لە ژووریٚ پەشێو و دڵگیری     بۆیە گۆڕاوە تەرزی ڕەفتارت
هەقی تۆیە کە من فەرامۆشکەی     سەختە جەریان و هیجری دڵدارت
گەر دەفەرمووی بچم بە شوێنیدا     کورت و کرمانجی بێم بە هاوارت
سپڵە نیم لوتفی تۆم لە بیر ناچێ     بیگەزێ مار زمانی بەدکارت



Designed by: Emin Şabazi

# زیزبوونی خێزانی «حاجی»

خۆش ئەوەی هێندە
پێناچێ خێزانی «حاجی»ش
زیز دەبێ و «خاڵەمین»
ئاوای وەڵام دەداتەوە:

لە سڵاوت ئەوەندە بەرمنەتم — باوەڕت بێ نەما خەم و خەفەتم
ڕۆشنی چاوی پڕ لە فرمێسکم — هێزی گەوبەندی پشتی کەمقەوەتم
دەستگرمی ئەگەر بەرم نسکۆ — لەمپەرێ ڕاگری لە ڕێ و ڕەتم
ئەدی بۆ بەگلەیی لە من ئەوساڵ — خۆ لەگەڵ تۆ هەمیشە خۆشسحەتم
لەو وڵاتەم بە تۆیە دڵخۆشی — هەر لە تۆیە گوڵی سەری سەبەتم
سەردەمێک بووم جحێڵ و شۆخ و شەنگ — تازە دەڕوا لە ڕووم سمێڵ و خەتم
شمەکی چەن تەیار و جلکی بەپۆز — بەگوڕ و هێز و سوڕی سەدکەڕەتم
بۆت نەمێنم جحێڵی و جوانی — ئەی دریغ بۆ دەمی هەل و هەڕەتم
وەک نەمامێ سەرێکی ڕادەشەکام — ئێستێ داشکاوم و شەل و شەکەتم
بێینە سەر باسی بەینی خۆم و خۆت — چیدی نەژێنمەوە خەڵەت پەڵەتم
ئەگە فەرمووتە دیمە هانایەت — ماڵت ئاوا بێ چەندە بەرمنەتم
گەر حەکیمی دەوا بکە سەری خۆت — کەچەڵمگیان هەتاکوو هەڵخەڵەتم
من لە سوێی تۆ کە دووری دڵداری — هێزی ئەژنۆم نەماوە جەگی لەتم
تۆ بە ئاوی حەیاتێ پاراو بە — با بخنکێنێ من شەپۆل و شەتم
بۆم دەهێنایەوە بە مەرگی خۆم — ئەگە هەمبایە زۆر و دەستەڵەتم
هەر ئەوەندە کار ئەکا لە پیرێژن — نوشتە و گشتەک و گوریس و پەتم
تۆ، خودابکەم بگەی بە ئاواتت — دەخەمی من مەبە کە نارەحەتم
حاجیگیان وا لە شایی تۆم نووسی — دەستە هەڵبەستی کوردی و سەقەتم



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# دیسان شێعر «حاجی باباغا» و وەڵامی «خاڵەمین»

## «حاجی باباغا» دەنووسێ:

جێژنت پیرۆز بێ «خاڵ»ـەکەی دڵسۆز / بژی بۆ «عەزیز» بیکەی بە سەرهۆز
نۆشی گیانت بێ ڕۆنی پوور حوسنی / ماستیدادئەستی، خامەی خاتپیرۆز

## وەڵامی «خاڵەمین»:

براگیان جێژنی خۆشت پاک و پیرۆز / لە نوێژ و ڕۆژووەکانت یەک نەخیچێ
بەڵام شێعرت وەکوو هی پیاوی پیرە / لە لایەک هەڵدەستی لایەک دەفیچێ
دەنا وەک چاوی پیاوی خێس و خوارە / یەکی هەڵدێ ئەوی دیکەی دەقیچێ
ئەتۆ لەمنت وەچاوە ماستی ئەستی / ئەمیش هی تۆ دەزانم تا بنی چێ!
لە ئانیشکێتە ترشیجاتی دۆڵێ / گەز و دۆشاوی ورمێشت لە لیچێ
دەڵێن هەڵتاوەسیوە شۆڕە مێلاق / لە عەرزیڕایە هێشووی تاکوو میچێ
لەگەڵ من پێکوەرە پێکوەرنەبین با / دەنا ئابڕوون دەچێ کاکە بە هیچێ
ببوورە شێعری تۆ فێنکایی دڵمە / بخیچێ یان بقیچێ یان بفیچێ



کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

ساڵێکی «حاجی باباغا»ی وەزنی لە «جەڵدیان» بەڵێنی بە «خاڵەمین» دەدا کۆمباینی بۆ بنێرێ و گەنمەکەی بۆ بدووریتەوە وا دیارە لە کاتی خۆی ناتوانی وەعدەی خۆی بە جێ جێنێ و «خاڵ»یش بەم دوو بەیتە وەڵامی لێ دەنێرێ:

حاجی گیان کەی دەنێری تۆ کۆمبا
خۆزگە کۆمبایەکەت تەگەرکون با

تۆرمزیشی لە لێژی پس‌پس بێ
لێخۆڕ و پێخوری سەرەوبن با

«حاجی باباغا»ش کە ئەم شێعرە دەخوێنێتەوە لێی ڕاناوەستێ و ئاوای وەڵام دەداتەوە:

جوابی بریا خۆزگەیە لێم تووڕەبێ یا بمکوژێ
خاڵە جۆی خۆت ئاوەشی بێ گەنمەکەت سن بیمژێ

قایش و گاسنت کوڵ و پس‌پس نیر و ئاموورت شکێ
تێری تووت بدرێ تۆربەت کون‌کون و تووت ڕژێ

گایەکەت بمرێ بە دەردی لاڕەشە، کەڵ خش‌خشە
مامی جووتێرت چڵم هەڵلووشێ لێکی هەڵمژێ

چێڵەکەت گوێلەی گرێ گامێشەکەت بێچووی مرێ
مەشکەکەت قەت تەڕ نەبێ ماستت لە شووشەیدا بژێ



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

## دیسان شێعری «خاڵەمین» و وەڵامی «حاجی باباغا»

### «خاڵەمین» بۆ «حاجی باباغا» دەنووسێ:

دەڵێن حاجیەک هەیە لەو بەرزەوەزنە ... دڵاوایە بەجەرگە میر و مەزنە
لە مەیدان مەیتەری ئەسفەندیارە ... نەهار بروێشە شامی بێچوە بزنە
هەموو کار و شتی ڕێک و بەنەزمە ... بەقوڤڵە هاچەرە عەنبارە گەزنە؟
دەبێ بۆچی لە خاڵی خۆی نەپرسێ ... لە حاجی هەمزە یا پوورم دەترسێ

دەڵێن بۆ قەندکرینیش چۆتە ورمێ ... نەخێر بۆ مارەکردنی سوورەحورمێ
ئەدی بۆچی ئەویش ناباتە وەزنێ ... برا تۆ زۆر هەڵەی بۆ برمەبرمێ
لە ورمێ ڕادەبێرێ مانگی دۆشاو ... دەبێ ڕاوەستێ بڕوا مانگی شەرمێ
لەپاشان بێتەوە پێت وایە چۆن بێ ... بە خوا پێم وایە لێوی لێدەقرمێ

### «حاجی باباغا» ئاوای وەڵام دەداتەو:

لە حاجیت بۆ وەچاوە چوونی ورمێ ... هەزار عۆینت بەسەر هێنا بە حورمێ
ئەوەی زانیوە پوورت وەک بزووتە ... چەمووشە گاشە دەشکێنێ بە جووتە
قسەی خۆشی لەگەڵ من ژەقنەمووتە ... عیلاجی ناکرێ چارەم سکووتە
ئەگەر ڕاستت دەوێ کارم لە پاشە ... لە خۆت مەڕوانە حورمێ بۆت بەلاشە
چ نۆبووکێکە بتوانێ نەدا کۆڵ ... بەنشتوو گشتەکان دەیکەی شلوشۆڵ
لەسەر قەندی لە من زیزی براکەم ... پەشیمانم لە کەس سەودایە ناکەم
بلا قەندت خراپ و جێدرشت بێ ... ئەتۆ بیدەی بە نۆ ئیدی بە هەشت بێ
ئەمن ڕازیم بە تۆ ئەمما بە شەرتێ ... نەکا پوورت ئەوەندە پرتەپرتێ
چ بێ ئینسافە خاڵ لێمان نەپرسێ ... بەڵێ ناهەق لە هەق ڕەسمە بترسێ
دەهەنلەق حاجی داوداوی دەڕێسێ ... ئەگەر چیدیکە توندی بکێشێ دەپسێ



Designed by: Emin Şabazi

## وەڵامی «خاڵەمین» بۆ «حاجی»:

برای گەورەم دەبێ بۆ لێت نەپرسم / لە خوا زیاتر لە کێیە تین و ترسم
فیدایی حاجی باباغایی وەزنەم / گوڵی دەست و دڵی ئەو پیاوە مەزنەم
هەموو ئاکاری ڕێکوپێک و چاکە / بە ئەتوار بۆ گەلی یارانی کاکە
لە بەزمتدا حەتەم شووپاکەرێکە! / لە ڕەزمێ ڕۆستەمیشت نۆکەرێکە!
جووانی یۆسفی کەنعان و میسرە / دووانی وەک ئەنیشتەن بێژی کوفرە!
لە چەند میتری کە لێی‌دەنگێوێ تیری! / لە دەمدا موو دەقەڵشێنێ بە بیری!
خودا چاپێتەوە زوو هەمزەخانی / لە گیانیدا نەمێنێ ئێش و ژانی
زەلام بێ چووکەڵە ڕەحمانی زێڕی / بە دووریکەی لە کوێری و خواوگێڕی
بە بیلیۆنکەی لە بانکا ئەسکیناسی / بەلام جۆرێک نەبێ یاران نەناسی

## «حاجی باباغا»:

ئەوا بۆم ناردی کووپە و نەیشکێنێ / ئەگەر بشکێنێ لێرە دەمشکێنن
نەڵێی حاجی دەترسێ و خۆت دەزانی / ئەوەی ناشکێ بە کەس ژن دەیشکێنن
لە شا تاکوو گەدا بۆ ژن کوڵیوە / لە ئاغایان دەدەن سەیدان دەژێنن

## وەڵامی «خاڵەمین»:

خودا بەزیادی‌کا ئەو کووپە شینە / بە دیاریت ناردبوو بۆ خاڵە مینە
کە فەرمووبووت ژنان سەیدان دەژێنن / بە سەیدان تا دەگا ئاغاتڕێنن

## دووبارە کەنم

خادمی چاوی لە دوو بارەگەنم | دەڵێ زووم پێنەگەیێنێ دەگەنم
ئەگە دەیکەی نە بە قرخەمەرەزی | ئەگە دەیدەی بدە ڕووت و ڕەبەنم
دەتەوی نوێژ و حەجیشت بێ قبووڵ | بدە دووبارە و نایدەی بە گونم

## وەڵام بۆ «حاجی مەلا ڕەسووی وەزنێ»

ئەی حاجی مەلا، مەلا ڕەسووڵی | شێعرت نەبەگەن لە تاوی پووڵێ
هەرچەندە ئەتۆی مەلایی وەزنە | شێعرت نە بە قافیە نە وەزنە
لەو کارە گەڕێ مەلای بەدینم | تەڵقینێ بخوێنە یا نە سینم
«در شعر مپیچ و در اسیری» | ئەو کارەیە کاری بابەمیری
دەستداتە قەڵەم بنووسێ وەک دوڕ | دنیایە لە گەوهەران بکا پڕ
گەر بێتە کەسێکی بە فڕ و لاتاو | وەک چاڵە لە شاخی دەگرێ پێی تاو
نە چاکە نە چاووڕوو نە شوورە | حاجیە و لە هەموو شتێکی دوورە
بە قسەی زل و خۆشی پاڵەوانە | ماڵی کە دەبینی مامە شوانە
نەک شوانی لە شاخی شوانی پسپۆڕ | بۆی ڕامە نەچیری تۆسن و تۆڕ
دەستێنێ شتی لە خاڵی تایەک | لێبووردنشی نییە لە شایەک
ڕووخۆش و بە پێکەنین و خۆشخوو | بیستوومە دەکاتەوە لە هووی موو
مانگێ دەکڕێ دوو کیلۆ خرچە | کێشانی قژ و پسانی پرچە
بەندم کە بە ناحەزی دەنەخشێ | هیوامە کە خاڵی خۆی ببەخشێ
گەر یارم و یاخۆ نالەبارم | هەر بۆوی نزایە کاروبارم
تا پرچە درێژ و سوورە کوڵمە | تاجی سەرە خۆشەویستی دڵمە

# داوەت

با بێینەوە باسی داوەتی خۆن
ئەو داوەتە پێم بڵێ چییە و چۆن
تار و دمەکی «مەلا حوسێن»ـە
بەزمێکی تەڕ و جحێڵ پسێنە
ئەو زەمزەمە دەنگی «مامڵێ»یە
وا ڕەشبەڵەکێکە کێ بە کێیە
ئەو چاوبەڵەکانە ڕەشبەڵەک بن
نیزیکە کە تووشی چەن کەڵەک بن
میرە بڕۆ ڕۆژی هەڵکوشینە
پیرە وەرە کاتی تێکوشینە
دێنێتە سەمایە ڕۆژی شایی
پیرێژنی کۆم و شایی بایی

ئەو داوەتە کاری جاهیلانە
بۆ حاجی مەلا ئەدی چ جوانە
دەستێک قسەخۆش و کەیخودا بێن
دووربی مرومۆچ و گرژ و نەدوێن
بوردییە و بەندی ئەممان ئەممان
پێنجشەش نەفەریش هەبن لە خزمان
یەک داوەتی پڕ لە شاڵ و مێزەر
دەرکەن قوتوقیت و قەڵس و بەدفەڕ
خۆراکی بدا بە سۆفی دەروێش
نیسکێنە لەپێنە ماش و بروێش
جارجارە نەواری مامڵێش بێ
قەیدی چییە با خلە و بلەش بێ
بۆ حاجی مەلا ئەوەندە باشە
باشی لە جیهانێ داشبەداشە
زیاتر لەوە کاری هەرزەکارە
ژین لای وی قومارە یان خومارە
چیدیکە نەدەم بەلا سەرئێشی
خواهیشمە دڵت لە من نەئێشی
لەو بەزمە ئەگەر کە خۆم بەری کرد
چارەم نەبوو بەفرە ڕێگری کرد
بمبەخشە نەهاتنم لە داوەت
کۆتایی دەکەم بە یەک سڵاوەت
پیرۆز بێ لە خۆت و بووک و زاوا
بە کوڕ و کچ و بێ هەرا و داوا

١٣٤٩/٠٩/٢٩

## «مریەم» کچی بیست ساڵەی نەخۆشم

ئەمن هەر بابی جارانم ئەتۆ چۆن ... ئەمن بۆت وێڵی شارانم ئەتۆ چۆن
لە تاو جوانیت و دەردی نامرادیت ... وەکوو هەوری بەهارانم ئەتۆ چۆن
لە ڕێی خۆشی و نەخۆشی تۆ شەو و ڕۆژ ... لە ڕێی تەوریز و تارانم ئەتۆ چۆن
«ڕەزا» و «جەعفەر»ـت ساوان و بۆوان ... ئەمن وەک شێت و هارانم ئەتۆ چۆن
کچم کوژراوی یاران «مریەم»ـی جوان ... ئەمیش مژراوی مارانم ئەتۆ چۆن
لەتاوی چاوی بارانی و کەژاڵت ... ئەمن وەک تاوی بارانم ئەتۆ چۆن
ئەمن بۆ داخ و داماوی و دژی تۆ ... دژی نێو باخ و سەیرانم ئەتۆ چۆن
بە جوانی و نامرادی تۆیە سویندم ... ئەمن هەر بابی جارانم ئەتۆ چۆن

## شینگێڕی

شین بۆ کچی خۆشەویستم «مریەم» کە لە ماوەی چل و سێ ساڵ تەمەنی، بیست و سی ساڵ نەخۆش بوو.

بەهارە و سەر وەدەرناوە گەزیزە ... ئەدی بۆچی گوڵی من ماتە زیزە
گوڵ و بولبول بە یەک شادو سۆکور بوون ... بەهارە و بۆ پەژارەی من پتر بوون
بەهاری وام بە هەڵکەوتیش نەدیوە ... بەڵام چ بکەم لە من «مریەم» نەدیوە
وەرە سەیری بەهار و دەم شەتاوان ... کچم مردم لە سوێیانت لە تاوان
لە تاوی تۆ ڕژەی فرمێسکە چۆڕچۆڕ ... لەسوێی تۆ گشتی دژ داماوە سەرشۆڕ
بڕا زەینیکە چۆن خەملیوە دنیا ... نەبا سەد خۆزگەیە دنیا لە بەنیا
نە جەرگی من بە ئاوری دڵ دەبرژا ... نە گوڵخونچەم دەدی سیس و دەچرژا



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

به چاوی جوان و مەستی تۆیە سوێندم
لە سوێت بۆ مردنێ هەر لە پلە بەندم

ببینە و سەر هەڵێنە چۆنە بۆ تۆ
«ڕەزا» و «جەعفەر»ـت گریان و ڕۆڕۆ

لەوانیشت خراتر دایکی پیرت
دەگەڵ خوشک و براکانی ئەسیرت

نە هەر خزمت بە گیان و دل خەریکە
هەچی بتناسێ بۆ شینت شەریکە

بە هەر لادا دەچی شین و شەپۆڕە
وەکوو لووساوکە فرمێسکیان بەچۆڕە

هەمووی لێک مڵبەکوێنە خانەوادە
دەتوخوا سۆفی لاچۆ لام لە لا دە

دەبێ بسرەوم و نابێ دەنگ دەرێنم
نەکەم فرمێسکی گەرمیش هەڵوەرێنم؟

لەکوێیە خاوەنی ئەو زێڕ و بەرگە
نەمێنم «مریەم»ـە و وا جوانەمەرگە

نەمێنم «مریەم»ـی جوانی کچی خۆم
دەبینی دووقەد و کۆمی خەمی تۆم

سپی کفنت لە بالا کردە ڕەشپۆش
لەوێ ڕۆژێوە بابی تۆیە ڕەشپۆش

گوڵی دڵ بووی و ئێستێ هەی کوڵی دڵ
بە قوربانی کوڵی دڵ ئەی گوڵی دڵ

خوداوەندا گوڵی من شۆخ و شەنگە
دەزانی قەبرە چەن تاریکە تەنگە

بەزەی خۆتی بە سەریا دابرێژی
مەزەی میوەی بەهەشتی پێبچێژی

لە دەرد و جەزرەبەی گۆڕی بەدوورکەی
لە دۆزەخ دوور و قەبری پڕ لە نوورکەی

خودا خۆشبوونی تۆ ئامانجی خاڵە
ئەگەر نەمبەخشی تالانم وماڵە

## بۆ کێڵی سەر گۆڕی «مریەم»ی کچم

«مریەم» کچی «خاڵەمین» و کوردم
داخم کە بە نامرادی مردم

ئەی خوایە بۆ خاتری فاتیحایە
خۆش بی لە هەڵەی درشت و وردم



تایبەترین تۆڕی کتێبی کوردی
Designed by: Emin Şabazi

## بۆ ئاغای «سیگاری»

ئاغای «محەممەدی سیگاری» لە مەهاباد مودیری مەدرەسەی ڕاهنمایی بوو، ئەوم بۆ نووسی کە شەهرییە کەمتر لە «جەعفەر»ی نەوەم بستێنێ:

سڵاوی گەرم و گوڕ بۆ جەنابی سیگاری
بوارە دەردی سەرتدەم ئەگەرچی پڕکاری
گرانە باری جەورمان و بابی دەستکورتە
ئەتۆش بنووسە بە چەشنێ نەبێتە سەرباری


بەڵام چونکە زۆری شەهرییە لێئەستاند، ئەمجارە ئەوەی خوارەوەم بۆ نووسی:

ئەمن کارتم کە بۆ ناردی برا پێم وابوو سەرداری
ئیدی نەمزانی وا بێ بەرگ و ئیشک و کۆلکی بن داری
دەبێ هیوام بە تۆ چی بێت و پیاوێکی کە ناوبانگی
بە هێرۆیینی ڕۆیبێ یا بە ئەفیوون یا بە سیگاری

# به بۆنەی گۆڤاری کرمانجی

براگیـان مـوژدە بـێ وادەرکـەوت گۆڤـاری کرمـانجی
کــە وردی تێــوەڕامێنی دەبینــی بــەرزە ئامــانجی

هەچی دەستی قەڵەم دەگرێ هومێدم وایە تێکۆشن
بگا تاکوو بەگەل سوود و بەزە و ئامانج و قـازانجی






کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

## ئەسپاردنی «خادمی» بە ئوستاد «موهتەدی»

دەزانی «خادمی» لاوێکە نمرە     لە خزمەت تۆ هەمیشە مافی نەمرە
ئەوا بۆم تاس و لووس‌دای و بەڕێم کرن     لەگەڵ خۆت بیبە نمرە و وێیدە نمرە
سڵاوت لێدەکا «خاڵ» و دڵت بێ     وەڵامی مایەیی دوو قڕانە تەمرە
ئەگەر بەندم پەسندکا کاکە «ڕەحمان»     بفەرموو هەر بژی بەو زووانە مەمرە
لە تەنگیی ڕێزی سەربەندم تەمامە     پەناییکی بەرم بۆ ڕێزە کەمرە

## بۆ عەمەلی جەڕڕاحیی (نەشتەرگەری) «موهتەدی»

برینی تۆ برینی جەرگی من بوو     بڕانی تۆ خەڵات و مەرگی من بوو
سوپاسم بۆ خودا ئەوجارەکەش دیم     لەشی ساغت خەڵات و بەرگی من بوو

## دیسان بۆ «موهتەدی»

بچووکت «خاڵە» نەک خاڵت بچووکە     لە شایی تۆ بە پیری بیری بووکە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
Designed by: Emin Şabazi

## بۆ ئاغای «بابا تاهیری»

ئەو شێعرانەم بۆ کاک «حەسەنی بابا تاهیری» شارەداری مەهاباد نارد کە «سەید برایم»ی برازام بە کارمەند دامەزرێنێ.

ئەی شنەی با ئەگە بۆنخۆشی و میسکی خوتەنی
گێژەڵووکەت نییە بەبنیچە و خۆشڕەو ڕەسەنی

بچۆ «سابڵاغ» و خەیابان و شەهردارییەکەی
بە هەموو درز و کەلێنا بچۆ لای کا «حەسەن»ی

بڵی ئەی مەردی قسەپتوون و کەلێنی پۆڵا
کرەکەت سازە ئەگەر تێوەدەدەی تێیدەژەنی

ئەگە چیدیکە لە بیر خۆت بەری کاری «خاڵ»ـت
بە خودا کارێ دەکەم تاڵ بێ بە زارت سەمەنی

ئەو شەهرداریە زەلامەی کە ئەتۆ دەیبینی
کونی تێنابێ بە خوا مانگێ بە پێنسەد تمەنی

بێت و زیاتر لەوە ئەورۆ و سبەینەم پێبکەی
پێت دەڵێم دیارە کە ئێستێش کەم و کووڕی تەمەنی

ئینچەلیش خاتری «سەعید خانی هومایوون»ـت بێ
کە جەوانێکە لەبەر دڵ بەدڵ و خان و خەنی

تۆبە بمبەخشە برا کاری برازام لەنگە
فەرموو سەیری دڵی پڕ خوێن و برین و کەوەنی

من یەکێکم لە مریدانی ئەمەگداری «حەسەن»
تاکوو سەرسەوزە دڵی جەنگەڵ و دار و دەوەنی

نوێژەکانت بکەی و «سەیدی برایم»ـیش جێ کەی
پێت دەڵێم ڕۆستەمی هەم مامەشی هەم کاکەسەنی



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
Designed by: Emin Şabazi

## بۆ کاک «قادری فەتاح قازی» کە کتێبی «شێخ فەرخ» و «خاتوون ئەستی» نووسیوە و بۆ «خاڵەمین»ی ناردووە.

شێخ فەرخ و کتێبی خاتوون ئەستی پیاڵێکی مەیە کە دێنێ مەستی
دێر و پەڕی تازە و وشەی کۆن ئاخۆ چ کەسێکە بەرهەڵەستی
خۆش بی نەتەوەی فەتاحی قازی لەو خزمەتەدا بژی و نەوەستی
بیستوومە کوڕێکی خوا دەناسی وادیارە گەڵی بەبیر و هەستی
خزمەت بە زمانی دای و بابان زۆر باشە کەسێکی بێ لە دەستی
وەرگێڕی و نووسەری بەکەلکە مایەت هەیە دیارە پێی دەوەستی
«خاڵ»ـت بەتەما بوو دەستی بۆ با دووپشک و مشک بە جووتە گەستی



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

## بۆ کاک «حەمەدەمینی حەیدەری»

بۆ کاک «حەمەدەمینی حەیدەری» کوڕی «حاجی سەید عەزیز»ی «کۆنەقەڵا» کە پێی وابوو لە سەودای دووکانێدا دەستیم بڕیوە، ڕۆژێ بە منی گۆت:

«اگر رستم از دست این تیرزن....»

منیش ئەو چەند شێعرەم بۆ نارد:

برا جێی خۆت و بابیشت بەهەشت بێ — مەنی قەندهەشت و سەدریشت بەهەشت بێ
ئەدی کام تیرە دابێتم لە جەرگت — دەئینساف بێنە پێشێ خۆت و مەرگت
هەموو بیر و خەیاڵت سووئی زەننە — دەزانێ هەر کەسێکی ئەهلی فەننە
بە «خاڵ»یشت ئەگەر نەتماوە باوەڕ — ئەتۆ و سوورەت حیساب و چۆرت و دەفتەر
هەموو قەرزت لە قیمەتدا بە نەغدا — ئەگەر ڕازی نی نیوەی ڕێتە بەغدا

دیسان بۆ کاک «حەمەدەمین» کە لە کۆڕێکدا چەند کەس لە گەوران دانیشتبوون، ئەویش بە دڵێکی پڕ لە داخ و دەرد چاوی تێبڕیبوون.

دڵت ڕۆچۆتە کاکۆڵی ڕەئیسان — بەڵێ پاکن دەبن پابەندی پیسان
ئەگەر بێدەنگ دەمێنم دەمکوژێ داخ — ئەگەر دەنگێ دەکەم دەنگم دێ دیسان

## بۆ کاک «ڕەحمانی دێبوکری»

کاکە ڕەحمانی موهتەدی دێبوکری مامۆستای زانکۆی تاران، کوردی ڕاستەقینە و هاوڕێی خاڵەمین لە دیداری دوکتور عەزیزی کوڕی خاڵەمین لە خاڵ ڕادەسپێرێ بیستوومە بێدەنگە و شێعر ناڵێ و بە کوردی وا دیارە لە هێلکە چووتەوە و خاڵەمین لە وەڵامدا ئەو شێعرانەی بۆ دەنێرێ:

مالّی گەورەی کاکە ڕەحمانی بە بێنەبێنەیە
نان و ئاوی زۆر و بێپرسی دەڵێی ئادێنەیە

چەند سەحەتسووک و سەروروو خۆش لەگەڵ میوانی خۆی
دیوەخانی ڕاستی لەو نێوەدا بێ وێنەیە

گەر منیش شێعرم نەماوە یا لە هێلکە چوومەوە
ئەو سلامەت بێ شوکری ئەو وی کە دووزەردێنەیە

لەو گەپەی من دژ نەبی لێم گرژ و ڕیچ و زیز مەبە
چون دڵی «خاڵ»ت لە حاندی تۆ وەکوو ئاوێنەیە

ئینچەلیش وەک جارەکانی دی کلاوت نەشتەسەر
ژیر و پسپۆڕ بە بزانە پەشمە یا پەشمینەیە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

## بۆ مارەکردنی کچێک

کچێک لە «سندووس» هەڵدەگیرێ و دەیهێننە ماڵە «مەلا ساڵح» کە مارەی بکا و مەسلەتی بۆ بکرێ بەڵام لەبەر کەمیی تەمەن یاسا ڕێی نادا مەلا مارەی کا کابرا ناعیلاج پەنا بۆ «خاڵەمین» دەبا تا تکای بۆ لە مەلا بکا و ئەو کارە پێک‌بێنێ و ئاو بە ئاوردا بکرێ و خوێن نەڕژێ خاڵەمین ئەو دووبەیتە بۆ مەلا دەنێرێ کە دەبێتە مایەی جێ‌بەجێ بوونی کارەکە:

مـەلاگیان دوودڵــی و بیــانوو فـرێ دە
گــورج ئـەو دوو نەمامـەی لێـک گرێـدە

بـەڵام فـەرموو بـە زاواکـەی هـەوەڵ شـەو
سـەری تـەڕکات و نـەختێ ڕۆنــی تێـدە



تایبەت ترین تۆڕی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

## گاڵتەیەک لەگەڵ خەڵکی «گەزگەسک»

سالێکی «خالەمین» دەگەڵ جەماعەتێک لە خەڵکی «نەغەدە» دەچنە «گەزگەسک» و بووکێک دەگوێزنەوە پاش دوو ساڵ لە ڕووداوەکە سەردەدەنەوە و بۆ بووکێکی دی دەچنەوە کە خەڵکەکە سرتوخورتیان تێدەکەوێ ئەوانە کێن و لە چی دەگەڕێن و بۆچی هاتوون؟ «خاڵەمین» لە وەڵامدا ئەو دوو بەیتەیان بۆ دەنێرێ:

واقیان وڕماوە «گەزگەسک»ـی دەپرسن ئێمە کێین
هەربینا پەیدا دەبن نازانن ئاخر بۆچی دێین

تۆ بڵێ پێیان نەترسێن ئێمە هیچ کارمان نییە
هەر بە دوو ساڵان چەلیکی دێین و یەکێکتان لێدە...



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# شێعر بۆ دۆستێکی بێ بەڵێن

ئاخر جار کە «خاڵەمین» لە «مەهاباد»ەوە ئاوارەی سنوورەکانی ئێراق دەبێ، یەکێک لە هاوسەنگەرانی کۆنی وی لێ ڕادەسپێرێ کە «خاڵەمین» بێ پەنای دەدەم. پاشان لەبەر ئەوەی کە ئەو سەرۆک عەشیرەتە لە ساواک و حکوومەتی «پەهلەوی» نیزیک بووەتەوەیان هەرچی، بەڵێنییەکانی خۆی بەجێ ناهێنێ و «خاڵەمین» دەڕوا و ئەو پارچە شێعرەی بۆ دەنێرێ:

کوتم بۆچی چەنەت خوارە قسەت زل    کە قوونان بادەدەی دۆڵاشە پێت خل
کوتی بلباس و مەزن و بەترِوتۆپم    وە فێربووم وا نەکەم نازیم دەتۆپم
درۆزنی شاتوشووت قۆڕەماغی    هەموو ئی منن قسەی هی ڕاست و ساغی
زمانم پڕ لە ویرد و زکری ڕەحمان    دڵم پڕ کێم و خوێن و بیری شەیتان
بە «حەوڵای قادری»م ڕۆیشتۆ نێوبانگ    لە مەیدانا گەهی تۆپم گەهی تانک
بەڵام هەرچەند لە مەیدانا بوێر بم    کە میوانێ دەبینم وەختە کوێر بم
بڵێندم کردۆ گەرچی دیوەخانەم    هەمانا شۆربە پیسە و قارەوانەم
بەگفتەی «شێخڕەزا» هەی گووی خلەی تێ    لە پاش کاری خلە هینی بلەی تێ
کوتم بۆچی هەموو تێکچوون تۆساغی    کوتی داومەتە باری ڕێویبازی
بە ڕۆژ دایکەدزەی هی سازمانم    بە شەو جاسووسی شێخی بارزانم
بەلات لێدا کوتم هەی مەزنی «مامەش»    دەبێ «مامەش» چ بن تۆیانی گونڕەش
ڕەگەزمام باوک و ترکی ڕەشیەمێژووی    بەگیانی خانی لەپزێرینێ بیژووی
لە جێگەی نووری ئیحسان و حەماغا    ئەتۆی و بیبرێ خوا ئەم وەجاغا
لەبەر هێندێتە هێندە پووڵپەرەستی    وها زلحیزی و بێ دەست و مستی
بە دۆلاب و درۆ و زانایی تووسی    چەخۆش سەرمەشقی شەیتانێ دەنووسی
چە سەوداخۆشی و نیشتیمان فرۆشی    چە جوانی بێوەژن بۆ تێدەکۆشی
چە جوان فێربووی بە زارێک دووزمانی    چە شیرن سازمانی و سووزمانی



Designed by: Emin Şabazi

لە سەد ئاکاری پیاوی و ڕەندومەردی
ئەوەندەتماوە ڕێگە و شوێنی کوردی

بەماستاوێت نەفەرمایشتووە ئاودووغ
بە کەچکێکی دەخۆی نەتکوتوە قاشوغ

ئەرێ چیان لێ بەسەر هات کاوەکانن
دڵاواکان و ڕاست و پیاوەکانن

هەموو نێر و دلێر و شێری مەیدان
خوداناس و نەبەز پسپۆڕ و لێزان

لە نێوخۆ بێ فڕوفێڵ و لەسەرخۆ
لەجێی دی خێوی هەست و دەست و دنکۆ

لەبۆکوێ ڕۆین و چیان لی بەسەرهات
هومێد پشت و پەنا جێ ئاخ و ئاوات

خودایە یا ئەوانن بۆ وەگێڕە
لە بەینیان بەرە ئەو خوار و گێڕە

لە جیاتی ئەو هەموو شێر و پڵینگەش
نەمێنێ خۆزگە ئەو تەشک و سلینگەش



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
Designed by: Emin Şabazi

# تاق و لۆقەکان

ئەی دڵ وەرە تۆبێکی نەسووحیت فێرکەم
پشتت لە هەڵە و ڕووت لە خودا و خێرکەم

فیزت نەبێ مەشکێنە دڵی گیانلەبەرێک
بڕیارە کە چاکەت لە چەپەڵ هاوێرکەم

---

سۆفی حەمە پێی وایە کە دنیا گەمەیە
ئەو خەڵکە هەموو مێگەلە شوانیش حەمەی
سبحەینێ کە دیتی هەڵە بوو چی کردی
ئەودەم دەڵێ خوار ڕۆیم و ڕێی ڕاست ئەمەی

---

سۆفی چ بە فەند و فێڵ و گرژ و مۆنی
خاوێنی بە ڕوو، لەبنەوەبڕ، بەدبۆنی
دڵ پڕ لە گەزاف و لاف و سەر پڕ لە هەوا
ئەوڕۆکە ئەوەی سبەی دەزانی چۆنی

---

سۆفی چ بە فێڵ و فەند و مەکر و تەونی
کارت کە لە دەس نایە خەریکی خەونی
چاو ڕشتن و هەڵدانەوەکەی ژێر ڕیشت
زۆر جوانە بەلام وەکوو دەنوێنێ هەونی

---

شێخ پێی وەیە من هەر لە نوێژان دواوم
لای کوفرە بڵێم لە نیشتمانم ڕواوم
ئەو لاقە فرووجی بۆ چ دەربەستی منە
چەن پشتە لە ژێر باری ئەوا چەوساوم

---

ئاکارە و لاپەڕەی ڕەشم وەک شەوەیە
دەرچوون و نەچوونیشم لە دۆزەخ بەوەیە



Designed by: Emin Şabazi

بەو ڕووی ڕەش و مووی سپییەوە هاتوومە تکا
بمبەخشی خودا دار و نەدارم ئەوەیە

***

گەر ژین و ژنێک و کامرانیت گەرەکە
خوا داویە ئەتۆ بە سەرگرانیت گەرەکە
قەڵسی و دەتەوێ لغاو لە سەر داماڵی
ڕوون بۆتەوە بۆم نێر و بەرانیت گەرەکە

***

وا دیارە دڵت لە بیری خوادا کۆڵە
لەو گش بەزەیەی کەمبەش و چۆڵوهۆڵە
پیر بووی و لە خەو ڕاپەڕە لێی پاڕێوە
هیوام بە بەزەی زۆر و هومێدم بۆڵە

***

پانایی بەهەشتی وەک هەوا و هەردە
دەشزانی جەهەندەم چ بەتین و سەردە
دنیا و قیامەتیش دەبینی دوو هەوێن
پیاوانە ئەمی بگرە ئەوی دی بەردە

***

چیم دی لە جیهان سڵسڵە یا فلفلە بوو
نەمکرد چەوەڵی، سووچی شڵە یا قوڵە بوو
لەو باغی خوداپەرەستنیشم سەد ئاخ
شەیتانی لەعین بۆ ڕەگ و ڕیشەی مڵە بوو

***

ئەوەی سەرمایە بوو ڕۆیشتە قەرزان
لەبەر قەرزانە نیمە هۆشی فەڕزان
هەچی دەمداتەوە بە گرانەمێردی
ببینم چەندەکی بە گرانە کێردی

***



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

خاڵەمین دەگەڵ دۆستێکی بڕێک ناکۆکی لێ پەیدا دەبێ، ئەویش هەڕەشەی لێدەکا خاڵم ئەگە بێتوو نەسرەوێ وەک گا دە جووتی دەکەم خاڵەمین لە وەڵامدا ئەو چوارینەیەی بۆ دەنێرێ:

بیستم گوتووتە خاڵم ئەگەر بێتوو نەسرەوێ
هێندەی نەوی دەکەم ملی بۆ نیری دانەوێ
خۆ من بە پێچەوانە لە باتی نەویت بکەم
هێندەت بڵیند دەکەم تەرەغەت لێ وەدەر کەوێ

---

ئەو کەر و ئەو... و داشقە تەپاڵەی کێیە
خەڵکی «باڵخچی»یە دیارە «حەمەدی خانمی»یە
جا کەریش دیاریە... هەدیە دەوەش نامووسە
بەڵێ ئەو سێیە گوڵی سەر سەوەتەی «سندووس»ـە

---

ئەگەر تۆ ئاقڵێکی ڕاستەقینی
دەبێ بۆ بچیە سەر بڕوای «لەنین»ی
«لەنین» چین و عرووسی کردە دۆڵپا
دەبا چیدی نەڕێسێ هەی لە دینی

---

گوتم ئەی گوڵ دەمت با هەڵمیسم
گوتی ناکرێ ئەمن مندار و پیسم



تایبەترین سەکۆی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

گوتم چۆن وا دەڵێی جا چۆن دڵت دێ
گوتی ئیسلامی تۆ و من مارکسیسم

---

بەنەعلەت بێ لەگەڵ سەی ئەمریکایی
دەگەڵ ئەو زوڵم و زۆری و بێ حەیایی
چییە دنیا هەمووی وی و خەڵکی دی هیچ
چ باسە ئەو هەموو فەرق و جودایی

---

فیدای پێغەمبەر و ئیسلام و قورئان
چ ڕێوشوێنێکە سادە و سووک و هاسان
خوداناسە و نەترسە بێجگە لە خودا
لەبەر خوا گیانلەبەر ناکا هەراسان

---

ئەمن ئیسلامی قورئانیم مەبەستە
بەدینە ژێرە ڕووناکە بەهەستە
نە دووکانداری بەدفەڕ گورگی سەر مەڕ
لە خوێنی میللەتی پاراوە مەستە

---

ئاکار و لاپەڕەی ڕەشم وەک شەوەیە
دەرچوون و نەچوونیشم لە دۆزەخ بەوەیە
بەو ڕووی ڕەش و مووی سپیوە هاتوومە تکا
بمبەخشە خودا دارونەدارم ئەوەیە

---

من لە ڕادەبەدەر کە هەم بەدکار
خۆ بەزەی تۆشە بێ سەر و ئەژمار
خوایە بمکەیتە پاسەوان دوو یار
ثانی اثنین اذهما فی النار

---



تایبەت‌ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

گوتم قوربانی چاوی مەستی بم یا باوەش و بەژنی
گوتی هەرکیان ئەگەر سەڵتی دەنا هیچیان ئەگەر بەژنی

---

دڵم لە دووری تۆ ئیشی هەر ئێشە تاژانی
دە ئێستێ واوەرە لای وی با بشکێ تاژانی

---

براگیان بۆ دەبی ئەورۆ لە خاڵ و ماڵی خۆت زیز بی
ئەگەر هەر/بۆیە حیزبی نیم ئەوەنما بەسسە تۆ حیز بی

---

کچێکم پێدەوێ وەک قورسی ڕۆژێ
بە شەو لابا لە سەر دڵ قورسی ڕۆژێ

---

زەوی بێ شێو و شێوەرد داچنابێ
ئەگەر سەد ئاوی لێنێی بۆ چ نابێ

---

کڕیومە ڕادیۆ خاسێ بە ناوی «تووشیبا»
بە گیان و دڵ دەبۆ کڕیاری هەرچی تووشی با

---

بەشی تۆ هەر خوراو هەر بڕا بێ
لە چەنگانی هەڵێ سەد جار بڕا بێ

---

کەسێ زۆرخۆرە زگماک و چنۆکە
یەکن لای وی چ تاچینە و چ نۆکە

---

بەڵێ چاوم لە ڕێ بوو هاتە دەرکێ سوار و کەروێشک
چ کەروێشک قەڵەو دێنێتە تامەزرۆیە باوێشک

*************



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

## بۆ کێلی گۆڕەکەم

دەزانی خاوەنی ئەو گۆڕە کێیە؟
کەوا بۆ فاتیحایەک چاوەڕێیە؟

برای خۆتان و کورد و «خاڵەمین»ـم
ئەگەرچی ڕووسیام ئیسلامە دینم

منالی، پیاوی، پیریم دیت و مردم
دەبا هەرچێکی نەیکەم بۆچی کردم

لە هەر لایە خودا هیوام بڕاوە
بە غەیری تۆ پەناییکم نەماوە

ئەمن کوردێکی دیل و دابەشی تۆم
تکای من بۆ گەلە نەک هەر بەشی خۆم





Designed by: Emin Şabazi

## تەخمیسی «حەقیقی» لە سەر شێعری کۆکەی «خاڵەمین»

کۆکە ئەی ماکی شێعر زانانم      کۆکە ئەی دەفتەرەکەی دیوانم
«خاڵە» فەرموویەتی لێت بڕوانم      کۆکە ئەی کۆکە و ئەی نیشتمانم
خۆشەویستتر لە هەناو و گیانم

کۆکە تۆ لەیل و ئەمن مەجنوونم      هەوەڵین ئاوری لە دڵ بەربوونم
تۆی و تۆ بووی محەکی ئەزموونم      کۆکە ئەی جێگە لە دایک بوونم
کۆکە ئەی مایەیی بیری ڕوونم

دڵڕفێنە کەژ و کێو و دەشتی      دڵگرە ئاو و هەوا و جێ گەشتی
کۆکە لوبنانی ئەتۆ یا ڕەشتی      کۆکە جێت لێنەبێ وەک بەهەشتی
لە حەوت دەرکە بەدوور و هەشتی

لاخڕ و پێگەچەم و بەرڕۆژە      دنج و لاپەڕ وەکوو چی؟ وەک لۆژە
بیر و ئەندیشە بزێو بۆ سۆژە      کۆکە هەر تۆی بەتەنێ بەرکۆژە
خاکی کوردانە هەمووی بێ بۆژە

خەبەرێکی بدە بەو دێیانە      تاقی لێدەن بە گوڵ و ڕێحانە
«خاڵەمین» هات و لە تۆ میوانە      «پاشبلاغ» و «قەرەڵی»ت جیرانە
هەم «قزڵگومبەت» و «دەروێشانە»

دێنە پێشوازی «حەقیقی» و «ئاوات»      بە شێعرگوتنی وەکوو نوقڵ و نەبات
ئەم بەئەو ئەو بەئەم ئێژێ ئەوەهات      ڕۆژهەڵاتت گوڵە دێی عەیشئابات
«چواردیوار» و «قەرەلی» ڕۆژئاوات

یەکیەک ئەو حەوتە بە موددەی حەوتە      وەکوو کێشکچی قەرەوڵی شەوتە
خاسەکەو وێژەری کاتی خەوتە      ئاڵقەیان داوە لە تۆ ئەو حەوتە
تۆ نەقیمێکی بە شاز هەڵکەوتە



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
Designed by: Emin Şabazi

لە هەموو لایەکەوە ڕێبازی                    کانی فەرهەنگ و ئەدەب جێ ڕازی
پیری ئەفغانی خودا لێ ڕازی                    کۆکە پێیان ئەوتی شیرازی
بۆ مەمانانی جێگەی شانازی

چاو نەبانە گەرەکە بانۆکی                    موقلە بۆ کوێ چووە دادا چۆکی
بۆم بنووسێ مەسەلە و چیرۆکی                    «حاجی باپیر» و «حەقیقی» و کۆکی
«خاڵەمین»یش بڵێ یخ دا لۆکی



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# شنگێڕی مامۆستا حەقیقی بۆ «خاڵەمین»

برایانی بەرز و بەڕێز، مامۆستایانی ئایینی و دۆستانی عەزیز، مەرگ ئەمرێکی تەبیعی‌یە کە هەموو کەس دەبێ بیچێژێ (کل نفس ذائقة الموت)، بەڵام هێندێک مەرگ زۆر دڵتەزێنە. (موت العالمی موت العالمی) ڕاستە مەرگی عالیمێک مەرگی عالەمێکە. زانای مەزن خوداڵێخۆشبوو «محەممەدئەمین بەرزنجی» مەشهوور بە «خاڵەمین»، کوڕی «حاجی شێخ مستەفا»ی کۆکەیە کە شێخی ئیرشاد و ساحەب تەکیە و خانەقا و مرید و مەنسووبان بوو. ساڵەهای عومری خۆی لە ڕێگای دینی موبینی ئیسلامدا سەرف کرد. «خاڵەمین»یش بە ئیستینادی (الولد علی سیری ابیه) ئینسانێک بوو عالیم و عارف و ئەهلی تەقوا. شاعیرێک بوو خاوەنی هەستێکی ورد و ناسک. شەخسێک بوو دارایی سفاتی شەریفەی (انک علی خولقه العظیم)ی وێکەوتبوو کە بە حەددی ئەعلا لەگەڵ هەموو کەس خۆش‌خولق و میهرەبان بوو و خۆشەویستیی هەموو کەسی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. ئەمن خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە زەمانێکی دەگەڵ ئەو لە مەدرەسەی علوومی دینی پێکەوە بووین و خوێندوومانە. ژیانی خۆشی من هەر ئەوەندە بوو کە لەگەڵ «خاڵەمین» لە «ئیسکی بەغدا» و هەم دەگەڵ «سەید کامیل ئیمامی» لە باخچە خویندوومە و ڕامبورادووە. خودای تەعالا بە ڕەحمەتی خۆی لە وان و لە ئێمەش خۆش بێ. ئەوە لە زیمنی سەرەخۆشی و تەسلییەت لە خانەوادەی موحتەرەمی بەرزنجی و بەستەکانی بەتایبەت «دوکتور سەید عەزیز بەرزەنجی»، ئەو چەند شێعرەی کە هەستی دەروونمە بە عەرزوو دەگەیەنم.

لە دەست چوو دۆستی دێرینێکی دی ئەی دۆستان چ بکەم
بە تەنیا مامەوە تەنیا لە باغ و بووستان چ بکەم

لە سینەمدا وەکوو نەی کون‌کونە جەرگ و دڵم یاران
نەکەم شەرحی فیراقی چەشنی مەولانا بەیان چ بکەم

ڕەفیقی مەدرەسە و هاوداستانی دەوری لاویم بوو
لە دەستم دەرچوو داخم هاودەم و هاوداستان چ بکەم



تایبەت‌ترین تۆڕی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

«هەژار» و «هێمن» و «ئاوات» و «خاڵ»یشم ئەوا ڕۆیین
لە پاش چوار بولبولی خۆشخوانی باغی نیشتمان چ بکەم

لە دیوانی ئەدەب خاڵی ئومێدم چوو کە «خاڵ»م چوو
کە شابازی ئەدەب ڕۆیی لە خاڵی ئاشیان چ بکەم

بە بارانی بەهارانیش زەمینی شۆرە شین نابێ
لە دەشتی ئێمە گەر شینە بە فرمێسکی ڕەوان چ بکەم

بەیانی بەلبولی تەبعم بە دەنگێکی حەزین دەیگوت
لە باغی وێژەوانیدا نەما کۆڕی گوڵان چ بکەم

نەما دەست و زمانم هێز و تینی بۆت بگێڕم شین
ئەمن پیر و زەعیفم شینی بێ دەست و زمان چ بکەم

ئەما ڕەنگ و نەما ڕۆغەن نەما نەخش و نەما مانی
لەبۆ مانی نەمان چ بکەم لە مانی وەک نەمان چ بکەم

«حەقیقی» شین و واوەیلا چ دەردێکی دەوا ناکا
بە غەیری قوڕ وەسەر کردن لە دەستی عاسمان چ بکەم



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# دیسان شینگێڕی بۆ «خاڵەمین»

بەداخەوە ئەم شاعیرە لە کاسێتێکی شینگێڕیدا ناوی خۆی نەهێناوە و لەبەر ئەوە کە ناوی نەهاتووە، داوای لێبووردنی لێدەکەم.

بە شریخەی هەوری بەهاری ... خەم و ماتەم بۆمان باری
کۆلکەزێڕینەی وڵاتم ... پساندی داری ئاواتم
بەهارم لێ بوو بە خەزان ... خاکەلێوە و گەلاڕێزان
پەری شێعر هاتە گریان ... دڵی بەردی کردە بریان
کیژ و لاو هەرچی تەڕپۆشن ... ئێستا هەموویان ڕەشپۆشن
لە عاسمانی کوردەواری ... دیسان حەسرەت، خەفەت، باری
ون بوون ئەستێرەی گەشوجوان ... دنیای داگرتووە تاریکان
لە شار و دێ لە گشت وڵات ... تێکیشکاند کۆشکی ئاوات
لە گشت لا شەپۆڕ و شینە ... کۆچی دوایی «خاڵەمین»ە
«خاڵ» جامی مەرگی کردە نۆش ... لە کێ ببیەم تازە قسەی خۆش
کێ وەک وی هەستاو خۆی ڕانا ... کێ وەک وی پسپۆڕ و زانا
لە بڵیند و نەویان دەباری ... بەرزی وەک تیری شالیاری
«خاڵە» خاڵی هەموو کوردان ... چەندە تاڵە دەست لیک بەردان
نەواخوانی هەزاردەستان ... مەلی بەرزەفڕی چیا و کوێستان
شاسواری بیر و فکری قۆز ... بۆ نووسەرانی گەل و هۆز
مامۆستای «هێمن» و «هەژار»ی ... چوویە لایان بە یەکجاری
خۆشەویستتت «مەلا غەفوور» ... بۆوی و بۆ تۆش هەر خوای غەفوور
کۆڕێکی وای بۆ پێکناون ... هەمووتان نەمردوون ماون
وەتەن خاکت زێڕی سوورە ... «خاڵەمین» وەک کۆگای نوورە
بیگرە باوەش لات ڕووسوورە ... خوای مەزن تۆش لێی ببوورە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# شێنگێڕی مامۆستا «سووتاو»

# بۆ

# مامۆستا «خاڵەمین»

ئەی کوردستانی بێ بەهار    ئەی مەوتەنی خەڵکی هەژار
ئەی کوردستانی پڕ ئەوین    سەرزەوینی شەپۆڕ و شین
ئەی کوردستانی پڕ خەفەت    ماندووی نەحەساوەی شەکەت
ئەی دایە، دایکی هەژارم    ئەی بەرزەفڕ ئەی تەوارم
ئەی دایکی جەرگ لەتلەتم    شاهیدی دەرد و مەینەتم
دیسانەکەش «بداغ سوڵتان»    گڵکۆی خۆشەویستی دڵتان
مەکۆی جێژوانی دڵداران    تەڕ بوو بە ئەسرینی یاران
شاسوارێکی لێ دابەزی    جەرگی زەوی بەوی تەزی
دیسان «هەژار» دیسان «هێمن»    دیسان «مەلا غەفوور» بێ من
میوانداری هۆنەرێکن    چاوەڕوانی سەروەرێکن
دیسان شاسوارێکی هەڵبەست    وەکوو دەریای بێ بنی هەست
هەڵبەستی کۆچ هەڵدەبەستێ    سێڵاوی هەستی ناوەستێ
ئەی دایەی دڵ بە داخ و سۆ    کە هەر شیوەنە مافی تۆ
ئەو بەهارەش بەشت شینە    وادەی کۆچی «خاڵەمینە»
ئای چەن زۆرە دەردی دڵی    ئاواتی بردە بن گڵی
هۆنەری کوردی ناکامن    دڵ بەغەمن لەش بەزامن
«بابا تاهیری عوریانم»    شاعیری جەرگ بریانم
«خاڵە»ش وەک تۆ سووتەدڵ بوو    بولبولی مەستی سەر چڵ بوو
وەی بە قوربانی دڵتان بم    سووتاوی جەرگی کڵتان بم
دیسان «حەقیقی» ڕاچەنی    بۆ «خاڵەمین» بۆ مەوتەنی
دەمگوت ڕۆژێ بە دەوروبەر    بە ڕێبوارانی هاوسەفەر
«هەژار» «هێمن» «مەلا غەفوور»    شاریان کردۆتە شاری نوور
شارێ «هەژار»ی تێدا بێ    قەت ڕۆژانی ئاوا نابێ
ئێستە چوار هۆنەری بەڕێز    دەسکردی خودای خاوەنهێز



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

شاری «سابڵاغ» دەڕەنگێنن | ئاخری بەهارمان بۆ دێنن
بازێڕم نووربااران دەکەن | شار بە ڕووگەی یاران دەکەن
ئەوان کە سەروەری خێڵن | بۆچی «سووتاو» بەجێ دێڵن؟

ڕەسول کەریمی- سووتاو ۱۳۷۱/۰۱/۲۳

## لە وەڵامی داخوازی کۆڤاری سروە

وەک لە بیرم بێ ۱۳۶۵/۰۵/۲۸ بوو لە نەغەدە و لە دووکانە چکۆڵەکەم، پشت بە دیوار و ڕوو لە شەقام دانیشتبووم و نوقمی بیری دوور و درێژ و ئاڵۆزپلۆز ببووم کە ئەو هەموو هاتوچووی ڕێبواران و شەقامپێوان بۆ چییە و دوایەکەی بە کوێ دەگا؟! بڵێی ڕۆژێک بێ بهەندرێن و بحەسێنەوە، یا هەر لەو هاتوچوو و ڕایەڵوپۆیەدا دەمێننەوە؟! کەچی لە نەکاو دیتم دوو پیاوی بە سەروسیما و وێچوو وەژوور کەوتن و سڵاو و ڕۆژباش و تۆخۆش و منخۆش کراو دانیشتن بەڕێزان ئەحمەدی قازی و کەریمی قەییوومی.

ئەمن چاوەنۆڕی کڕیارێکم دەکرد کە ئەگەر لە ئانیشک برینیشی چاوپۆشی بکەین، لانی کەم سەری نینۆکەکانی بقرتێنین. خۆم بە خۆمم دەگوت بزانە من لە کێ دەگەڕێم و کێم دێتە ڕێ؟! بەڵام چونکە دەمزانی ئەوانە جگە لە زانست و بیر و باوەڕێکی باش، لە ئەدەبی کوردیشدا بەدەستەڵاتن و بۆ خۆشم سەرم لە کورد و کوردخوازی دەخورێ، زۆرم خۆش پێهات و دەس لە سەر سینگ بەخێرهاتنم دووپات و سێپات کردەوە. سەرت نەیەشێنم زۆر لە سەرەخۆ و بە بەرەگە لێم پرسین چۆنە سەرێکتان لێرە هەڵێناوە و گوتم: «رو به هند آوردن ایرانیان بی وجه نیست»، بەڵام لەتەکەی دوایە چونکە بە زەرەری خۆمە نای‌نووسم. گوتیان دەمانهەوێ دوای دیداریک لە خۆت و گوی ڕاگرتن بۆ بەشێک لە شێعرەکانت، سەرگوزەشتێکی خۆشی و خۆشت لەو تەمەنە درێژەدا چۆن بووە و چۆنت ڕابواردووە و لە کوێت گوزەراندووە بە کورتی و یا بڕێکیش لە ڕووداوەکانی مێژووی سابڵای و دەوروبەری بنووسی و لەگەڵ دوو کورتە وێنەی خۆت بۆمان بنێری.



کوردیکا

گوتم براگیان ئەمن وەک ئەو هەزاران و میلیۆنان خەڵکەی دێن و دەڕۆن و ڕۆژێ بە شەو و شەوێ بە ڕۆژ دەکەنەوە هەر وام. کارێکی سەرسووڕێن و حەستەم و لە هێز بەدەرم لی ڕوو نەداوە کە شیاوی نووسین بێ. دوو پێیان دە کەوشێک کرد و گوتیان ویستوومانە و دەمانهەوی، هەر چییەک و هەر چۆنی بنووسی دەمانهەوێ و لێتی وەردەگرین. جا گوتم ئەگەر هەر وایە ئەوا ئەو وتارانەی خوارەوە با زۆریش بە تام و خوێ نەبێ، پێشکێش دەکەم.

برای خۆتان «سەید محەممەد ئەمین» ناوبانگ «بەرزنجی»، بەڵام لە وەڵامی کابرایەک کە لێی پرسیبووم ناوی ڕاستت چییە گوتم:

وتم پێی خاڵەمینە ڕاستە نێوم    لە دووری یاری گیانی زەردە لێوم

باوکم بە «حاجی شێخ مستەفای کۆکە» ناسرابوو کە شاعیری بەرز و بەناوبانگی سلێمانی «زیوەر ئەفەندی» لە شەڕی یەکەمی جیهانی هاتووەتە ئەم ناوچەیە و گوتوویەتی:

وتی شێخێ لە کۆکە زۆر کۆکە    خاوەنی جووت و مڵک و ماڵ و مەڕ
بەڵێ ئەو شێخە وەک دەڵێن باشە    تۆ بڵێ هیچ بکاتە نامە نەزەر

قەسیدەکە درێژە، بەڵام هەر ئەوەندەی باسی باوکم تێدایە.

حاجی شێخ مستەفا کوڕی «شێخ عەبدولغەنی»، ئەویش کوڕی «شێخ محەممەد ئەمینی هەزار مێرد»یە و ئەویش کوڕی «شێخ حەسەن» و ئەویش کوڕی «شێخ سمایلی بەرزنجی»یە. دایکم خوالێخۆشبوو «فاتمە خانم» لە تیرەی بەگزادەی برهان و ئەویش وەک باوکم زۆر دە دیندا بوو. حەوت برا و خوشکێکم هەبوو کە ئێستێ تەنیا من ماوم بۆ چەرمەسەریی ئەو دەور و دووکانە یان بۆ هەرچی، خوا بیزانێ. دوو کوڕم هەن بە ناوەکانی «سەید عەزیز» و «سەید عەبدوڵڵا»، سێ کچی بەشوو، چاردە نەوە و یەک نەتیجەم هەیە جگە لە هی مردوو و وا هەست دەکەم نەدیدەش ببینم.



تایبەت ترین تۆڕی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

بێینە سەر باسی «کۆکە» کە جێی لە دایک بوونمە. «کۆکە» دێیەکی چکۆلە و خشپیلانە و لەسەر دڵانە کە خۆم بە بەختەوەر دەزانم لەو مەڵبەندە ڕەزاسووکە پێم ناوەتە جیهانەوە. جا بە پێویستی دەزانم چەند جار ناوی کۆکە دووپات و چەندپات بکەمەوە تا لە هەر کەڕەتەی بیرەوەرییەک کە لە سەردەمی منداڵیدا لەو دێیەم لە بیر ماوە، بۆتانی باس بکەم.

کۆکە: لە ناوچە و چەند کیلۆمیتری بۆکا هەڵکەوتووە. «قەرەڵی»، «چواردیوار» و «دەروێشان» و... جەغزیان لە کۆکە داوە. خرێ «سوورەقانگ» و چۆمی «قوڵە بۆز» و تەپی «بۆزان»، «گردەبۆر»، شاخی پێش «بارماغ» و بستووی «خرێ»، سنووری وییان دیاری کردووە. «قوڵەبۆز» ئەو چۆمەیە کە کاک «ڕەحمانی شاریکەند» پەنجا ساڵ لەمەوبەر گوتوویە:

هەتا گاڕان لە پێڵتزدا دەکا مۆز    هەتا جاری دەبێ ئاوی قوڵەبۆز
هەتا سەقزی بە قەڵپووز ئێژێ قەپۆز    لە باخەڵتا دەبینم دڵبەری قوز

ئەگەرچی من لە تەمەنی پێنج یا شەش ساڵیدا لەو دێیە ڕۆیوم، بەڵام ئێستەش کە ناوی کۆکە دەبیسم مچوڕکی خۆشیم بە لەشدا دێ؛ خۆشەویستی وەتەن لە ئیمانە.

کۆکە: کابرایەک گوتوویە کۆکە شیرازی کوردانە کە چوار شاعیری لێ وەدەر کەوتوون:

١- یەکەم شاعیری بەناوبانگ «مەلا مارفی کۆکەیی» کە سەردەمێک مەلای بابم بووە، بەڵام بەداخەوە درەنگی دەست بە شێعر گوتن کردووە. (بەشێکی کەم لە شێعرەکان لە لایەن «سەییدیان»ەوە چاپ کراون). ٢- حاجی «باپیر ئاغای شێخ ئاغای»یە کە دەبی شێعرەکان لە ئاغای حەقیقی وەرگیرێ چونکە مامی بووە. ٣- «هەباسی حەقیقی» کە شاعیرێکی بەرێز و سەری کەیف و لە من هێندێک بەتەمەنترە. (خۆزگەم بەو دەمەی کە لە «ئیسکی بەغدا» پێکەوەماندەخوێند). ٤- چوارەم قرپۆک و پاشەرۆکی هەمووان بۆ خۆم «خاڵەمین».

کۆکە: ئەو سەردەمە کە من لە چاخی شلکی و ساوایی لە کۆکە ژیاوم، دوو کارەساتی دڵتەزێن ڕووی داوە. ئەگەرچی لە مەبەستی خۆمان بڕێک دوور دەکەوینەوە، بەڵام لام وایە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە پڕ لە سفتوسۆ وماڵوێرانکەرانە، لە بەهرە و کەلکێک بێبەش نەبێ و بەشکوو پەندی لێ وەرگیرێ. یا خوا وەک ڕۆیوە هەر بڕوا و نەیبینینەوە.

١- هاتنی ڕوسی تزار بۆ ئێران، تایبەت بۆ مەڵبەندی کوردستان لە شەڕی جیهانی ساڵی ١٣٣٢ی کۆچی کە بە وێران بوون و کوشت و کوشتاری وڵات تەواو بوو، هەرچەند بە ڕواڵەت دەوڵەت بوو، بەڵام سەد خۆزگە بە بنیادەمەکانی جەنگەڵ و پیاوخۆرەکان. هەڵبڕدابڕیان وەخەڵک خست و دەستیان بە کوشت و کوشتار کرد. بۆ نموونە «ئیندرقاش»، «قومقەڵا» و «سابڵاغ» و چەند جێیەکی تر کە «عەلی بەگ»ی «حاجیاڵیکەند» (حەیدەری) ئەو دەمە بە بۆنەی ئەو هەموو خوێنخۆرییە بێبەزەییانە ئەو شێعرانەی هۆنیوەتەوە، هێندێکم لە بیر ماوە و بۆتان دەخوێنمەوە:

**لەو دەمەی تاقم لە دیداری عەزیزانی وەتەن**
**دایمەن جووتم دەگەڵ غەم، هەمدەمی حوزن و میحەن**
**حوبی تۆ دینی منە ئاییني من ئیمانی من**
**یاد و فکری ئاو و خاکت شوغڵ و ویردی من وەتەن**
**حەیفە وابێ قوتبە قیبلەت[5] بێ سەفا باغی سەفا[6]**
**سەیرە وا بێ سەیرە پرد[7] و گۆلەکەی قازی حەسەن[8]**
**میمبەر و مزگەوتی سوور[9] و حوجرەکان و حەوشەکەی**
**بوو بە مەیخانە و تەویلە و مەعبەدی عەبدی وەسەن**

---

[5] **قیبلە**: باکووری مەهابادە کە ئەو سەردەمی شاری نەگەیوەتێ بەڵکە مەزرایەکی سەرسەوز و خۆش بووە.

[6] **باغی سەفا**: لە حەمان باکووری مەهاباد بوو، باغێکی سەرسەوز و دڵگیر بوو.

[7] **پرد**: پردی سوور کە بە سەر سەددی ئێستێوەیە و بە وێرانە حیسابە.

[8] **گۆلی قازی حەسەن**: حەوزێکی پڕ ئاو بوو لە گڕاوان سازدرابوو.

[9] **مزگەوتی سوور**: مزگەوتی جامیعی ئێستای شاری مەهاباد.



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

جێی مەلاکان و ئیمام و مەدرەسە و نەشری علووم
پاکی جێ دەستەی قشوون و پاکی جێ وەعزی قەشەن

حەشرە، واوەیلایە ئەورۆ کەربەلایە شاری مە
کوشتنە، تالانە، یەخسیرە کە وا دێن و دەبەن

دڵبەرانت بوونە یەخسیر چوونە قەفقاز و سیبر
نۆجووانانت هەموو کوژران و نێژران بێ کەفەن

ڕەنجی موسلیم بێ حیسابە ڕەحمەتێ یا مستەفا
زوڵمی کافر بێ ژمارە غەززەبێ یا زولمینەن

## ٢- دووهەم لە ڕووداوەکە گرانی بوو کە بۆچی هات؟

گوتمان ڕووسەکان لەلە ساڵی ١٣٣٢ی کۆچی مانگی قەدەمی ناپیرۆزیان نایە وڵات، کوشت و بڕیان دەست پێکرد و جەزرەبەی خەڵکیان دا. جووتبەندەکان نەیاندەوێرا لە دێ وەدەرکەون و شێوەرد بڕین و داچاندن پەکی کەوت و زەوی هەموو بوونەوە بەیار. گرانییەکی لە ڕادەبەدەر هێرشی هێنایە سەر گیانی کورد و کوردستان. ماڵ نەبوو، میوان لەوەندەی دیشی کرد!! لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگ باری گەنم لە دوو تمەن گەیشتە سەد تمەن و هیچ شتێک بایخی نەما. مەڕ بە دوو تمەن، مانگا بە پێنج تمەن کەس نەیدەکڕی، جا سەد تمەن چۆن پەیدا دەبوو بارێکی گەنم پێ بکڕن؟

بەڵێ خەڵک دەستی کرد بە سواڵ و وەدەرکەوتن لەو دێ بۆ ئەو دێ، لەو دێ بۆ دێیەکی تر. خۆم باشم وەبیر دێ کە تاق و جووت دەهاتن، بەرگیان هەموو ڕندۆڵ و لەشیان ئێسک و پێست بوو. پیاوەتی هیچ، بەزەییش نەمابوو گێڕایانەوە:

دە ئێوارەیەکی لای ڕۆژپەڕێ، ژن و پیاوێک کە منداڵێکیشیان پێدەبێ، دێن و لە قەراغ دێ دەچن دە خانوویەکی چکۆلەوە. سبەینێ کە وەدەر دەکەون بۆ سواڵ منداڵەکەیان پێ نابێ خەڵک لێیان دڕدۆنگ دەبن و دەچنە پێش، لێیان دەپرسن کوا منداڵەکەی دوێنێ. دەڵێن ئێمە منداڵمان پێ نەبوو. بەکورتی دەچنە خانووەکە و

تەماشا دەکەن ئەو کەللەسەر و ورگ و ڕیخۆڵەی منداڵەکە لەوێ کەوتووە و دیارە خواردوویانە.

سەرت نەیەشێنم، ئەگەر ڕووداوەکانی ئەوان ساڵانت بۆ بگێڕمەوە هەر لە دەیان یەکێک کتێبێکی هەزار لاپەڕەی پێدەوێ، جا هەتا خوێنت خرا نەبووە لاپەڕە وەرگێڕین و بچینەوە سەر باسەکەی خۆمان، خودا بکا نەیبیینینەوە، ئەگەرچی زۆریش بەدوور نییە. بەڵام سەرت بێنە پێش ئەوەندەشت بە گوێدا بسریکێنم. لە تەواوی کاتی گرنیدا کە نیزیک بە دوو ساڵی خایاند و هەزاران لاوی شلک و کچی چاومەستی لە ناخی زەوی و خاکی ڕەش ئاخنی، لە مەڵبەندی کوردەواری خۆماندا چەندین عەمباری چوار هەزار و شەش هەزار و حەوت هەزار تەغاریمان هەبوو و هەر بە تەمای ئەوەی گرانتر بێ نەیاندەدا بە کەس. جا نزامان لە خوای مەزن هەر ئەوە بێ کە زەوی بداتە دەستی کەسێک بەزەیی بەو کەسەدا بێ و ئەو کارەساتە کەڕەتێکی تر نەیەتەوە پێش.

بێینەو سەر باسی ڕابردووی تەمەنم. لە ساڵی ١٢٣٦ی کۆچی بە هۆی‌ناکۆکی دەگەڵ مەنگوڕان و پێکهێنانی شەڕ دەگەڵ عەشیرەتێکی دێکەی جیرانمان، بابم کۆکەی بە «عەلی ئاغای حاجیەلخانی» بە شەش هەزار تمەن فرۆشت و ماڵمان چوو، «بۆزە» کە دێیەکە لە سی کیلۆمیتری باشووری شاری سابلاغ و لەوێ دەبەر خوێندنیان نام سیپارەی «ئەلف. بێ» دوای جوزئی قورئانی پیرۆز، «سمایل‌نامە» و «ناگەهان» و «ای شدە مخلوق ز نور خدا» هۆنراوەی «شێخ مارفی نۆدەهی» خوێندرا و لە ١٢٣٨ی کۆچی «قسقەڵا»ی کڕی و بڵێین لە حەوت هەشت ساڵیدا چووینە ئەو دێیە. لە وێ لە لای «مامۆستا مەلا کەریم» نەوەی «خەلیفەی گراوێ» دەستم بە «تەسریفی زەنجانی» کرد و «عەوامیل» و بڕێک لە «ئومووزەج»م خوێند و بابم دەگەل برایەکی لە خۆم گەورەتر یانی «مەلا شێخ حەسەن» ناردینە مزگەوتی بازاڕ لە سابلاغ و لای مامۆستای بەڕێز «مەلا حوسێنی مەجدی». «شێخ حەسەن» لە خزمەت ئەودا دەرسی خوێند و منیش کە سووختە بووم، لە لای «مەلا

محەممەدی لاجانی» و «مەلا محەممەدی ڕەئیسی بۆکانی» و «مەلا یەحیا بانەیی» کە موستەعیدی مامۆستا بوون، دەستم کرد بە خوێندن.

دوای یەک دوو ساڵ، من حوجرەی خۆم لە کاکم جوێ کردەوە و چوومە مزگەوتی «حاجی سەید باییز» لای ئوستاد و فەیلەسووفی کورد «ئەحمەدی تورجانی زادە» کە «مەلا محەممەد»ی براگەورەشی هەر لەو مزگەوتە دەرسی بە «مەلا ئەحمەد» و فەقێکانی دیکەش دەگوت. بەڵام بەداخەوە و سەد مخابن لەو دەریا پان و بەرینەی زانست، ئەمن لە چەند دڵۆپێکی بە هەژمار پترم پێ نەبڕا، چونکە نەخۆشییەکم گرت و بە هۆی ئەو نەخۆشییە، دوکتووریش کوتی دەبێ دەست لە خوێندن هەڵگری و بچییە کوێستان و زەنوێری خۆش ئاووهەوا. ڕاستە ئەمن خوێندنم لای ئەوان تەواو نەکرد، بەڵام دوو گەوهەری گرانمایەم لێ وەرگرتن، یەکین خودا بە تەنیا ناسین (تەوحید) و دووهەم نیشتمان پەروەری کە ئەوانیش ئەم گەوهەرانەیان لە مامۆستای زانا و ڕووناکبیر «مەلا ئەحمەدی فەوزی» کە لە «سولەیمانییە»وە پەڕیوەی ئێران ببوو، پێیان گەیبوو کە دوایە ئەم ڕووناکبیرییە بەشێکی زۆری لە کوردستانی ئێران داگرت.

بەڵێ کوتم لەبەر نەخۆشی چوومە کوێستانان و وەدوای چادروچیغ کەوتم. کاتێک چاوم بەو مەڵبەندە کەوت، هەر نواڵێکی دەمدیت هەمووی زەمەند و گیای جۆراوجۆر ملیان داوەتە یەک. مەندۆک و بیزا و هەڵز و کەما و کەنێرە لێکهاڵاون و تێکچرژاون، یان کەویە بەفرەکانی «لەندی شێخان» کە لە هەر پاڵێکی ڕادەمام دەتگوت جەندەکی دێوی شپییە، ئەستوور و درێژ تێیدا کەوتووە. لە ئاتەگەکانی چۆرەچۆڕی ئاوی وەک چاوی قرژاڵی لە بەر دەڕوا و بە هەموو چەشنە گوڵێکی زەرد و سوور و کەسک و عابی خەملیوە جا دیتنی ئەو هەموو جوانییە هەستیان بزواندم؛ هەڵبەت جگە لەوەش دوو شتی تر بوونە هۆی ئەوە کە هەستی نوستووی خۆم وەخەبەر بێنم و شێعر بڵێم. یەکەم هاواڵی و برایەتی لەگەڵ برای خۆشەویستم، زانای پایەبەرز و بەڕێز «مامۆستا حقیقی» کە لە «ئیسکی بەغدا» کە گوندێکە لە مەڵبەندی بۆکان کە لە خزمەت «مەلا شێخ حەسەن» دەمانخوێند، بەڵام بەشی



تایبەت ترین نەکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

زێدەتر بە شێعر نووسین خەریک بووین تا دەرس خوێندن و دووهەم هەستان و دانیشتن دەگەڵ ئوستاد «تورجانیزادە» ، بوو بە هۆی دنە و هێنانی سەر زەوق بۆ شێعر کوتن.

براگیان هەر خۆشییەی ناخۆشییەک و هەر شیرینییەی تاڵییەکی بە شوێندا دێ. چوار پێنج ساڵێک لە هاتوچووی ئاران و کوێستان، ژیانێکی کەمدەردی سەر و ئارامم ڕادەبوارد. لە نەکاو قاغەزێکی خوێنتاڵیان دا دەستم، دەیخوێنمەوە، فەرموو: «لەو لەندی خۆش ئاووهەوا و سەری گۆڕونەرمان و قەراغ ئاتەگەکانی زەردوماهـ و تەرت و لابەلا، سەربەرەژێری دێیەوە بۆ سابلاغ و لەوێوە بۆ ورمێ و دوو ساڵ سەربازی. جا چ دەڵێم؟! کوتوویانە ئاوی زۆردار سەرەوژوور دەڕوا. بەڵێ چووم و خستمیانە فێرگەی گرووهبانی و لە ماوەی یەک ساڵدا بوومە گرووهبان دوو (١٣١٢-١٣١٣) ساڵی دووهەم یانی ١٣١٤ ناردیانمەوە سابلاغ و خزمەت یا بێگاریم لەوێ تەواو کرد».

جا با دیسان بگەڕێینەوە قسقەڵا و دوایی مێژووی ژیانم لەوێوە درێژە بدەین. بەڵێ لە قسقەڵاماڵێکی خۆش و تەبا و تێر و تەسەلمان هەبوو و چەند ساڵێک هەموو براکان لە سەر یەک کاسە و سفرە حاوابووینەوە و شامان بە سەپان نەدەگرت. بەڵام ڕۆژگار چاوی هەڵینەگرت و سووڕی سەرهەڵوەشێنی عاسمانی نالەبار لە بەر یەکی هەڵوەشاندین. من بە هۆی بەشداری کە «کۆماری مەهاباد» و سەدارەتی کومیتەی «لەج»ێ لەو پێکهاتەی ئەو سەردەم خۆم پێ ڕانەوەستا و چەندێک دوای وەفاتی بابم، بەشە ملکی خۆم فرۆشت و وا ڕێک کەوت چوومە «میاندواو». ماوەیەک مامەوە و بوومە پێوست و باریک بووم و زۆرم نەما بپسێم کەچی خوا ڕێکی خست خانوو و دووکانێک ئەودەم هەرزان بوو کریم و لەگەڵ شارەزایەک چوومە تاران و برێکم کەلوپەل و کووتاڵ کڕی و لەبەر چەند هەلوهاتێک کە دەستی بۆم دابوو، ڕمێنێکی باشم کەوتە سەری و تۆزێک خۆم چەقاندەوە و برێک بووژامەوە و دەستم بە سەر و سمێڵمدا هێنا و خەریک بووم ببمە شتێک کەچی لەپڕ هەڵلای «موسەددیق» هاتە گۆڕ و شایان ڕەپێ نا و مام «هێمن» بەغدای لێکردە نیوەی ڕێ

و جەماوەر وەک مار و مێروو دەشەقامان ڕژان و تێکچرژان. «بتۆپێ شا و بژی موسەدیق» گوێی عاسمانی کەڕ کرد و چەند دووکان و قاوەخانەیەک لەبەر شادۆستی تێکدرا و لێکدرا و کرا ئەوەی کرا.

دوای پشوودان و حەسانەوەیەک لەو هەموو ماندووییە و خۆنیشاندانەدا، لە نەکاو هەر لەو ڕۆژەدا ڕادیۆ هەواڵی گەڕانەوەی شای ڕاگەیاند. هەر ئەو جەماوەرەی وەک خیز و خۆڵ سەعاتێک لەمەوبەر ئەو دروشمەیان دەدا، سەرلەنوێ گەڕانەوە و بەپێچەوانە دەستیان پێکردەوە: «بژی شا و نەمێنێ موسەددیق» و ئەوجاریش چەند جێی دیکەیان بە بۆنەی موسەددیق خوازی لە بەین برد. چەند ڕۆژێک تێپەڕی و شار برێک ئارام بۆوە، بەڵام دیار بوو بە جۆرێکی نەتەوەیی چاو لەو کوردانە دەکەن کە دانیشتووی «میاندواو»ن. هەرچەند لەوێ لە باری ماڵییەوە زۆر سەرکەوتم بەڵام کە دیتم بە هۆی ئەو هەموو گۆڕانکارییە لە باری سیاسییەوە لە وڵات هێندێک لە بیر چوومەوە، لە لایەکی دیکەوە عیشقی سابڵاغ و هاودەمیی هاواڵان و هاوفکرانی زەمانی پێشووم بەتایبەتی هاوڕێتەتی و برایەتیی برای بەڕێزم «مام هێمن» لەو سەردەمەدا وای کرد ئەوێم بەجێ هێشت و چوومەوە سابڵاغ و «عەزیز»ی کوڕم کە لە میاندواو شەشی ئیبتیدایی یان باشترە بڵێین سەرەتایی دوایی پێهێنابوو، لە سابڵاغیش دیپلۆم یان پۆلی ناوەندی تەواو کرد. زۆر جار لە مەدرەسە کە لە تەمەنی منداڵیا دەیخوێند، لە بابەت ئاکارەکانی نێو ماڵ و چۆنیەتیی دەرس‌خوێندن پرسیاریان لێ‌دەکردم، منیش هەر جارە بە چەشنێک وەڵامم بۆ دەنووسینەوە، بۆ وێنە بۆم نووسین:

فرزند من عزیز است، بـا ادب و تمیز است      مایل به کسب دانش، دیندار و صبح‌خیز است

سابڵاغم زۆر بە دڵ بوو، شارێکی خاوێن و خەڵکێکی باشی لێبوو. مزگەوتەکان بە بانگ و سەڵا و نوێژ و جەماعەت بوون. بازاڕ و شەقامەکانی ئاوەدان و بە تروسکە و بروسکە و خاوێنییان لێ‌دەباری، بەتایبەت کاتێک کە بەشی زۆری شار لە بنەڕەت‌ڕا هەڵوەشا و سەرلەنوی بە بارودۆخێکی باشتر و ڕێک‌وپێکتر ڕۆنراو و گۆڕی

«مەلاجامی» کرا بە مەیدانێکی پان و بەرین و قەبرستان و ئاتەگی داشامەجین لە جیاتی ناخی مردووەکان، زیندووەکان لە دووقات و سێ قات تێیدا خزان.

بەڵێ سابڵاغ خۆش و خاوێن بوو. لە بەر یەک ڕەوییەوە و گەورە بۆوە، بەڵام بەداخەوە دیسان من چووکە بوومەوە و هاتمەوە سەر حوللەمەرەسی. منداڵ لە دەوروبەرم ڕیز بوون و ماڵم هەمیشە قۆناغ بوو. هەر لەو سەردەمەدا ڕادیۆ مەهاباد دامەزرا و داوای هاوکاریی ئەو ڕادیۆیەم لێ کرا. بڕیاریان دا کە دەبێ بە ڕژیم هەڵبڵێم و پەشیمانی لە ڕێبازی پێشووم دەربڕم. ئەو داواکارییە گرانابیەکی زۆری خستە سەر شانم و بۆم قووت نەدرا، ناعیلاج و ناچار سەبەرەوژێر ڕێی جەڵدیانم لە سنووری ئێراق گرتە بەر. نزیک سێ ساڵ کە لەوێم ڕابوارد، زۆرم کوێرەوەری و مەرارەت دیت. ئەمنی هێلکەوڕۆن خۆری هەتاونەدیو، بە سەری پیری، وێڕای دوو کاردارەکانم «خالین» و «ئەحمەد»، کاری فەلەخۆییم دەکرد. ئەوان مەڵەغانیان دەکێشا و ئەمنیش درمغم لە دوا دەکردن و تووتنم دەچەقاند و سەرچنم دەکرد و بەرم دەنا و ئاوم دەداشت و چی و چی. بە سەری پیری بوومە چەقەنەی ئاشی، بەڵام بڕوام پێدەکەی لە لانی هێزی دڵەوە ورەم بەرنەدا و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەگەر لەبەر چەوسانەوە لەشم لاواز دەبوو، گیانم بەهێزتر و هومێدم بە بەزەیی خودا زۆرتر و دڵگەرمتر دەبووم.

من کەسێک نیم کە لە عاسمانێ بکێشم منەتێ و دەمکوت بەڵێ نەبەز سەرکەوتووە. ئەوە بوو کە لە جەڵدیان سووڕەتی پیرۆز و گەورەی «ئەنعام»م دەگەڵ چەند ئایەتێکی دیکە لەبەر کرد کە ئێستاش لەبەرمن و بەستە شێعری «خاکی کوردەواری» و چەند کۆماشێعری دیکەشم هۆندنەوە و وەکوو بیستوومە پەسندی هونەرمەندە بەڕێزەکان دەرچوون، مەگەر یەکێک لە کۆنە دۆستەکانم کە گۆیا کوتوویە، خاڵەمین لەو بەستەدا مانای فیدای قافییە کردووە و ئەمن لێم ڕوونە ئەو زاراوەی (مانا فیدای قافییە)ی لە خەڵک بیستووە، خۆشیی لێی هاتووە و منیشی لە هەموو کەس بە دەمپەڵۆتر دیوەتەوە و جا لە گورچووی قایم کردووم. هەر بۆیە دەزانم و تێیگەیشتووم، نەیوێرا قامک لە سەر شێعر یا سەربەندێک دابنێ و سووری



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

کاتەوە و بفەرمێ ئەوەیە بەڵگەی بیر و ڕای من. جا خوا بکەم ئەو وا دوورناس بێ با من دز بم.

منداڵەکانم لە جەڵدیان بەرە بەرە هەراش و فەڕاش بوون و ناوەندیشی لێنەبوو و بڕێکیش لە باری سیاسییەوە هێمنایەتی پەیدا ببۆوە و لە بیر چووبوومەوە، جا دەبا ئەو جاریش پەڕ بۆ لایەک هەڵاوێم و قەلفڕێکی بۆ بکەم. میاندواو و سابڵاغ قوونەکەو کراون و گەڕانەوە بۆ ئەوانە بێمەزەییە. خۆش و ناخۆش بامداوە بۆ نەغەدە، ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی. لە ماشێنەکەدا دەستم بەرەو عاسمان بەرز کردەوە و پاڕامەوە: «خودایە دوایین کۆچ بێ و چێدیم لێرەولەوێ نەدەی». سپاسم بۆ خودا تا ئێستا کە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوییە، ئەو نزایەم لێ وەرگیراوە.

دیسان دووکانێکم گرت و خەریکی کاروکاسپی خۆم بووم. لەو ماوەیەدا کە لە نەغەدە مامەوە عەزیزم پزیشکیی تێکڕای (گشتی) لە حەوت ساڵدا و تایبەتیی لە چوار ساڵدا تەواو کرد و ئەوانی دیشم هەر یەکەی بەش بە لیهاتوویی خۆیان بە دیپلۆم و سەردیپلۆم هەڵچوون و داودامەزراو بوون.

ئەوجار لە خۆم دەپرسی بەداخەوە ڕۆژی لەدایکبوونم نەنووسراوە، بەڵام بە حیسێبی ماڵە دایەنم «پوور ڕیحان» و دوو کوڕی «سۆفی عەولا» و «حاجی دەروێش»ی بۆکانی کە برای شیری و خۆشەویستی منن، وەفاتی «شێخ بورهان» کە ١٣٢٨ی کۆچی مانگی ڕووی داوە، ساڵی لە دایکبوونی منە. لە ڕووی ئەو ژمارەیە تەمەنی من دەبێتە ٧٨ ساڵ، ئێستاش لە ڕەحمەتی خوداوە چاوم لە شەویشدا بێ چاویلکە دەخوێنێتەوە و مانگی یەکشەوە دەبینم و گوێم بە بێ «بیسەک» (سەمعەک) دەبیسێ و ددانم بەشی زۆری ساغن و هی خۆمن و جاروبارەش بە بۆنەی ڕووداوێک شێعر دەهۆنمەوە. جا وەک لە لاپەڕەکان و نووسین و بەسەرهاتەکەدا بۆت ڕوون بۆوە، بە درێژایی ژیانم کارم کردووە و بە هۆی باهۆی خۆم بەڕێ چووم و جارجارە بە بژیوێکی کەم‌وکووڕ و هێندێکیش جار بە تێروتەسەلی. مەبەستم لەو وتارەش پێهەڵگوتنی خۆم نییە، بەشکوو بەو هیوایەم درکاند کە هاونیشتمانە بەڕێز و خۆشەویستەکانمان وشیار ببنەوە و بزانن کە چەرخ سووڕاوە و بەشی زۆری خەڵک



تایبەت‌ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

چاویان کراوەتەوە و ڕاستی و لاری، چاکە و چەپەڵ لێک جیا دەکەنەوە. مفتەخۆری و خۆسەپاندن بە سەر خەڵکدا بە هەر بابەت و لە هەر ڕێ و شوێنێک بێ، نەنگ و شوورەییە و باوی نەماوە ئەگەر تانووت لە خۆت دەدەی و دوو سێ چەل بە تاقی دەکەیەوە بۆت دەردەکەوێ کوللێرە جۆیەک لە بەرهەمی خۆت دەست کەوێ، لە گۆشتە برژیوی قەلەموونەیەک بەتامترە کە بە تەڵەکە یان چاوبەستی یان بە زۆرداری دەگیری خەی. هیوادارم بە برایەکی خێرخوای خۆتانم دانێن و بەم وتارە لێم ڕیچ و کرژ و مۆن نەبن.

لام وایە ئەوەی پێویست بوو کوترا و نووسرا، کە وا بوو لە وە زیاتر سەرتان نایەسێنم.



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

## بەرنامەی ڕادیۆیی شاری مەهاباد

ئەمن نێوم «خاڵەمین»ـە. کوڕی «حاجی شێخ مستەفا»ی کۆکەم. ساڵی زایین یا تاریخی تەووەللودم ١٢٨٤ی هەتاوییە. بەشی زیاتر لە خزمەت ئوستاد «تورجانیزادە» بووم. ئەمن خۆم بە شاعیر نازانم بەڵام شێعرم پێخۆشە و جاروباریش ئەگەر مەبەستێکی هەستبزوێن هاتبێتە پێش، منیش هاتوومە سەر زەوق و بەیتوباوێکم بە کوردی و کەمو کووڕی ڕێکخستووە و زیاتریش لە بارەی میللی و ئامۆژگاری و ئایینیمدا نووسیوە. دیارە شاعیری بەرز و بەڕێزمان زۆرن، بەڵام لە نێویاندا وەشوێنکەوتنی «نالی» و «حاجی قادری کۆییم» پێخۆشە «وەکی بۆخۆی یەکەمین مامۆستای «مەلا کەریمی گراوی» بووە. لە مامۆستاکانی دیکە بێجگە لە «مەلا ئەحمەدی تورجانیزادە»، «مەلا عومەری ڕەئیس» بووە کە لە بۆکان و لە مەهاباد لە مزگەوتی «مەلا حوسێنی مەجدی» دەرسی خوێندووە.» برا بەڕێزەکانم، ڕۆڵە خۆشەویستەکانم، وەبگرم ئێوە هەیئەتی سەدا و سیمای مەهابادن، زۆر بەخێرێن و سەرچاوم هاتن. ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە نەوروز نیزیکە سەرێکوو لێرە هەڵێناوە، بەشکوو چەپکەگوڵێک، قسێکی شیرن، دەست و دیارییەک لەگەڵ خۆ بەرنەوە و بۆ خوشک و براکانی بڵاو بکەنەوە و کەلکی لێ وەرگرن. لەو بابەتەوە ئەمن ڕێزتان لێدەگرم و قەدردانیتان لێدەکەم کە بۆ هەموو شوێنێک دەچن و خۆتان تووشی کوێرەوەری و مەرارەت دەکەن تا بتوانن خزمەتێکی گرینگ بە گەلەکەتان بکەن و بە خەڵک ڕابگەیەنن. بەڵام بەداخەوە لێرە ئەو مەبەستەتان بۆ پێک نایە. لە جیاتی گوڵ و گەزیزە و ئاڵەکۆک و دیارییەکانی دیکەی نەوروز، دڕکوداڵ و چەتوچاڵ لە گۆڕێدایە. بەڵام دیسانیش لام وایە هێشتنەوەی ئەو قسە بێ بایيانە لە تووڕدانو هەڵڕشتنیان باشتر بێ. بۆ ئەوەی لە ڕێزی قسە خۆش و باشەکان دابنرێن تا دزێوی و تاڵیی بەشی من، شیرنی و جوانی ئەوانی دی بە جوانی ڕابێنن.

بەڵێ فەرمووتان بە بۆنەی نەوروز باسێک لە بەهار بکەین. ئەو بەهارەی کە خودای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا زیاتر لە پەنجا شێست جێدا لێی دوواوە و بە هۆی بەرهەم کردنی ئەو وەختە، زیندوو کردنەوەی دوای مەرگ و ڕۆژی دوایی بۆ ئێمە

ڕوون کردووەتەوە کە فەرموویەتی: «هەروەک ئەوەی زەوی مردوو بە هۆی باران و تەڕوتووشی زیندوو دەکەمەوە، هەروەها ئێوەش پاش مردن گیانوو وەبەر دەنێمەوە بۆ کارەساتێک کە خۆی دەزانی» ئینجا بە هومێدی ئەوەی کە شاعیرە گەنج و بەڕێز و جوان و کوردیتاشەکان نەمانخەنە بەر تەوس و پلار و هەزار و یەک شوورەییمان بۆ ڕێک نەخەن کە ئەو وشە تورکییە و هۆوە عارەبییە یا فارسییە، ئەوی دیکەیان تێکەڵاوە.

ئەرێ ئەو شاعیرە بۆ کوفرە لە لای — گەر بڵێم جارێ بە نیشتمانێ وەتەن
تا بڵێن خەڵکی ئەتۆش مامۆستای — ئافەرین حەودەس ئاقتاوە و لەگەن

بەڵێ بەهار کاتێکە عەرزی مردوو زیندوو دەکاتەوە:

گوڵ و موڵان دەپشکوێنێ — ڕەنگی جوراوجۆر دەنوێنێ
کانی ویشک دەجمێنێ — کۆتر جووت دەبێ و دەگمێنێ
جریوە جریوی چۆلەکانە — قارەی سیبیە و پۆلەکانە
مالاتی وە سەما دەخا — کوڕ و کیژ وە تەما دەخا
هەر چەند بڵێی هەوا خۆشە — لە سەر کانیان نۆشاونۆشە
لە زەنوێران هەڵپەڕینە — بە بڕۆیان تێکڕاخورینە
ئەوەی نەتدیوە دەیبینی — هەر شادییە و خۆنوێنی
ئالەکۆک سەر وەدەر دەنێ — گەزیزە پێی پێدەکەنێ
تەیر لە گەرمێن دێنەوە — لە چۆمەلان دەسێنەوە
ئاوهەڵدێر گوێیان کەڕ دەکا — ئی هێدیش فێری شەڕ دەکا
خوناوە نم نم دەبارێ — باسی شەڕ هەر مەکە جارێ
جار جار ئەگەرچی شەڕ خێرە — تا زووی تەواو بکەی دێرە
شەماڵ بە هەڵمەت هاتەوە — داران ئاوس دەکاتەوە
کێوی لە کولێنان سەر کەوتن — گۆپاڵیان لە خیز دەرکەوتن
بولبول دڵی چڵان دەدا — دڵی بە چەند گوڵان بدا؟!
زەردەی تاوێ بۆ وا جوانە — لە سەر پەلکی ئەو گوڵانە
ڕێواس و کارگ و کەنێرە — شەوبۆ و وەنەوشە و شالێرە
هەڵز و مەندۆک و بیزایە — بیزا وەک بەژنی زیبایە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

له سەر شینکە و سەر پەلکی گوڵ ئاونگ کەوتوە زەنگوڵ زەنگوڵ
بۆنی تێکەڵاوی گوڵان زیندوو دەکاتەوە دڵان
ڕەپستە کەرویشکەی دەکا ماڵات تازە چێشکەی دەکا
زیرەیهەڵۆ و قاسپەی کەوێ دێتە بەرگوێ لێر و لەوێ
بە تۆڕە کەو بە دەزگاوە بۆو بەستەزمانەی داناوە
جارجارەش لە چیا و لە ڕازان ڕاو دەکا شمقار و بازان
یاخودا تۆڕت لێ بەرباد بێ هەرچی گرتووتە ئازاد بێ
دیوتە زەویش چۆن دەجمێ بە هۆی بارانە و نم نمێ
هەرچی تێیدا سەر دەردێنێ خۆی بە دنیایە دەنوێنێ
لە گرتووخانەی خاکی ڕەش دێتە دەرێ پاراو و گەش
بەهار گشتی ئازادییە ئازادی خودادادییە
بە فەرمانی خودای گەورە بایە و تێراخوری هەورە
بۆ هەر جێگا مەیلی بێنێ بە کشتوکاڵدا دەرشێنێ
ئەو چیمەنە چەندە جوانە ئاخ گیان لە سەر سوێی ژیانە
زەوی وەک بەهەشت خەملاوە پیر چی لێ بکا، داتولاوە!
پەسنی بەهار نایە دوایی بۆ خۆ ماندوو کەم خۆڕایی
بەڵێ لە باسی بەهارێ جارێ لادەین با بباری
چون وەک گومێکی بێ بنە ئەوەی چ نا شێعری منە
پەرتووک و نووسراوان بێنە هەزاران شێعری بێ وێنە
پێیهەڵگوتراوە و نووسراوە من چیم گاوانێک لە دواوە

بەڵێ هەرچی بیڵێین هەزار جار گوتراوە و ئەوەی ئێستەش دەیڵێین هەر دووپاتە و چەند پاتەیە، جا ئەگەر وابوو ئەتۆش:

شوورەییم لێمەکە و بە من بێژە هەرچی دەینووسی گشتی کاوێژە
ئەوجار بزانین بۆ نەورۆز چ کارێکە باش و پیرۆز
هەر سەیرانە لە چیمەنان چاو لەوەڕان لە دیمەنان
با فریوی خۆیی نەدەین تەمەن بە فیرۆیی نەدەین
تا هەل هەیە و تەمەن هەیە لە گیرفاندا تمەن هەیە



تایبەت ترین تۆڕی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

نەورۆزە و دوای ڕێبەندانە
ڕۆژ ڕۆژی خێرومەندانە

دەستیان بچێتە باخەڵان
بۆ داماوانی کۆمەڵانە

وە زاقوزۆق خوا منداڵان
جێ نەمێنن لە ئاوەڵان

گەلێ برسی و دەستەکەتەسەل
با ڕۆژێک وەک یەک بن بەگەل

بەڵام ڕۆژێک لە ساڵێدا
بشھێننە دەر لە چاڵێدا

سبەینێ ھەر ھەمان باسە
برسی و سەرڕووت و پێخواسە

خۆزگە ڕۆژی تەواوی ساڵ
ئاتاج نەھێڵنەوە یەک ماڵ

ئەو ئاواتە یەکجار پاکە
ئەگەر بیکەن خوا پێی چاکە

بەڵام بۆ کەنگێ دێتە جێ
ئەرێ حەج دێتە پشت لەجێ؟

گەرمێن دوورە بۆ فەقیری
سەر ملیە لاقایشی نیری

حاجیاغا لە سەر من شێرە
چی دیکەی بۆ ناکەم گێرە

ھەتا گەنگێم ژێرچەپۆکە
بۆ من ڕووتم ھەر ئەو کۆکە

ھەقێک بڵێم لە نێو بیستە
دەڵێن کافرە و کمۆنیستە

بەڵام قسەی ھی خۆم نییە
ئاواتی ماڵی تۆم نییە

قۆرئان لاگری بێپەنایە
بیخوێنە دابزانی وایە

ڕۆژی زانست و خوێندنە
ھەڵسووران و کارکردنە

مەلێ دونیا قوونەکەوە
یا تەمبەڵی و خواردن و خەوە

قۆڵت ھەڵماڵە لە کارێ
بە تۆڵەی پار و پێرارێ

زانستگایە تەواو بکە
بەو ئاوە گیان شەواو بکە

چی دی سەرت نایەشێنم
بەو دوو بیتووکەت دەدوێنم

پشتی کار و ھومێد بە خوا
وەبزانە چاندووتە و ڕووا

بەھرەی وەردەگرین زوو بەزوو
زۆر زوو دەگەین بە ئارەزوو

جا ئەوجار کاتی وەی گەیوە کە دەست ھەڵبێنین و لە خوای مەزن بەو جۆرەی کە ئێستێ پێشکەش دەکرێ بپاڕێینەوە و بڵێین بۆ خاتری ئەو توانایە و زانایەت کە ئەو کاتە گیانبەخشەت پێ بەرھەم کردووە، ئەو پاڕانەوە و لالانەوەی کە بە دەرگای خودایەتیت دەگەیەنین لێمان قبووڵ کە:



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

خودا لێت دەپاڕێمەوە / یاریمدە دەگەڕێمەوە
دەنا قوڕێ دەکەم وەسەر / ڕووی خۆم بکەمە کێهە دەر
هەر دەرکی تۆ پەنای مەیە / هەر ئەڵڵایە خودای مەیە
موحەممەدت پێغەمبەرە / بۆ جن و عیسان (ئینسان) ڕابەرە
قورئانە ڕێ‌نیشاندەرم / لە پێناوی دەنێم سەرم
بە گیان و دڵ پەشیمانم / ئارامێ بخەیە گیانم
ڕووت و ڕەجاڵ و بێبەشم / گوناهبار و چارەڕەشم
هەرچی کردوومە دەیزانی / لە ئاشکرا لە پەنهانی
لە بەزەتن بێبەش مەکە / شەیتانمان پێ خۆش مەکە
لە دونیایە و لە قیامەتێ / ڕوحمێک بە حالێ ئوممەتێ

وا باشە ئەوجار لاپەڕە وەرگیڕین و هەوای بەندوباو بگۆڕین و بچینە سەر بار و وەزنێکی دیکە و لە شێعر کە هەر لە سەر یەک تم‌تمە نەسووڕێ؛ تا گوێگرەکانمان وەڕەز نەبن و با بیر و مێشکیان بزرینگێتەوە و باشتر لە وتارەکانمان کەلک وەربگرن وەک ئەو بەستە کە بۆو دەخوێنمەو:

چییە ئەو دیمەنە جوانەی لە شاخان / من و تۆ و بولبولی مەست کردووە؟ گوڵ
دەڵێن خوێنی شەهیدە کەوتە ژێر خاک / لە بن گڵ بوو بە گوڵ کەوتۆتە سەر چڵ
دەبەر ئەو لاوە دەمرم جوانە جوامێر / لە وەختی ترس و لەرزا خۆی نەکا سڵ
بە شەرم و شوورەیی بێ و خۆنەدۆڕێن / بە دەست و مست لە کاتی خۆی قەوی دڵ
بە دەرد ناخوا ئەگەر خۆهەڵمسێن بێ / قسەی خۆش بێ وەکوو هەڵوا بەڵام فڵ
ئەوی بە ڕواڵەتی جوانە و دڵی نا / لە لای من وەک شەمامێکە بەڵام بڵ
نەبینە میللەتی خۆخۆر و قوڵ قوڵ / هەموو دەرچین بە ساغی با لە یەک کڵ
فیداتم کوردستان ئەی نیشتمانم / ئەتۆی بۆ ڕۆڵەکانت ئاوی و گڵ
لە دەستی دۆستان چەپکی گوڵانە / لە چاوی دژ دڕوو بۆ پێیە پێکوڵ

براگیان من دڵی ئێوەم نەشکاند، شێعرم بۆ خوێندنەوە، بەڵام من خۆم باش دەناسم، شێعر کاری من نییە. بەڵێ شاعیرە گەورەکان و مامۆستاکان هەرچەندی بڵێن و بنووسن جێی خۆیەتی و بۆ گەلەکەیان دەبنە ڕابەر – ئەگەر ئەوانیش بەو مەبەستە بنووسن–.



Designed by: Emin Şabazi

خۆزگە بوێژ و کەم‌مایەکانی دیش وەک منیان خۆ ناسیبا و دەستیان لەو کارە بێ‌پیت و چەتوونە هەڵگرتبا. ئەگەر ڕاستت دەوێ ئەوەندەی ئەمن بیرم لە بار و ڕیزی سەربەندان یانی وەزن و قافییە کردووەتەوە، نیوەی ئەوەم بیر لە شیمی و فیزیک و شتی بەکەلکی دی کردباوە ئێستە قەمەر و مووشەکی وام دروست دەکرد ئەمریکا بە بابەلبابییەوە مردبا نەیتوانیبا ڕوو لە عاسمانی تەبەت یا هیچ شوێنێکی دیکە بکا، تایبەت دە هەل‌ومەرجی ئەوڕۆدا شاعیر دەبێ هەر دەمەی بە هەوایەک هەڵپەڕێ و سەمایە بکا و تاوێکی دی داپەڕێ و تەمایە بکا.

شاعیر ئەوڕۆکە وەکوو دایکی دزە     جاری سینگ‌خۆرە چەلێ سینەزەنێ
ئەرێ لە کوێیە سەلاحەددینێک     ڕەگی دووڕوویی لەبن هەڵبکەنێ
هەردەمێ یارێ دەبێ بگرێ لە دڵ     شەوێ بۆی بگرێ بە ڕۆژ پێی‌بکەنێ

بە کورتیت پێ بڵێم شێعر زۆر باش و بەجێیە بەڵام نەک هەمووی و نەک ئی هەموو کەس:

شێعر وا باشە وەک ئاوی ڕەوان بێ     لە مانادا وەکوو ماچی شاون بێ
قسەی پیاوانە پیاوان ڕابەرێ‌کا     نە هەر باسی جووانی و جێژوان بێ
شێعر وا باشە بەرز و گەل‌پەسند بێ     نە هەر بۆ دەستەیەک یا بۆ دوان بێ
وەبەر تەوس و پلار دا پیاوی دزگەل     ئەگەر ئەو پیاوە شابێ یا شوان بێ
ژن و پیاوێکی بۆ گەل تێدەکۆشێ     بکا تاریفی ناحەز یا جوان بێ
خەساری بۆ دەکەی ئەو گەوهەرانە     لە کابرایەکی خوێڕی یا لە وان بێ
خودا پێی خۆشە شاعیر زۆر بەدین بێ     مسوڵمان و بەهەست بی و لێدوان بێ

براگیان ڕوونە ئەنگۆی بەڕێز لە کۆبوونەوەی مەولەوی خوێندنەوەدا بەشداریو کردووە. کاتێک مامۆستای مەولەوی‌خوێن ماندوو دەبێ و پشووی لێ سوار دەبێ، سەر هەڵدەبڕێ و دەفەرمێ: لەم فەسڵەدا ئەم شێعرانەیان دەخوێندەوە: ئێمەش بەجێیە بیڵێین لەو کاتەدا چایان دەخواردەوە و وچانێک بدەین.

بەڵێ ئەوە چاش خوراوە، بێنەوە سەر باس و خواسەکەی خۆمان. براکانم ئێوە دەبێ وا بیر نەکەنەوە کە جێژنی نەورۆز هەر بریتییە لە خوێندنەوەی شێعر و پێداهەڵگوتنی کەژ و بەژ و دەشت و کێو و گۆڵ و بولبول، بەشکە دەستەیەکیش لە



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

خاوخێزن و پیر و جوان ڕادیۆکەیان لە پێش خۆ ڕۆناوە کە ئێوەی زۆر بەڕێز بە بۆنەی نەورۆز چەند باسێکی خۆش، کاروانێک لە مەتەڵۆکی چووکە چووکە، بەڵام دڵبزوێن و نەشەبەخش و گرشەهێن و خەمڕەوێنیان بۆ بخوێنینەوە، لە ئاڵۆزپلۆز خۆ بدزنەوە و سەرگەرمییەکی بۆ خۆیان پێک بێنن. جا بۆ گەپ و گاڵتەی بە ساکاری:

کابرایەک چووە لای مەلا و گوتی ماموستا هاتوومە خزمەتت سێسەد تمەنم بدەیەی بە وادەی سێ مانگ، دەبێ هەر بشمدەیەی زۆر پێداویستم، کوتی بە چاوان، بەڵام ئەمن دوو شتم بە جارێک لە دەست نایە، سێ مانگەکەت مۆڵەت دەدەم بەڵام سێ سەد تمەنەکەم پێ نادرێ.

ڕۆژێک لە مزگەوت نوێژمان دەکرد. کابرایەک لە تەنیشتم بە خێچوخواری ڕاوەستابوو. گوتم براگیان بڕێک ڕاست بە. کەمێک بزووت و خوارتر بوو. گوتم ئەو لاقەت بێنە پێشێ، ئەوی دیو بەرە دواوە. دیسان خوارتر بوو. سەرم بردە بن گوێی گوتم بڕۆ شوکرێ بکە هەر دوو لاقت بوون، ئەگەر چوار بان هەر بۆت جێبەجێ نەدەبوون.

کاک سەید ڕەشیدی خانەقایە بەناوبانگە هەموو بیستووتانە، خوا لێی خۆش بێ، لەگەڵ ئاغایەکی مریدی خانەقا کە بڕێکیش نانخۆشەویست بووە، شۆخییەکی لەگەڵ دادەمەزرێنێ کە جارێکی بانگمان بکە و کفتەیەکمان بدەیە. وا هەڵدەکەوێ لە گەڕانەوەی سەفەرێکدا ڕێی دەکەوێتەماڵی ئاغا و کفتە دەخورێ. دوای دوو سێ ساڵ جەفەنگەکە ساز دەکاتەوە و دەڵێ ئاخر کفتێکمان بدەیە. دەڵێ قوربان نەتخوارد؟ دەڵێ کەنگی؟ نیونیشانی زۆری بۆ هەڵدەدا و کاک سەید بڕێک مات دەمێنێ و کە پاشان سەر هەڵدەبڕێ و دەڵێ، سوبحانەڵڵا لە حافزەی تو و لە سپڵەیی من.

کابرایەک مۆران هەڵدەکەنێ حەرفی بە قڕانێک. کابرایەکی زۆر حیسابگەر ئەوەی کە دەڵێن لە هووی مووی دەکاتەوە دەچێتە لای و دەڵێ مۆرێکم بۆ هەڵکەنە بە نێوی خس. دەڵێ برا ئەوە نێو نییە، لام وایە زڕدایکت ئەوەی بۆ هەڵبژاردووی. دەڵێ تۆ کارت نەبێ هەڵیکەنە و پووڵت وەرگرە. بەڵێ خێ و سینەکەی هەڵدەکەنێ و جا دەڵێ نوختەی خێیەکە هەقی خۆمە بۆم دەنێو ماڵی سینەکەی بنێ. کابرای



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

مۆرهەڵکەن دیتی حەسەنی سێ حەرفی پێهەڵکەندووە بەڵام بە دوو قڕان. ئەوجار گەپ و گاڵتە بە بەیت‌وباو.

کابرایەک هەڕەشەی لی کردبووم و گوتبووی ئەگەر خاڵە لێم نەبێتەوە وەک گای دە جووتی دەکەم، یانی جێی بڵیندە نەوی دەکەم، پەستی دەکەم. ئەمنیش ئەم چوارخشتەکییەم بۆ نارد:

بیستم گوتووتە خاڵم ئەگەر بێتوو نەسرەوێ
هێندەی نەوی دەکەم ملی بۆ جووتی دانەوێ

خۆ من بە پێچەوانە لە جیاتی نەویت بکەم
هێندەت بڵیند دەکەم تەرەغەت لێوەدەرکەوێ

هەر ئەو کاک سەید ڕەشیدە بە مەلا مارفەشەلە دەڵێ، مەلا مارف کوێخای خانەقایە بوو و نان و پێخۆری بۆ میوانان و نیشتەجێیان بردووە، کوڕێکی مێرمنداڵی بێ تووکیش کۆمەگی کردووە و شتی بۆ هەڵگرتووە. مەلاش لەگەڵ کاک سەید دڵئێشی بووە نازانم لەسەر چی، نانی درەنگ بۆ بردووە، کاک سەید دەرفەتی هێناوە و بۆی نووسیوە:

ئەتو سستی ڕەفیقت ئەسپی خۆشدەو    ئەتۆ بێداری ئەو کەروێشکی خۆشخەو
وەزیفەم جیرەنانێکە بە گەرمی    ئەگەر زوو پێم نەدەی تۆ، دەچمە زگ ئەو

مەلا مارف تووڕە دەبێ و هەڕەشە لە کاک سەید دەکا. کاک سەید دووبارە بۆی دەنووسێ:

ئەرێ مەعرووفی ئەعوەج بیری مەکرۆ    وەزیفەم جیرەنانێکە بە بێ دۆ
لەوەی تووڕەی گوتوومە دەچمە زگ ئەو    پەشیمانم لە وەی پاش دێمە زگ تۆ

خوالێخۆشبوو حاجی باباغای وەزنێ[10] کووپەیەکی بە ئەمانەتی بۆ ترشیاتی زستانێ بۆ ناردم دەگەڵ ئەو شێعرانە:

---

[10] حاجی باباغای خاوەنی ئاوایی «وەزنێ»ی نێوان «سۆڵدز» و «شنۆ»، کوڕی عەلی بەگی کوڕی خوالێخۆشبوو خەلیل خانە کە یەکێک لە خاوەنانی «سیچانبلاغ»ی نێوان مەهاباد و بۆکان بووە کە



تایبەت‌ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

ئـەوا بـۆم نـاردی کووپـە و نەیشکێنی
ئەگـەر بشـکێنی لێـرە دەمشـکێنن

نـەڵێی حـاجی دەترسێ و خـۆت دەزانـی
ئـەوەی ناشکێ بـە کـەس ژن دەیشکێنن

لـە شـا تـاکوو گـەدا بـۆ ژن کوڵیـوە
لـە ئاغایـان دەدەن سـەیدان دەژێـنن

ئەمنیش وەڵامم بۆ نووسی:

خـودا بـەزیادی کـا ئـەو کووپـە شینە
بـە دیاریـت نـاردبوو بـۆو خاڵەمینـە

کـە فـەرمووبووت ژنـان سـەیدان دەژێـنن
بـە سـەیدان تا دەگـا ئاغـاترێنن

بەڵێ لەمێژە گوتوویانە قسەی خۆش تام و خوێ هی چێشتییە، هیوادارم گوێگرە خۆشەویستەکان پەسندیان کردبێ و وەڕەزیان پێی شکابێ، بەڵام هەتا نێوی چەنە سووکیان بەسەردا نەبڕیوین لاپەڕەی وەرگێڕین و چی دەی لە سەر گەپ و گاڵتە نەدوێین و بە چەند شێعر و نەزیلەی ئایینی کە بۆ بەنی ئادەم لە هەموو کار و مەبەستێکی پێویستتر و گرینگترە دوایی بە وتارەکەمان بێنین:

دەزانـی خواپەرەسـتی چەنـد گرینگـە
کەسـێک بـەو ڕێیـەدا بـڕوا زرینگـە

ئـەمن نایـدەم بـە تـەختی شـای زەمینێ
گڵـی جـێ سـوجدە هـەتوانی برینـێ

خـودات ئـەڵڵا بـێ پێغەمبـەر محەممـەد
ئـەتۆو قورئانبە تـازێر بـەردی ئەلحەد

ئیمامی غەزالی دەڵێ ئەگەر کەسێک بە گومانێکی سستیش پێی وا بێ دین ڕاستە لە سەری پێویستە ڕەنێوی هەر بێنێ، چونکە دوارۆژ بڕانەوەی بۆ نییە، کار لە کار دەترازێ و جا ئەتۆ هەر بڵێ حەمەدم، نە تکاکار و نە پەنا، دەکەویە سەنا و بەنا.

دەڵێن ڕۆژێکی ئیمامی حەنەفی بە تەنتەنە و دەبدەبەیەکی زۆر بە شوێنێکدا دەڕۆیی. جوولەکەیەکی سێبەڕۆدار لە بەر بەڕوچکەیەکی پاییزی و کەمتین خۆی هەڵخستبوو و دەلەرزی. ڕووی لە ئیمام کرد و کوتی: ڕاوەستە، دەڵێن پێغەمبەری ئێوە فەرموویە دونیا دۆزەخی مسوڵمانە و بەهەشتی کافرە، جا بە خێر و شایی ئەوە بۆ من بەهەشتەکەی و بۆ تۆش ئەوە دۆزەخە؟ ئیمام کوتی ئەرێ، ئەو جێیەی کە خوا

---

ناسناویان «بابامیری»یە و لە بەگزادەکانن. پیاوێکی خۆش زەوق و ناسک تەبع بووە و لەگەڵ خاڵەمین موشاعیرە و نامەنووسینیان هەبوو. ناوبراو مزگەوتێکی لە نەغەدە ساز کردووە بە ناوی مزگەوتی «حاجی باباغا» و لە ساڵی ١٣٦٠ لە گوندی وەزنێ وەفاتی کردووە.



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

له ڕۆژی دواییدا بۆ تۆی دیاری کردووه ئێرەت بەهەشتە، ئەو شوێنەی بۆ منیشی داناوە وەکوو بەهەشت بێ، ئێرەم جەهەننەمە.

وەک بڵێن ڕۆژێکی ئیمامی عەلی کەگەڵ بێبڕوایەک وتووێژی دەکرد، هەرچی ئیمام بەڵگەی ویچووی بۆ هێناوە کابرا نەیسەلماند و گوتی هیچ شتێک لە گۆڕێدا نییە و دونیا هەر وا هاتووە و ڕۆیوە و بێبڕانەوە و هەر واش دەبێ. ئەتۆ بە دوو ڕۆژ لەتە نانێک دەخۆی و بە دوو ساڵ کۆنە کراسێکی جاو دەدڕی، بەڵام ئەمن هەتا هەم هەر چاک دەخۆم و باش دەپۆشم. ئیمام لە وەڵامدا گوتی من وەک کردوومە هەر وا دەکەم، ئەتۆش چۆن ڕۆیشتووی هەر وا پێدا بڕۆ، دوای مردن ئەگەر وەک تۆ دەڵێی وا بوو هەر دووک بە مەرگ وەک یەک هاتووینەوە، ئەگەر وەک من دەڵێم وابوو، ئەمن سەرگەوتووم ئەتۆ تێکەوتووی.


ئیدی بە خودام ئەسپاردن.



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

**بنەماڵەی ساداتی بەرزنجی خەلیفی شیخ عەبدورەحمان تالەبانی لە کەرکوک:**

**شیخ ئیسماعیل بەرزنجی لە کوردستانی ئیران:**




لە نفیسینا پیشمەرگە :
سالح مەحمود زوبەیر مەحمود بازرانی
٢٠٠٧

مامی بەڕێز و خۆشەویست جنابی خالە مین بەرزنجی

لە دوای سڵاو و ئیحترامی زۆر.

زۆر شاد بووم بە نامەی پیرۆزتان، هەروەها بە
شیعرە بەڕێزەکەتان بەبۆنەی کۆچی دوایی مام هەژاری
دۆست و برای وەفاداری بارزانی.
زۆرم پێ خۆش بوو ئەو ڕۆژە لە مهاباد بە خزمەت
جنابت گەیشتبام بەڵام ڕۆژێکی وا بوو کە دەرفەت
کەم بوو وقەلەبالغی یەکجار زۆر بوو و ئێمە تقدیری
وەزعی و تەمەنی جنابت دەکەین، لەبەر ئەوە پێویستە
بە خزمەتتان بگەین.
بە ڕاستی تا مادام ئەو هەستە بەرزە پیرۆزەی
برایانی مهابادی و شارەکانی تر لە بیری ناکەم.
شیعرەکەی جنابت لە کۆڕی یادەوەری و لە ئێزگەشتی
بە دەنگی کاک بارزان ملاخالد خوێندراوە.
ئومێدەوارم ڕۆژێک بتوانم بە خزمەتتان شاد ببم.

سڵاوی برایانم بۆ
دکتۆر عەزیز.

٧/٣/١٩٩١ دڵسۆزتان
مسعود بارزانی



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi



مامۆ بەڕێز و خۆشەویستا، جەنابی
خاڵەمین بەرزنجی

لە دوای سڵاو و ئیحترامی زۆر

زۆر شاد بووم بە نامەی پیرۆزتان، هەروەها بە شێعرە بەرزەکەتان بە بۆنەی کۆچی دوایی مام هەژاری دۆست و برای وەفاداری بارزانی.

زۆرم پێ خۆش بوو ئەو ڕۆژە لە مەهاباد بە خزمەت جەنابت گەیشتبام بەڵام ڕۆژێکی وا بوو کە دەرفەت کەم بوو و قەرەباڵغیکی یەکجار زۆر بوو و ئێمە تەقدیری وەزع و تەمەنی جەنابت دەکەین، لە سەر ئێمە پێویستە بە خزمەتتان بگەین.

بەڕاستی تا من ماوم ئەو هەستە بەرز و پیرۆزەی برایانی مەهابادی و شارەکانی تر لە بیر ناکەم.

شێعرەکەی جەنابتان لە کۆڕی ماتەمین و لە ئێزگەشی بە دەنگی کاک بارزان مەلا خالید خوێندراوە.

ئومێدەوارم ڕۆژێک بتوانم بە خزمەتتان شاد بم.

سڵاوی برایانەم بۆ دوکتور عەزیز.

دڵسۆزتان مەسعوود بارزانی
٢/٣/١٩٩١



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# وێنەکان



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi



١. هێمن ٢. ...... ٣. خاڵەمین ٤. هێدی



کوردیکا
تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
Designed by: Emin Şabazi



١. مەلا رەشید قەرەنیزادە ٢. خاڵەمین ٣. حەقیقی




تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi



١. حەقیقی ٢. ئاوات ٣. خاڵەمین ٤. ؟ ٥. ؟




تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi



١- هەژار ٢- خاڵەمین



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi




**خاڵەمین**

من له ڕادەبەدەر کە هەم بەدکار          خۆ بەزەی تۆشە بێ سەر و ئەژمار
خوایە بمکەیتە پاسەوان دوو یار          ثانی اثنین اذهما في‌النار



Designed by: Emin Şabazi





دوکتور سەید عەزیز بەرزنجی



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
Designed by: Emin Şabazi

# دەست خەتی خاڵەمین





بۆ بیرەوەی و نووسینی لە داوێنی وێنەی خۆمدا

ئەی وێنەی ڕەنگ لە ڕوو پەڕیوم
وەی چەپکەگوڵی خەزەڵوەریوم
گوڵ بووم لە پەڕی گوڵم دەدا خۆ
سیسی منە ئێستە یانە هی تۆ؟
ڕەنگزەردی لەبەر گەل و بەبیری
یاخۆ بە تەمەن لەمێژ و پیری؟
تا هەم بە هومێدی ڕوونی چاوم
پسپس لە ملم بێ بەند و داوم
هیوام دووە، یەک بەزەی خودایە
دووهەم کوڕ و کیژی هەڵوەدایە
ئازاد و کوڕانە بچنە شاران
بیرێکی بکەن لە دیلی جاران
خۆشبەختی ڕەبی بنیشێ بۆیان
یادێکی بکەن لە «خاڵ»ی خۆیان

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا

ISBN: 978-600-249-094-0
Designed by: Emin Şabazi